ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

www.zagros.org

فاضل قەرەداغی

ZAGROS WEBSITE




# وەرەوە ماڵ..
# حاجی لەقلەقە خۆشەویستەکەمان

ڕۆمـــان

سلێمـانی

٢٠٠٧- ١٤٢٨

ناوی کتێب: وەرەوە ماڵ.. حاجی لەقلەقە خۆشەویستەکەمان

جۆر: ڕۆمان

ساڵ: ١٤٢٨-٢٠٠٧

ژمارەی چاپکراو: ١٠٠٠

بـــەرگ: نووســـــەر *(وێنــــەی حـــــاجی لەقلەقەکـــــە لـــــە ســــــایتی www.misscompton.co.uk وەرگیراوە)*

ژمارەی سپاردن:٨٢٨-٢٠٠٧

مافەکان هی نووسەرن

ZAGROS WEBSITE

پێشکەش بە

گیانی باوکم و

ژیانی دایکم

دوو نموونەی پاکی و ڕاستگۆیی

## ١

پێدەکەنیٚ و هاوار دەکات:

–هەڵسن درەنگە.. درەنگە.. گوێتان لیٚ نییە؟

بەڵیٚ گوێمان لێیە ئیتر بۆ هاوار دەکەی؟

دەیوت درەنگەو پێدەکەنی. گوێمان لێیەو دەنگی دایکمانە. سەد ساڵە هاوارەکە نەگۆڕاوە.. سەد ساڵ؟! کەواتە سەد ساڵە دەڵیٚ درەنگەو درەنگیش نییە. درەنگە بۆ ئێمە بۆ ئەوان نا. هەموو ڕۆژێك دەیبیستین: هەڵسن! هەڵسن! هەموو ڕۆژێك هەینیو هاوینو پشووەکانی تر نەبیٚ کە مرۆڤەکان عاقڵ دەبنو قوتابخانەکان دادەخەن. گوێمان لە هاوارەکەیە، منو کاکم گوێمان لێیە، نازانم بۆ لانە جیقن، ئەو لە ژوورە جیقنەکەیدایە.

دایە هاواری کردەوەو ئەمجارە وەکو کەسێك کارەبا گرتبێتی لەجێگە ڕاپەڕیم، هەموو جارێك دوای چوارەم هاوار ڕادەپەڕم. لێفەکەم وەکو دووپشك لەسەر خۆم لابرد. چاوێك کراوە.. چاوێك داخراو، دوو قاچیشم بۆ ئاودەست دەمبەن. لەهەموویان زووتر هەڵدەستم، بەڵام لای دایکم یەکێکم لە تەمبەڵەکان. دەبیٚ دوای ئاودەست بەپەلە لە دەستشۆرەکە (لەو ماڵە گەورەیەمان هەر ئەو یەکە ساغەو ئیش دەکات، باوکم بە ساڵێك دەستشۆرێك چاکناکاتەوە) ئەو دەموچاوەم بشۆم کە دایە هەموو جارێك دەڵیٚ ئاگای لیٚ بووە شەو قالۆنچەکان لیستبوویانەوە، دوای دەموچاو شتنیش ناخۆشترین کاری بەیانی بکەم؛ دەمودان شتن. ئەوەی ددان شتنی داهێناوە ڕقی لە خەڵك بووە، بەتایبەتی لە منداڵان.

پەلەکردن لەو ئەرکانە بووەتە خوویەك لەلام، سوپاس بۆ برا گەورەکەم، دەبیٚ ئەوانە بەپەلە بکەم ئەگینا ئەگەر ڕۆژێك بلێم با کەمێکی تر بنووموو کاکم پێش خۆم هەڵسیٚو بچێتە ئاودەست دەبیٚ میز بکەمە باخەکە ئەگەرنەمەویٚ بیکەم بەخۆما.

من هەڵسامو ئیتر کارم بە هاواری دایە نەما. گوێم لێبوو هاوار دەکاتەوە، هەموو ڕۆژێك گوێم لێیە:

–هەڵسە حاجی گیان، هەڵسە.. درەنگە.

حاجی باوکم نییە، حاجی کاکمە. دایە حاجیی زۆر خۆش دەویٚ. دایـە شـێتی حاجییـە. زۆر جـار باوەشـی پیـا دەکاتو ماچی دەکات. پەنجەکانی بۆ دەکاتە شانەو قژی بۆ دادەهێنیٚو پێی دەڵیٚ کچ بوایـە دەیکـردە بـووکێکی جوان.

کاکم هێشتا هەڵنەساوەو دایە هاواری بۆ دەکات.

دایە دەڵیٚ حاجی لە برا تاقانەکەی دەچیٚ کە بە گەنجی مردبوو، کەواتە ئەو خاڵەمان وەکو حاجی باڵابەرزبوو، بڵێم درێژ بوو، دیاریشە وەکو حاجی کەسێکی سەیر بوو چونکە ئەو خاڵەمان تەنیا یەك وێنەی هەبووە ئەویش هی دەموچاوی کە لە هی حاجی دەچیٚ: دەموچاوێکی باریكو درێژ، قژی لەناوەڕاستدا بۆتە دوو بەش، نیو بۆ ڕاست، نیو بۆ چەپ، دوو گوێپیشی بۆ ناوەوە قوپاون وەك نوقلێکی مژیبیٚ.

کاکم هێشتا هەڵنەساوەو دایە هاواری بۆ دەکات.

دایە دەچێتە ژوورەکەی منو حاجیو سووك ڕایدەوەشێنێ، ژوورەکە نا.. حاجی ڕادەوەشێنێ:

—هەڵسە.. با مامۆستا لێت توورە نەبێ.

بەڵام مامۆستا لێی توورە نابێ چونکە دایکم قەت ناهێڵێ دوابکەوێ، واتە ناهێڵێ حاجی دوابکەوێ.

ئالان، ئەمەش ناوی کاکمە، حەڤدە ساڵانە (من دوانزە ساڵم.. ئەوەم وتبوو؟)و شێوەیەکی تایبەتیی هەیەو لە ئێمە ناچێ. باڵای بەرزە، نەختێر درێژە (ئەوەیانم وت)، هێندەش لاوازە دوو دەستو دوو قاچی لە قامیش دەچن. سکیشی بەپشتییەوە نووساوە. کاکە هێندە درێژو باریکە ناومان نابوو حاجی لەقلەق. لەبەرئەوەش کە ئەو ناوەی پێ ناخۆش نەبوو، ناوەکە بەسەریدا دابڕاو دایەو بابە پێیان دەوت حاجی لەقلەقەکەمان. منو لانەش، خوشکە بچووکەکەمان، هەر پێمان دەوت حاجی لەقلەق، بەڵام من نەمدەزانی چ شتێکی جوان لەو برا درێژەماندا هەیە کە وا لە دایە دەکات وا خۆشی بوێ... ژنان شتی سەیریان هەیە.

لەکۆتاییدا حاجی هەڵساو بە دوو چاوی داخراوەوە بەدەم قاچ خشاندن لە زەویی ژوورەکە بەرەو میزکردن ڕۆشت. من هەموو شتێکم تەواو کردبوو و لە مەتبەخ لەگەڵ باوکم نانی بەیانیم دەخوارد. باوکم میزی کردووە؟ لەوە ناچێ.

ویستم درۆیەك بۆ باوکم هەڵبەستم. پێم وت:

—بە دایە دەڵێم بابە دووەم جارێتی نانی بەیانی بخوات.

تومەز ڕاست بوو. خەریك بوو قوتووە بیرەکە بنێ بەدەمییەوە، خێرا ئاوڕی بۆ دامەوە:

—وس!.. وس!

حاجی لەبەردەم دەرگای مەتبەخ تێپەڕیو وەکو هەموو ڕۆژێك بینیمان لەگەڵ ڕۆشتنی دوو ئەژنۆی دەنوشتانەوە. کاکە ئالان کاتی تر کە دەڕوات دوو ئەژنۆی دەنوشتێنەوەو ئەمە زیاتر وای لێدەکات لە حاجی لەقلەق بچێو ئەمە خەفەتم دەداتێ، کاتێکیش تازە لە خەو هەڵدەسێ دوو قاچی زۆرتر دەنوشتێنەوەو ئەوە دەمخاتە پێکەنین.

ئالان بەهرەی لەوەش زیاتری هەیە. کاتێك قسە دەکات قسەکانی خاو لە دەمی دەردەچنو وەکو کەسێکی لێ دێ بەخاوی بڵێ: ((وا.. وا.. وا)). ئەمە کاتی تر، بەڵام کە لە خەو هەڵدەسێو تا دەچێتە دەرەوە قسەکردنی شتێکە ناتوانی باسی بکەی، زۆر خاوتر، لەزۆربەی قسەکانیشی تێناگەی.

هێشتا ماوە بۆ قوتابخانە، منیش لەگەڵ بابە لە مەتبەخ ماومەتەوەو بۆ ئەوەی خۆم لەو ئامۆژگارییانەی دایە دووربخەمەوە کە دیوارەکان دەبڕنو دەیدەن لە گوێم خۆم خەریکی وانەکانی دوێنێ کرد گوایە پیایاندا دەچمەوە، لەڕاستیدا وانەکانی دوو هەفتەی لەمەو پێش بوونو تەنها چاوم دەیبینین، چاویشم نەیدەبینین، بیرم لە بەڵێنەکەی (هێما)ی هاوڕێم دەکردەوە کە ئەمڕۆ مۆبایلەکەی مامی بۆ یەك ڕۆژ دەدزێو پیشانمانی دەدا.. بەفشەی ئەو مۆبایلی وا لە شاردا نییە، هەرچەندیشە دەزانم فشە دەکات بەڵام خۆم دەخەڵەتاندو دوعام بۆ هێما دەکرد بتوانێ ئەو مۆبایلە سەیرەی مامی بدزێ.

دایە لانەی دوای هەمووکان خەبەر کردەوە، دایە لانە دوای هەمووکان خەبەر دەکاتەوە. وەکو هەموو بەیانییەکیش لانە بەگریانەوە هەڵسا. ئەمساڵ یەکەم ساڵی قوتابخانەیەتی، قژی کراوە بە دوو کلکی لای ڕاستو لای

چەپو دوو کلکەکە بە قردێلەی سپی بەستراون، ئەو تەمبەڵە شەو بە قردێلەی مەکتەب نوستبوو. لانە بەدەما دەنوست؛ قۆڵێکی دەنوشتانەوەو ئەوەی تری درێژ دەکردەوە، دوو قاچیشی هەروا؛ یەکێك نوشتاوەتەوەوئەوەی تر درێژکراوەتەوە.. بەکورتی لە بۆقێك دەچوو مەلە دەکات، جێگەکەی ژێریشی هێندە دەشێواند واتدەزانی بە قایمی مەلەی کردووە نەوەکو بخنکێ.

لانە دەمی وەکو دەڕابەی کراوەی دوکانێك کردبووەوەو دەگریا. بە دەمی کراوەیو دەموچاوی ئاوساوی لە بۆق دەچوو. بەگریانەوە هاتە لامان بۆ مەتبەخ:

–بابە... بابە...

بۆ لای باوکم چوو تا باوەش بەناوقەدی ئەو باوکەی بکاتو بەگریان سکاڵای زوڵمی خەبەرکردنەوەی لا بکات، بەلامدا تێپەڕیو بەسووکی کلکێکی قژیم بۆ خوارەوە ڕاکێشا، قایمتر گریا:

–بابە... بابە... توانا لێی دام.

باوکم دەستی گرتو بردی بۆ دایکی میزی پێبکاتو دەموچاوی بۆ بشوات.

هەموو فێرین نان بخۆین پاشان خۆمان بگۆڕین، بەڵام خۆگۆڕینی حاجی پێش نانخواردنی بوو. حاجی میزکردنو دەموچاو و ددان شتنی تەواو کردو وا دایکی ئێستا سەرپەرشتیی خۆگۆڕینی دەکات. گوێمان لێیە چیی پێ دەڵێ:

–قوربانت بم، زنجیری پانتۆڵەکەت هەڵکێشە.

گوێمان لێیە بیریدەخاتەوە:

–ئەمجارە دەستەسڕەکەت ون نەکەی.

گوێشمان لە حاجییە (وا...وا)یەتیو تێناگەین چی دەڵێ. ئامۆژگارییەکی تری دایکیشی کە وەڕس بووم ئەوەندەم بیستووە، باوکیشم وەڕس بووە بەڵام ئەو وەکو دایە بەپێویستی دەزانی. دایە ئامۆژگارییەکەی وتەوە:

–قوربانی بێ دایە لەبیرت نەچێ، هەر کچێك تەلەفۆنی بۆ کردی یەکسەر مۆبایلەکە داخەرەوە.

دایە زۆر دەترسێ کچان حاجی لەخشتە بەرنو دەڵێ خۆزگە ئەوسا بوایە کە مۆبایل نەبوو، بەڵام چی بکات؟! ناچار بوو مۆبایلی بۆ بکڕی. من چەند جارێك لە دایکم پرسیوە: ئەی ئەگەر چۆلەکەکان تەلەفۆنیان بۆ حاجی کرد؟ پێشمدەوت حاجی تەنها وەڵامی تەلەفۆنەکانی چۆلەکەکان دەداتەوە.. حاجی چۆلەکەکانی زۆر خۆش دەوێ. هەموو ڕۆژێکیش دایە لە وەزارەتەوە دوو یان سێ جار تەلەفۆنی بۆ دەکات تا بزانێ چۆنە. دەبێ چیی پێ بڵێ؟ لەم قسانە زیاتر هەیە؟

–قوربانی بێ دایە کەس شەڕی پێ نەفرۆشتی؟ پارەکەت لێنەکەوتووە؟ میزەکەت بکە تا لە پۆلەکە میزت نەیەتو دوایی شەرم بکەی بچیتە دەرەوە.

ئەمەی دوایی هەڵبەستنی خۆمە.. بەڵام کێ دەزانێ؟ ڕەنگە وای پێ بڵێ.

گوێمان لە ئامۆژگارییەکی تری دایکی بوو، هەر لەو جۆرە:

– ئەگەر کچێك لەڕێگەدا قسەیەکی لەگەڵدا کردی وەڵامی نەدەیتەوە.

بابە هاواری بۆ کرد:

–ڕاشمەکە بەدوای کچانداو زنجیری تەنوورەکەیان لەدواوە بکەیتەوە.

ZAGROS WEBSITE

دایە بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

–نەوزاااد..!!

نەوزاد هاواری کردەوە:

–من نیم، توانایە.

ئەمجارەش دایە دەنگی بەرزکردەوە:

–بەگاڵتەش بێ منداڵەکان فێری درۆ مەکە.

ویستم تۆڵە بکەمەوە:

–باوکم دووەم جارێتی نانی بەیانی بخوات.

باوکم فریا نەکەوت بێدەنگم بکات، بەڵام دایە خەریکی حاجی بوو و تۆڵەکەم چرووك دەرچوو. لەکۆتاییدا حاجی هاتە مەتبەخ. (وا..وا)یەکی کرد ئەوەی لێ تێگەیشتین کە دەڵێ بەیانی باش. بابە وەڵامی دایەوە:

–وا.. وا.. وا.. باش.

وەکو شتەکانی تریش نانی کاکە زۆر دەبات. کاکە هیچ ناخوات بەڵام هەر زۆری پێدەچێ. کووپە چاکەی بۆ دادەنرێ و ماوەیەك تەماشای دەکات. وەکو چۆلەکە، بەڵام بە دوو پەنجە درێژەکەی نەك بە دەنووکی بچووك، لەتی بچووك لە نانەکە دەکاتەوەو دەیخاتە دەمییەوە، ئەو لەتە بچووکە قسەکانی خاوتر دەکاتەوە. ئەوسا دایە زۆری لێدەکرد شت بخوات، دایە خەریك بوو شێت دەبوو کە دەیبینی هیچ ناخوات، جارێکیان بەزۆر شتی دایە، ئەویش نەخۆشکەوتو بەپەلە گەیاندمانە، بلێم بابەو دایە گەیاندیانە، نەخۆشخانە. دوکتۆرەکە هەڕەشەی لە دایکم کرد کە زۆری لێنەکات. ئەو دوو شەوەی لە نەخۆشخانە کەوت زانیم تەنیایی چەند ناخۆشە (چی لە لانە جیقن بکەم؟)، ئەوسا زۆر لە حاجیو شێوەکەیو خووەکانی بێزار بووم، بەڵام دوای ئەوە بەهەموو شتێکییەوە قبوولم کرد، بە لەشی سەیری، بەقسەی خاوی، بەو دوو لاقەی کە لەکاتی ڕۆشتندا دەنوشتێنەوە. دواتریش ئەو قبوولکردنە هەندێ جار دەبووە خەفەت بۆی بەتایبەت کە کوڕانی بێناموس شەڕیان پێ دەفرۆشتو لێیان دەدا منیش هیچم بۆ نەدەکرا.

هەموو شتێکمان کردو چووینە بەردەرگاو وەکو هەموو جارێك دایە بە هەزار ماچ حاجیی بەڕێ کرد. فلق فلق ماچ، فلق فلق ماچ، هەردوو ڕوومەتی گرتبوو و سەری دەخولانەوە بۆ ئەوەی هیچ ڕوومەتێکی لە پێنج سەد ماچ کەمتری بەرنەکەوێ:

–خوایە نازانم ئەم کوڕەم بۆ ئەوەندە خۆش دەوێ.

یەك ماچیش بۆ من، ئامۆژگارییەکیش کە پەیوەندیی بەمنەوە نەبوو:

–ئاگات لە کاکت بێ.

جانتاکەم بەپشت هەڵگرت:

–ئەی ئەگەر کچێك تەلەفۆنی بۆ من کرد؟

چەناگەی بە دوو پەنجەی گرتم:

–لەتۆ ناترسم.. بەڵام تۆش وریا بە.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

چەناگەی ئەویشی بە دوو پەنجەی دەستەکەی تر گرت:

–نامەوێ تووشی هەڵە بن.

لانەش بەشی خۆی هەبوو، فەرمانێکی زبری دایکی بەرکەوت:

–یەکسەر بۆ قوتابخانە.

لانە جارێ جیقنە ئەگینا شێتی دەکردو لە حاجی زیاتر لەگەڵیدا دەیوت.. دایکم خۆی جارێکیان وای وتبوو.

دایە لەگەڵەماندا چووە بەردەرگاو جارێکی تر سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی:

–خوایە نازانم ئەم کوڕەم بۆچی ئەوەندە خۆش دەوێ.

هەرسێ چووینە دەرەوەو لانەی دوای یەك هەنگاو لێمان جیابووەوە. فریاکەوتم کلکێکی قژی بەستراوی بۆ خوارەوە ڕابکێشم. دوورکەوتینەوەو من بە کاکم وت:

–دیارە باپیرت حاجی لەقلەق بووە.

کاکم پرسی:

–باپیری تۆش ئەو نییە؟

قسەکەی بەشی دوو قسەی منی خایاند. تەماشای باڵای خۆمم کرد:

–کە بگەمە تەمەنی تۆ باڵام وەکو تۆ دەبێ بەڵام لەشم پڕ دەبێ، دوو قاچیشم لەڕۆشتندا نانوشتێنەوە.

جارێکی تر تەماشای باڵای خۆمم کردو لەدڵی خۆمدا پرسیم دەبێ منیش وەکو ئەو باریك نەبم. سەرم هەڵبڕیو قوتابخانەکەم بینی، دواناوەندیی (باڵندە)ی کوڕان، ناوێکی گونجاوە بۆ کاکە، بەڵام شوێنەکەی لە ناوەکەی گونجاوترە، هەمووی سێ کۆڵان لەماڵەوە دوورە. جوانو گەورەو ڕێکوپێکە، بۆ کوڕانی گەڕەك دروستکراوە، گەڕەکیش یەك ماڵی ناشیرینی تێدا نییە، یەك هەژاریشی تێدا نییە.

ماڵە پێشووەکەمان باشتر بوو بەڵام بابە نەیدەتوانی هەموو ڕۆژێك بۆ قوتابخانە بمانبات، واتە کاکە بەرێ، بۆیە دایە لێی هەڵپێچا تا ئەو خانووە بفرۆشین، واتە بابە بیفرۆشێ، تا خانوویەکی نزیك لە قوتابخانە بکڕینو ئێمە، بڵێم کاکە، تەنها چەند هەنگاوێك بڕوات تا کەمتر ترسی ئەوە هەبێ کوڕانی هارو بێناموس ڕێگەی پێبگرن، هەروەها کچان ڕێگەی پێبگرنو لەخشتەی بەرن (دایە وا دەزانێ هەموو کەس حاجیی لا جوانە).

دیارە حاجی لە هەموو ئەم شتانە بێخەبەرە، ئەو هەموو جارێك کە بەرەو قوتابخانە دەڕۆین بەبزەیەکەوە تەماشای ئاسمان دەکات، تەماشای چۆلەکەکانی ئاسمان دەکات، باڵای درێژیو نوشتانەوەی قاچیشی وا لە سەری دەکەن بەخاوی بەلای ڕاستو چەپدا بخولێتەوە وەك بڵێی گۆرانی بڵێ.. ئەوە حاجی، منیش وەکو جاران بەدەم ڕۆشتنەوە شەقم لە بوتڵو قوتووە بەتاڵە کەوتووەکان دەدا.

کاکە حاجی هەر بەو زەردەخەنەیەی دەیگرتە چۆلەکەکانی ئاسمان، کە یەك چۆلەکەم لەوانە نەدەبینی، پێی وتم.. وابزانم مەبەستی بوو لەگەڵ خۆیدا قسە بکات نەك لەگەڵ من:

–زۆر خۆشە لەگەڵ چۆلەکەکان بفڕی.

بەڵام کوا چۆلەکە؟ من حەز دەکەم بفڕم بەڵام نەك لەگەڵ چۆلەکە.

کاکە زۆر دڵی خۆشە،چەند جارێك بۆی باس کردبووم کە چەند دڵی بە ماڵەکەمانو بە دایکیو باوکیو لانە،

بێگومان بە منیش، خۆشە، دڵی بە قوتابخانەکەشمان خۆشە. حاجی بەردەوام بوو:

–چۆلەکەکان بەرزو خێرا دەفڕێ.

کاکە سوود لە وانەکانی زمان وەرناگرێتو ڕاناوی تاکو کۆ بەئارەزووی خۆی بەکاردەهێنێ (بەڕاست! بیرم نەماوە، ڕاناوی پێ دەڵێن؟). وەڵامم دایەوە:

–ئەمڕۆ قوتوو و بوتڵەکانی سەر زەویش لە ڕۆژانی تر زۆرترن.. بڵێم زۆرترە.

بێ ڕووداو و دوور لە کوڕانی هارو بێناموسو دوور لە کچانی ڕێگر، کە تا ئەمڕۆ کەسیانم نەدیوە ڕێگەمان پێبگرن یان قسەمان لەگەڵدا بکەن (دایە خەیاڵ دەکات) گەیشتینە دەروازەی قوتابخانەکەو شەش پلیکانەکەی بەردەمی. سەرکەوتینو ڕۆژێکی نوێی قوتابخانەمان دەست پێدکرد.

وتبووم ئێمە لە پۆلی چەندین؟ من لە دووی ناوەندیو کاکە لە شەش.. ئەمساڵ بۆ کاکە گرنگە، دەبێ ساڵی داهاتوو بەسەر باڵی چۆلەکەکاندا بۆ زانکۆ بفڕێ.

٢

ڕۆژی قوتابخانە وەکو ڕۆژانی تر تێپەڕی. کاکە شەڕی پێ نەفرۆشراو تەنها چەند کەسێك گاڵتەیان پێکرد، بەڵام هێشتا ڕۆژەکە ماویەتیو پێویستە بۆ ئەوەی ئەمانەتەکە بدەمەوە دەستی دایکی خۆی لە دەروازەی قوتابخانەوە تا دەرگای ماڵ بەسەلامەتی بیگەیەنم.

نیوەی ڕێگەکە بێ ترس بوو و نیوەکەی تری مابوو، لەو نیوەشدا تووش بووین. دوو کوڕمان پێگەیشت، پێکەنینەکەیانم بیست، هاتنو منو کاکەیان وەستاند. دەستیان کرد بە گاڵتەکردن بە کاکە:

–کاك پەیژە خۆت بشارەوە با کارەبا نەتبەن بۆ عەموودەکان.

ئەوەی تر کەمەری کاکەی گرتو سەری بۆ سەرەوە.. بۆ دەموچاوی حاجیی هەڵبڕی:

–چۆن ماندوو نابی کە بەسەر خۆتدا سەردەکەوی؟

ئەوەی تر وەڵامی دایەوە:

–کە بەسەر خۆیدا سەردەکەویو دەگاتە لای دەمی خۆی بۆ ئەوەی وەڵامت بداتەوە ئەوەندە زۆری پێدەچێ قسەکەی تۆی لەبیر نامێنێ.

کوڕەکەی تر کاکەی ڕاوەشاند، کاکەش وەکو پەیژەیەکی درێژی باریکی لێ هات لەژێر قاچەکانی پیاوانی کارەبادا یاری دەکات.

زانیم شەڕەکە هەر دەبێ بکرێ، دیمەنی کاکە بەو جۆرە هەمیشە دڵم دەگوشێ، ڕادەوەستێو قسەی بۆ ناکرێو ناتوانێ بەرگری لەخۆی بکات، زانیم شەڕەکە یەخەمان بەرنادات. لە پڕ بەدوو لەپی دەستم پاڵم بە سنگی کوڕەکەوە نا و دوورم خستەوە. دوو کوڕەکە بۆ ماوەی ساڵێك بێدەنگ بوونو حەپەسان، زانیم نابێ منیش بێدەنگ بمو

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

بحەپەسێم، پاڵم بە کوڕەکەی ترەوە نا:

—لاچن … لاچن .. وازمان لێ بێنن.

دوانەکە تەماشای یەکتریان کرد، دەنگێك لەپشتەوە هات، کوڕێك بوو هاواری دەکرد:

—فەرە سوور... ئەو دوو گەڕە چییانە؟

ئاوڕیان دایەوەو ئاوڕمان دایەوە، تف لە قوڕگمدا وشك بوو، چوار کوڕ بوون بەرەو ئێمە دەهاتن، ئینجا پەلەیان کردو بەهەڵەداوان ڕایانکرد، هەموویان هاواریان کرد:

—بیانگرن.. مەهێڵن ڕابکەن.. ئێستا دەیانکوتین.

زانیم کە دەبێ هەر ئێستا ڕابکەین. دەستی کاکەم گرتو بۆ لای خۆم ڕامکێشا:

—با ڕابکەین … با خێرا ڕابکەین.

کاردانەوەی کاکە خاو بوو، کاردانەوەی کاکە هەمیشە خاوە، واقی وڕمابوو و تەماشای کوڕەکانی دەکرد کە بەڕاکردن بەرەو ڕوومان دەهاتن. باش بوو یەکێك لەو دوو کوڕەی یەکەم جار شەڕیان پێ فرۆشتین بۆکسێکی لە سکی کاکە داو باڵای کاکەی نوشتانەوە. کاکە وەکو گۆشەیەکی نەوەد پلەی لێهات لەو جۆرەی لە بیرکاری دەمانخوێند. دەستیم گرتەوەو ڕامکێشایەوە:

—با ڕابکەین … با ڕابکەین.

باش بوو کاکە وریابووەو هەر بەو ئازارەوە پشتی تێکردنو دەستی بە ڕاکردن کرد. کاکە ئالان کاتێك بەئاسایی دەڕوات دوو ئەژنۆی دەنوشتێنەوە، ئێستا بە ڕاکردن زۆرتر دوو ئەژنۆی دەنوشتێنەوە، چەند هەوڵی دا خێرا ڕابکات هەر خاو بوو.

نازانم چی بوو کوڕەکان شوێنمان نەکەوتن. ڕەنگە زانیبێتیان ماڵەکەمان زۆر نزیکە. گوێمان لێبوو پێدەکەننو گاڵتەمان پێدەکەن، ئینجا کەوتنە بەردەبارانکردنمان، بەردەکان کەسمانی نەپێکا، دوورکەوتینەوەو دیاربوو مەترسیی بەردەکانمان لێ دوورکەوتەوە. گەیشتینە گۆشەی کۆڵانەکە کە یەکسەر دوای ئەوە کۆڵانی خۆمان بوو..و لەپڕ یەك لەو بەردانە زۆرتر ڕۆشت، جووتە پێڵاوی کاکە کاتێك ڕادەکات شل دەبنو دوو پاژنەکەیان لە پاژنەی پێی دەردەچنو دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیانو دەڵێن پق پق پق، زۆرم پێوتبوو ئەگەر پێڵاوێکی گونجاوی دەستناکەوێ کالەی قەیتاندار بکاتە پێی. بەردەکە گەیشتە پاژنەی پێڵاوەکەیو بەر قەراغەکەی کەوتو لەگەڵ بەرزبوونەوەی پاژنەکە وەکو بەردی قۆچەقانی بەردەکە بەرزبووەوەو دای لە پشتی سەری، گوێم لەتەقەی بەرکەوتنی سەری کاکە بوو، یەکسەریش هاواری ئازاری هات:

—ئاااااا.

ئازاری زۆر بوو، بەڵام ترسەکەی زۆرتر بوو بۆیە نەوەستا، لەکۆتاییشدا بەبرینی کاکەوە گەیشتینەوە ماڵ. کەس لە ماڵ نەبوو، لانەش لە ماڵی دراوسێ بوو و دەبوایە بمانهێنایەتەوە. دوو گەورەی ماڵەکە لە وەزارەت بوونو دەبوایە من چارەسەری برینی کاکەم بکردایە، بەپێی زانیارییە کەمەکانم چارەسەرم کرد، عەترێکم هێناو دام لە شوێنی برینەکە. کاکە هەڵبەزییەوەو بەخاوی هاواری کرد:

—وااا وااا.

ئینجا بیریخستمەوە:

–عەتری دایەیە... ئەوەی بابە باشە.

بەڵام من جیاوازیی نێوان ئەو بۆنانەم نەدەزانی، هەموو لای من وەکو یەك بوون. هەرچۆنێك بوو عەترێکم هێنا گوایە هی باوکمە، سەریم، مەبەستم سەری حاجی، بە فانیلەی خۆم بە نەشارەزایی بۆ پێچایەوە، برۆیەکی دلۆشراو لەپشتەوە قۆلێکی فانیلەکە بەسەر ملیدا شۆڕببووەوە:

–ئاوا باشە تا یەکێکیان دێتەوە.

ئەو یەکە دوای زۆر هاتو دایکم بوو، هاتو لەدەرگاوە سەری پێچراوی حاجیی بینیو وایزانی یاری دەکەین، بەڵام کاتێك بینی پشتەسەری خوێنە هاواری کرد:

–چیت لە کاکت کرد؟

لای کرد بۆ لایو کردییە باوەشی:

–دایکت بەقوربانت بێ چیت لێهات؟

هەردوکیان قسەیان کرد، ئەو بەخێراییو ئەو بەخاوی، منیش دوایی هەموو شتێکم بۆ دایکم ڕوونکردەوە. دایە سەرە خوێناوییەکەی تەماشا کردەوە، ئینجا لەپڕ باوەشی پیاکردەوەو هەڵسایەوەو بەرەو دەرگاکە ڕۆشتوهەردوو دیار نەمان:

–دایە بردی بۆ نەخۆشخانە.

وەڵامی من بوو بۆ پرسیاری باوکم کاتێك گەڕایەوە ماڵ:

–دیارە کاکت منداڵی دەبێ وا دایکت بیرینەبووە تەلەفۆنێکم بۆ بکات.

ئەوەش تێبینیی باوکم بوو.

باوکم ئەو ملیۆنە عەلاگەیەی دانا (دیارە بازاڕی کردبوو بۆیە لەگەڵ دایە نەهاتەوە) کە بە دوو دەستییەوە بوون. منو ئەو خۆمان بە خەیار خواردن خلافاند تا کەیبانووی ماڵەکە بێتەوەو نانمان بداتێ، پێش ئەوەش بەشێوەیەکی کاتی باوکم بووە کەیبانوو تا خواردنێك بە لانە بداتو زووڕەزووڕەکەی نەهێڵێ.

ماوەیەکی تر چاوەڕێمان کردو خەیاری ترمان خوارد تا هەردوو گەڕانەوە. حاجی پێش دایکی کەوتبوو و سەری بە لەفافی سپی بەسترابوو و وەکو مێزەری مەلای لێهاتبوو، بە باوکمی وت:

–لەمڕۆوە بە کاکە دەڵێین حاجی مەلا ... حاجی مەلا گیان ئێستا چۆنی؟

کاکە (وا.. وا)ی کردو تێگەیشتم دەڵێ باشترم بەڵام ئازارم هەیە.

ZAGROS WEBSITE

٣

نرخی حاجی لەماڵدا بەرزبووەوەو من بوومە گووی سەگی ماڵ. ئەوە بەلامەوە گرنگ نەبوو چونکە قەت بەدوای ئەوەدا نەدەگەڕام لەماڵدا ببمە شتێکی گرنگ، قەت حەسوودیم بە حاجی نەدەبرد، من دڵم لەدەرەوەی ماڵدا بوو: هاوڕێکانمو مۆبایلو سی دیو پلەیستەیشنو دووگۆڵی، پاسکیلمان لێ قەدەغەکرابوو ئەگینا حەزم لەویش بوو.

دیمەنی کاکە زۆر جوان بوو، شتێکی درێژ بوو و وەکو مەلا سەری بەسترابوو، کاتی تریش نازی زۆری دەدرایە، ئێستا نازەکەی زیاتر بووە، دیاربوو خۆی دڵی بەو وەزعە تازەیە خۆش بوو. وەکو منداڵێك بوو جلێکی تازەی لەبەربێو دەزانێ باوکو دایکی لەبەر ئەو جلە زیاتر خۆشیان دەوێ. کاکە شتێکی گرنگی دەستکەوت، دەمبینی بەدزییەوە تەماشای خۆی لەئاوێنەدا دەکات، بەکورتی هەستم دەکرد بەو سەرە بەستراوە خۆی دەنوێنێ.

دڵخۆشیی کاکە زۆری نەخایاند، تەنها دوو ڕۆژ دوای ئەوە ویستی زیاتر خۆی بنوێنێو ویستی وێنە بکات، کاکە زۆر حەزی لە وێنەکردنە، لەسەر چەند کاغەزێك لەسەر مێزێکی بابە دەستی کرد بە وێنەکردن.. حاجی لەقلەقێكو چەند چۆلەکەیەك.

باوکم هاتو بینی چی کراوە، کاکە لەسەر کاغەزەکانی باوکی ئەو وێنانەی کردبوو و ئەو کاغەزانەی فەوتانبوو، چەند کاغەزێکی دائیرە بوون، قەڵەمە ماجکەکە هێندە تێر مەرەکەب بوو بۆ دیوە سپییەکەی ئەودیو دایدابوو، بابە سەری خۆی گرتو دوو چاوی زەق بوون :

—هەر ئەم نوسخەیەم هەیە ... ئەوانەم لە ژووری وەزیر دزیوە... فەوتام.. ئەم کەرە فەوتاندمی.

هەموو خۆشەویستییەکەی بابە بە یەك چرکە نەماو هەموو گیانی بوو بە تووڕەبوون، بە دوو دەستی دوو گوێچکەی کاکەی گرتو لەو کورسییە بەرزی کردەوە، سەری لە سەری خۆی نزیك کردەوەو هاواری کرد:

—کەری کەرباب چیت کرد ... چیت کرد.

کەللەیەکی لە ناوچەوانی دا، ئینجا زللەیەك، کاکە کەوتەوە سەر کورسییەکە، باوکم پەلی ڕاکێشاو لە کورسییەکە خستییە خوارەوە، کاکە تەخت بەسەر لاتەنیشتدا کەوت، باوکی نیشتە سەری، لەسەر ئەژنۆ دانیشت، ئەژنۆیەك لەسەر زەویو ئەژنۆیەك لەسەر قۆڵی کاکە، مشتی توند گوشی، بەهەموو هێزێکییەوە بۆکسی لە لاڕوومەتی دا:

—کەرباب چیت کرد .. کەرباب چیت کرد.

لێی دەداو هاواری دەکرد.

کاتی تر کاکەم بینیبوو لەسەر لاتەنیشت لەبەردەمی بابەدا کەوتووەو ئەو لێی دەدا، کاکە دەست بەڕوومەتییەوە دەگرێو بە دەنگە بەرزە بڵەکەی دەگری، دەگرێو دەترسێ. هەر کەسێك یەکێکی تر لەخۆی گەورەتر بێ بەزەویدا بیخاتو بنشێتە سەریو لێی بدات دەترسێ، دەگرێو دەترسێ، ئەمجارە کاکە سەری بەسترابوو، برینەکەی هێشتا تەڕ بوو، کاکە لەهەموو کاتێکی تر بێهێزترە، بەڵام هەر بێهێز نییە، پێش نەختێك دڵی بەو سەرە بەستراوەی خۆش بوو و خۆی دەنواند .. بابە لە کاکە مەدە.. بابە کاکە لەهەموو جارێك بێهێزترە، بێهێزەو سەری بەستراوەو دڵی بەو سەرە بەستراوە خۆشە ..بابە کاکە ئالان گوناهە .. کاکە گوناهە .. بابە لێی مەدە.

بابە هەر تووڕە بوو، وەکو پاشای تۆڵە، وەکو دێوێك بەسەر کاکە نیشتووەو بە بۆکس بە ڕوومەتی کاکە دەکێشێ، ئەویش بە دەستی خۆی ڕوومەتی دەپارێزێو هاوار دەکاتو دەگری.

دایە لە ماڵ نەبوو فریای کاکە بکەوێ، بابە تێری خواردو هەڵساو هەر جوێنی دەدا:

—کەرباب .. کەرباب.

حاجیش هەر لەشوێنی خۆیدا کەوتبوو و دەگریا.

تا ماوەیەك نەمتوانی بۆ لای بچم، دواییش لەشوێنی خۆیدا دانیشت، هەنسکی مابوو و سەیری زەویی دەکرد. چوومە تەنیشتیو دانیشتم، ویستم پێی بڵێم چەند خەفەتم بە دیمەنەکەی خوارد کاتێك بینیم تەختو بێدەسەڵات کەوتبوو و دەگریاو کەسێك لەخۆی گەورەترو بەهێزتر نیشتۆتە سەریو بەتووڕەییەوە لێی دەدا. دەمم کردەوە ئەوە بڵێم، بیستم خۆی بەهەنسکەوە دەڵێ:

—بۆچی یەکێك یەکێك دەخاتو دەدا لەو یەکە، ئەو یەکەش ناتوانێ هیچ بکاتو دەگری؟ بۆچی باوکم لێی دام؟ بۆچی باوکم؟ .. باوکم..

٤

دایە هاتەوەو نەمزانی باوکم چیی لەکاغەزەکانی ژووری وەزیر کرد. ڕۆژەکەمان بێدەنگ بوو و کەسمان باسی هیچی نەکرد، دایە بینی بابەو کاکە بێتاقەتن بەڵام دیاربوو مێشکی زۆر مەشغووڵ بوو بۆیە لە کەسیانی نەپرسی. من هەستم دەکرد باوکم بەو لێدانە بێتاقەتەو بەخەفەتەوە تەماشای کاکە دەکات بەڵام دیارە هێشتا خەفەتی کاغەزەکانی مابوو و وەکو جارەکانی تر نەچوو باوەشی پیا بکاتو ئاشتی بکاتەوە.

دوایی زانیم دایە بەچی سەری قاڵە، شیرین خانی دایکی ژیلمانی هاوڕێم کە دراوسێمان بوو بە دایەی وت شەوی هەینی، یەعنی ئەو شەوەی بۆ سبەینێ هەینییە ئاهەنگەکەیە. کام ئاهەنگ؟ نازانم، بەڵام دیارە دایە دەزانێ. ئەو و شیرین خان زوو زوو دەچن بۆ ئاهەنگ، گەورەکان حەزیان لە ئاهەنگە، ئاخ ئەگەر بزانن پلەیستەیشن چەند خۆشە.

ژیلمانی هاوڕێم خۆی وا نیشان دەدات کە هەموو شتێك دەزانێ بەڵام من دەزانم کە خۆی فش دەکاتەوە. ئەو شەوە تێپەڕیو بۆ سبەی بەیانی باسی ئاهەنگەکەم بیرکەوتەوەو ویستم ژیلمان فشەی ترم بۆ بکات. ژیلە خڕ وتی هەموو ڕۆژێك یەکێك لە وەزارەت شوو دەکات یان ژندەهێنێو هەموو ڕۆژێك یەکێك منداڵی دەبێ، لەبەرئەوە هەموو ڕۆژێك ئاهەنگە.. ژیلمان درۆ دەکات، هەموو ڕۆژێك نەبوو بەڵکو هەفتەی جارێك.

شەوی ئەو ئاهەنگە شیرین خان هات. من لەتەنیشتی باوکم دانیشتبوومو کاکە لە ژوورەکەی. کاکە هاتە دەرەوەو کە شیرین خان بینی سەری بەستراوە بەخۆشەویستییەوە (خوا بمکوژێ ئەگەر بزانم بەڕاستی بوویێ یان بەدرۆ) بانگی کرد:

—وەرە بۆ لام ، وەرە ئالان گیان.

کاکە شەرمی دەکردو شیرین خان هەڵساو کردییە باوەشی.. چەناگەی گرت:

—ئالان گیان... ئەوە بوویتە مەلاش؟

تەریقبوونەوە کاکەی کوشتبوو، دایە چووبوو ساردی یان ئاو بۆ میوانەکەی بێنێ، هاتەوەو ئەو دیمەنەی بینیو هاوارێکی کرد:

—شیرین!

قۆڵی کاکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو لەو ژنە دووریخستەوە. بابە بەگوێی مندا چرپاندی:

—ئەگەر دایکت لە باوەشی ئەو شیرینە ببینێ هیچ ناڵێ. دایکت تۆ بە پیاو نازانێ.

ڕاستە بە پیاوم نازانێ بەڵام هەر وەکو کاکم پەلم ڕادەکێشێ، دایکم دەناسم. دایکم گوێی لە چرپەکەی باوکم نەبوو بەڵام زانی شتێکی خراپم پێ دەڵێ. ئەمجارە هاواری لەو کرد.. هاوارێکی سووکتر بەڵام درێژتر:

—نەوزاااااد!

بابە گوێی خۆی لەو هەڕەشەیە کەڕ کرد:

—ئەی کەی ئاهەنگەکەی منە؟

دایە:

—دەستمان پێکردەوە؟

بابە:

—بەڕاستمە، من غیرە دەکەم.

شیرین پێکەنی:

—ئاشنا! نەوزاد غیرە دەکات.

دایە:

—شیرین!

شیرین خان هەڵساو دایەی ماچ کرد:

—دەزانم، لەبەر منداڵەکان نابێ بەکەیفی خۆم قسە بکەم، بڕۆم باشە.

باش بوو ڕۆشت. من ڕقم لەو ژنەیە، ڕقیشم لە کوڕەکەیەتی. هەرچەندە ژیلمان هاوڕێمانە بەڵام زۆر جار شەڕ دەکەین، کوڕێکی خڕی ڕوومەت سوورەو هەمیشە بەدەنگی بەرزو بەدڵگەرمییەوە قسە دەکات. منو کاکە ڕقمان لە دایکێتی کە جاروبار دێو دایە شەو دەباتو ئێمە لای باوکمان بەجێدەهێڵێ، بابەش دوای ئەو دەڕواتو دەڵێ بە دایکتان مەڵێن. دوایی کە دایکمان دێتەوە باوکمان لەبەردەمماندا سوێندی بۆ دەخوات بۆ قومارکردن نەچووە. لانە زوو دەنوێو ئاگای لە هیچ نییە.. لانە جیقن.. تەنها ئەو کاتەی زووڕەزووڕ دەکات بیرمدەکەوێتەوە ئەو خوشکەمان هەیە.

فەرمانمان پێدرا وەکو لانە زوو بنووین تا لە قوتابخانە خەو نەمانباتەوە. چووینە ژوورەکەمانو هەر یەکەمان چووە سەر سیسەمە تەختە یەك نەفەرییەکەی خۆیو پێش ئەوەی بنووین بە حاجیم وت کە دەبێ بزانین ئەو شیرین خانە هەمووو جارێك دایە بۆ کوێ دەبات . کاکە (وا.. وا)ی کرد:

—وتی دەچین بۆ ئاهەنگ.

من ئەمجارە بڕوام نەکرد:

—ئاهەنگی چی؟ هەموو هەفتەیەك ئاهەنگ؟ من بزانم دەچنە ماڵی ئەو شیرین خانەو چەنەبازی دەکەن.

کاکە (وا..وا)ی کردەوە:

—ئەی بۆچی چەپەنازی لێرە ناکەن؟

من نەمدەزانی. ئینجا کوڕەکەیم بیرکەوتەوە:

—بۆچی لە ژیلمان نەپرسین؟

کاکە پێی خراپ نەبوو:

—بچۆ بە ژیلمان بڵێ بۆچی دایکی تۆ دایکی من بۆ ماڵی تۆ دەبات.

من:

—ئەگەر بۆ چەنەبازی بێ ژیلمان پێمان دەڵێ.

ئەو:

—ئەگەر بۆ چەپەنازی بێ بۆچی ژیلمان ناڵێ دایکی ئێمە دەچێ بۆ ماڵی دایکی ئەو؟

من:

—لەوانەیە دایکی هەڕەشەی لێ کردبێ باسی نەکات.

خۆم قەناعەتم بەو وەڵامەی خۆم نەبوو چونکە شت نییە ژیلمان باسی نەکات. کەواتە ناچنە ماڵی ژیلمانو چەپەنازی (وەك حاجی دەڵێ) لەوێدا ناکەن.

تا ئەو ساتە ئەو پرسیارانەمان دەکردو لامان گرنگ بوون، بەڵام دوای چارەکێك بوون بە قسەی بێمانو هەر دووبارەمان دەکردنەوە، کاکە پرسیارەکانو وەڵامەکانو پێشنیارەکانی دووبارە دەکردەوە، منیش ئەوانەم دووبارە دەکردەوە، لەکۆتاییشدا مێشکمان ماندوو بوو بەڵام توانیمان بڕیاری ئەوە بدەین سبەی قسە لەگەڵ ژیلماندا بکەین.. ژیلمان؟!! ڕقم لە ناوەکەشێتی.

## ٥

---

ئەو قسەیەی شەو کە قسەی من بوو حاجی بۆ ژیلمانی دووبارە کردەوە:

—لەوانەیە دایکی تۆ هەڕەشەی لە تۆ کردووە قسە بکەی.

ژیلمان بۆڕاندی:

—نەوەڵا وا نییە، دایکتان نایەت بۆ ماڵی ئێمە، دایکیشم بەجێمدەهێڵێ.

ژیلمان خڕەو کە هاوار دەکات وا دەزانم گوێرەکەیەکی بچووکە. زۆربەی کات بەدڵگەرمییەوە قسە دەکات، زۆربەی ئەو زۆربەی کاتانەش دوو دەستی بەسەر کەللەی سەریدا دەهێنێ وەك بڵێی توند بە سابوون دەیشوات. لێم پرسی:

—ئەی بۆ کوێ دەچن؟

ژیلمان دەستی ڕاوەشاند:

—کاکە هەقم چییە؟

ژیلمان هەقی نییە بەڵام دڵنیام شتێك دەزانێ. دەبێ من بزانم:

—ژیله ! بۆچی شوێنیان نەکەوین؟

پێی خۆش بوو، دیار بوو حاجیش پێی خۆش بوو چونکە ویستی بێ:

—منیش دەچم.

بەڵام حاجی بەکەڵکی ئەو ئیشانە نایەت، ژیلمان نەڕاندییەوە:

—بابە تۆ ئەوەندە درێژی پێمان دەزانن.

من پێش ئەو ویستم بڵێم کاکە بە کەڵکی ئەو ئیشە نایەت بەڵام نارەزاییەکەی ژیلمان پەشیمانی کردمەوە:

—بۆچی بەکەڵك نایەت؟ لەتۆ باشترە کەللەزل.

حاجی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە هاوڕێتیی ئێمە وت:

— لە دوو کەس سێ کەس باشترە (مەبەستی بوو بڵێ: دوو کەس لە سێ کەس باشترە). منیش باشە بچمو ئێوە(مەبەستی: باشە لەگەڵتاندا بچم). دایکی ژیلمان دایکێتی ئەویش دایکمە (نەمزانی ئەمەیان یەعنی چی).

لەکۆتاییدا بڕیارماندا هەرسێکمان ئەو شەوە شوێنیان بکەوین، بەڵام ماوە بزانین چۆنو بەچی. ویستم سەیارەی کەسێکی ناسیاو پەیدا بکەین تا شوێنی سەیارەکەی ئەوان بکەوینو بزانین بۆ کوێ دەچن. حاجی بیری لەوە کردبووەوەو پێشمکەوت:

—چۆن سەیارەی کەسێك هەبێ بە سەیارەی ئەو دوای سەیارە ئەوان بین ئیتر بزانین بۆ کام شوێن دەچێ؟ (حاجی گیان دەچن! چۆن لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە وەڵام دەدەیتەوە؟!).

ژیلە لە مەبەستەکە تێگەیشتو هاواری کردەوە:

—نایەوێ، من دەزانم بۆ کوێ دەچن.

من دەمزانی ژیلمان شتێك دەزانێ، بەڵام چۆن تا ئێستا باسی نەکردووە؟ ژیلمان شوێنەکەی وت:

—ئەوان دەچنە ماڵی وەزیرو لەوێ نان دەخۆنو قسەدەکەنو باسی ئیشی وەزارەت دەکەن.

دیارە ژیلمانی چەنەباز هەڕەشەیەکی باشی لێکرابوو بۆیە تا ئێستا ئەم شتەی پێ نەدەوتین. لەوانەشە تەماعێکی گەورەی خرابێتە بەر، ڕەنگە دایکی پێی وتبێ مۆبایلێك وەك ئەوەی باوکی بۆ دەکڕێ. ژیلمان بۆ ئەو مۆبایلە ئامادەیە باوکیشی بخەڵەتێنێ. وتم:

—کەواتە دەبێ ماڵی وەزیر بزانین.

بەرلەوەی وەڵام بدەنەوە وتم:

—من قسە لەباوکم دەردەهێنم، ئەوە بۆ من ئاسانە.

ڕاستیشم کرد، زۆر بەئاسانی زانیم ماڵی وەزیر لەکوێیە، پێم وت باوکی کوڕێکی هاوڕێم زۆر ساختەچییەو کەتنێکی ناوەتەوە، ئێستاش ئیشێکی بە وەزیر هەیەو دەیەوێ ماڵەکەی بزانێ، باوکم ناوونیشانەکەی پێ وتم،

منیش وتم باشترە شوێنەکەیم بەنەخشەوە لەسەر کاغەز بداتێ چونکە ئەو باوکەی ئەو هاوڕێیەم زۆر دەبەنگە. مێشکی باوکم بەچی مەشغوولە؟ خۆ پێی نەوتم چۆن دەکرێ ئەو پیاوە ساختەچی بێو دەبەنگیش!

دایە خواحافیزیی کردو ڕۆشت، چاوەڕێی بابەشمان کرد خۆی بدزێتەوە بەڵام بابە مایەوە. ئێمەش سەعاتێکی ئاگراوی لەگەڵیدا ماینەوە. ژیلمان دوو هەزار زەنگو مەسجو نووکەی بۆ کردم. هەموو جارێك یان وەڵامم دەدایەوە یان مەسجم بۆ دەنارد:

—باوکم نەڕۆشتووە.

زانیم دەبێ خۆم باوکم ڕەوانە بکەم:

—بابە گیان، وکو جاران نەچوویتە دەرەوە، ئەگەر لەبەر ئێمەتە گوێی مەدەرێ.

چاوی لە تەلەفزیۆنی پڕ گۆرانیو سەما لابردو بەگومانەوە تەماشای ئەو هەستە بەرزەی کردم کە یەکەم جارمە دەریببڕم. هیچی نەوتو تەماشای تەلەفزیۆنەکەی کردەوە.

بابە نیازی نییە بڕوات ئێمەش لەسەر ئاگرین. چارەمان نەبوو، چوومە ژوورەکەمو بە ژیلمانم وت پاش یەك دەقیقەی تر تەلەفۆنمان بۆ بکاتو داوا بکات بچینە ماڵەکەی چونکە تەنیایە. خێرا گەڕامەوە هۆڵەکەو لای باوکم دانیشتم. تەلەفۆنەکەم بۆ هاتو وتم باشە هەر ئێستا دێم، پرسیشم بە باوکم نەکرد.

باوکم وتی با ژیلمان خۆی بێ، منیش وتم ژیلمان گوناهە تەنیایە، باوکم دووبارەی کردەوە با ئەو بێ، وتم:

—تازە وەعدی پیاوم پێداوە کە دەچم، حەز دەکەی پێم بڵێ درۆزنە؟

باوکم لای سەیر بوو:

—دەتەوێ ئەوەم پێ بڵێی هەر دەبێ تۆ بۆ لای ئەو بچی ئینجا تەنیا نابێ؟ ئەی لێرە بۆچی تەنیا دەبێ؟

لەحاڵەتی وادا موناقەشە مەکە چونکە بەڵگەکەت لاوازە، باسی شتی تر بکەو ئەو قسەیە لەبیری ئەو کەسە بەرەوە. من باسی بێتاقەتیی خۆمم لە مانەوە لە ماڵ کرد، زۆرم وتو دووبارەکردەوە تا سەرکەوتمو بابەم وەڕس کردو ناچار بوو بڵێ بڕۆو بیبڕەرەوە بەڵام دوامەکەوە. ڕوومکردە کاکە کە لەناو قەنەفەکەدا ون ببوو و نەمدەزانی سەیری چی دەکات:

—حاجی مەلا هەڵسە بڕۆین.

باوکم وتی حاجی مەبە، پێم خۆش بوو قبووڵی نەکرد، بەڵام حاجی کەوتە قسەو سوور بوو لەگەڵمدا بچێ. باوکم پێی لەزەوی چەقاند. حاجی بەگوێیێ مندا چرپاندی:

—من دەچم دەڵێم دەنووم، تۆ بوەستە لە حەوشە، من لەپەنجەرە دەچمە دەرەوە.

حاجی ئەوە تۆی؟!

چوومە حەوشەکەو لەو ئاستەدا وەستام کە پەنجەرە دوو تاکییەکەی ژوورەکەمانی لێبوو. تاکێکی پەنجەرەکە بەشی چوونە دەرەوەی حاجی بوو، بەڵام چونکە حاجی زۆر درێژ بوو لە حەفتا شوێندا لەناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا قەد ببوو، تا لە پەنجەرەکەش ڕزگارم کرد پێویستی کرد حەفتا جار باڵای بنوشتێنمەوەو ڕاستی بکەمەوە، باش بوو وەکو تەلی ئاسن لە دەستمدا نەقرتا. هاتە دەرەوەو لێم پرسی:

—ئەگەر باوکم زانی چیی پێ دەڵێی؟

(وا..وا)یەکی کرد تێنەگەیشتم چییە، وابزانم وتی لە لێدانەکەی ئەو ڕۆژە زیاتر نابێ.

چووینە بەردەمی ماڵی ژیلمان، بە تەلەفۆنێکی من هاتە دەرەوە، پاشان هەرسێکمان تەکسییەکمان گرتوبەرەو ماڵی وەزیر ڕۆشتین.

٦

لەبەردەرگا گەورەکەی ماڵی وەزیر حەرەسێك دانیشتبوو، جارێك لە باوکم پرسی بۆچی هەندێ ماڵ حەرەسیان لەبەردەمە، باوکم وتی حەرەس بۆ ئەوەیە ئەو پیاوە گەورانە لە پیاوە نزمەکان بپارێزن. لە باوکم پرسی وەزیر چەند وەردەگرێ، پارەیەکی زۆری وت بیرم نەماوە چەند بوو، وتم کەواتە ئەو پیاوە کە ئەوەندە ماندوو دەبێو وەزیر دەپارێزێ زۆرتر وەردەگرێ. باوکم وتی دنیا بەپێی عەقڵی بچووکی ئێوە ناڕوات، پارەیەکیشی وت بۆ مووچەی ئەو پاسەوانە ئەوەندە کەم بوو ئەویشم بیرنەماوە.

کەواتە ئەو شەوە ئەو حەرەسەمان بینی پیاوە بەرزەکەی ناو ئەو ماڵە بەرزە لەپیاوە نزمەکانی دەرەوەی ئەو ماڵە دەپارێزێ. ئێمە؛ منو حاجیو ژیلمان پیاو نین، کەسی خراپیش نین، بەڵام زانیمان ئەگەر لەو ماڵەدا بمانگرن بە کوڕی خراپمان دەزانن، لەبەرئەوە بەچرپە بە دوانەکەی ترم وت کە دەبێ زۆر بەوریاییەوە بچینە ژوورەوە. ژیلمان دوو مشتی توند کردو بۆکسێکی ئامادە کردو بەچرپەیەکی گڕەوە بۆڕاندی:

—تۆو ئالان حەرەسەکە بگرنو من بە بۆکسێك دیبوورێنمەوە.

کێشام بەتەپڵی سەریدا:

—دەنگ بەرزمەکەرەوە، خۆ ئەمە فلم نییە.

کاکە (وا..وا)یەکی کردو نەیتوانی بەچرپە قسە بکات:

—لە دیوارەکە خۆمان هەڵدەدین بۆ ئەو دیو دیوارەکە.

بەچرپە پێم وت:

—هەر دەبێ وا بکەین بەڵام تۆش دەنگ بەرزمەکەرەوە.

ژیلمان هەر بەچرپە گەرموگوڕەکەی وتی:

—بۆچی لەگەڵ خۆماندا هێنامان؟ کەشفمان دەکاتو نەخشەکەمان بەتاڵ دەکاتەوە.

گوێم نەدایە قسەکەی، ئەو کەرە وادەزانێ سینەمایە. بە کاکەم وت:

—تۆ لەهەموومان درێژتری، دانەوێرەوە تا بەسەر پشتدا سەربکەوین دوایی بەرزت دەکەینەوە.

کاکە گوێڕایەڵ بوو و زۆرم لا سەیر بوو کە لەم گەشتە ترسناکەماندا دوودڵ نەبووە. ژیلمان بەسەر پشتیدا سەرکەوتو ڕقم لێی بوو کە بەسەر پشتی کاکەوە بینیم، پاشان خۆم سەرکەوتم. سەرخستنی حاجی لەقلەق زۆر ناڕەحەت بوو، سەرکەوتن بەسەر عەموودا زەحمەتە بەڵام سەرخستنی عەموودەکە عەزابە. ژیلمان بۆڵەی کرد:

—با بەجێیبهێڵین، عەصابەکان پێمان دەزانن.

پێم وت وس بێ:

—دەبوایە تۆمان نەهێنایە کە ئەوەندە دەنگ بەرزدەکەیتەوەو وادەزانی فلم دەردەکەین.

ئەو کێشەیە پێی وتم کە باشترین شت ئەوەیە بچمەوە خوارەوە، لەخوارەوە کاکە سەرخەمو ژیلمان بۆ سەرەوە بەرزی بکاتەوە، دواییش چارەیەك بۆ سەرکەوتنی خۆم بدۆزمەوە.

کارەکمان سەری گرتو کەوتینە ئەودیو دیوارەکە، هەرچەندە چوونە خوارەوە ترسناکتر بوو بەڵام ئاسانتر بوو، بەئەسپایی بەناو باخەکەدا ڕۆشتین. لەئاستی ئەو شوێنەی خۆمان دیوارێکی بێ پەنجەرە بوو. تازە بوومە سەرۆکی تیمەکە هەرچەندە دیار بوو ژیلمان حەزی دەکرد خۆی سەرۆك بێ. فەرمانم دا:

—ئەگەر بەلای دەستە ڕاستدا بڕۆین دەچینە لای گەراجەکەو حەرەسەکە دەمانبینێ لەبەرئەوە بەلای چەپدا دەڕۆین.

فەرمانێکی قۆڕ بوو چونکە کەریش دەیزانی کە هەر دەبێ بەلای چەپدا بڕۆین، دوای ماوەیەکی زۆر زانیم کە ئەگەر بتەوێ ببیتە سەرۆکی تیمێك نابێ یەکەم فەرمانت شتێك بێ لەسەدا یەك ئیحتیمالی ناکۆکیی تێدا هەبێ.

بەلای چەپدا وەرچەرخاینو گەیشتینە گۆشەیەکی خانووەکە، چواردەوری خانووەکە حەوشەو باخ بوو. بەدەوری خانووەکەدا سووڕاینەوە تا لەپەنجەرەکانەوە تەماشا بکەینو بزانین پیاوە گەورەکانی شارەکەمان لەکوێدا دانیشتوون. ئەگەر بەدەوری خانووەکەدا بسووڕێینەوە دەکەوینە پشتەوە. هۆڵی دانیشتن دەبێ لەپێشەوەی ماڵەکە بێ نەك لەپشتەوە، بەڵام بینیمان قەرەباڵغییەکە لە ژوورێکی پشتەوەدایە. پەردەکانی ژوورەکە بەشی چاوێکی پشیلەیەك لاچووبوونو لەو کونەوە بەشێکی ناو ژوورەکەمان لێوە دیار بوو. گوێشمان لە پێکەنینو قسەکان بوو. ژیلمان بۆڕاندییەوە:

—ماڵەکەیان بەجێهێشتووەو هاتوونەتە پشتەوە.

حاجی تێبینییەکی بەجێی وت:

—ئەوان نایانەوێ حەرەس ئەوان ببینێ.

سەرەتاتکێمان کرد بۆ بینینی هەموو ئەوانەی ناو ژوورەکە. نە دایکی خۆمو نە دایکی ژیلمانمان نەبینی. ماوەیەك وا ماینەوە تا لەپڕ بەشێکی پەردەکە لادرا، ئافرەتێك بوو هاتو پەنجەرەکەی کردەوە:

—ئۆۆف لەو هەموو دووکەڵە.

پیاوێك لەناوەوە تەعلیقێکی لێدا بیرم نەماوە چی بووە چونکە نەمزانی واتاکەی چییە، ئەوانەی تر پێکەنین، ئافرەتێکی تر تەعلیقێکی لێدا ئەویشم بیرنەماوە چی بووە چونکە مێشکم بۆ لای دەنگێکی تر چووبوو: دەنگی دایکی ژیلمان.

خۆمان لەخوار پەنجەرەکەوە شاردبووەوە، زانیمان ئافرەتەکە ڕۆشت، هەڵسا‌ینەوەو تەماشای ناوەوەمان کرد، ئەو بوو، دایکی ژیلمان بوو، ئەی دایکی من کوا؟ دایکی خۆم لەلایەکی تری ژوورەکەدا بینی. چی دەکات؟ چیی لەبەرە؟ دایکی ژیلمان نیوەڕووت بوو، نیوەی سنگیو نیوەی پشتی دیاربوو، جگەرەی دەکێشا، دایکی منیش هەروا بەڵام ئەو جگەرەی نەدەکێشا، لەباوەشی پیاوێکدا دانیشتبوو و پێدەکەنی. ڕاستە؟ خەو دەبینم؟ ئەوە دایکی منە؟ دوو چاوم هەڵگلۆفتنو زەقمکردنەوە، ئەوە؟ ئەوە؟ بەڵێ ئەوە! لەباوەشی پیاوێکدا دانیشتووە، پیاوێکە

نایناسم، نەمدیوە، ئەوە باوکی خۆم نییە. لەباوەشیدا دانیشتووەو دەستی لەملی ئاڵاندووە. سمێڵزلێکی گووپ خڕپن، دەستی لە ملی ئاڵاندووەو ڕووی لە پیاوەکانی ترەو لەگەڵیاندا قسە دەکاتو بۆیان پێدەکەنێ.

هیچ گومانێکم نەما، ئەوە.. ئەوە.. لە ئاسماندا بوومو بەربوومە خوارەوە، لە کۆڵاندا یاریم دەکردو کاتێك بەپێکەنینەوە گەڕامەوە ماڵ وتیان دایکت مردووە.. بەڵام نەخێر! مردنی ئەو باشە، دەبوایە من بمردمایە.. بریا کە لەسکیدا بوومو تەمەنم دوو ڕۆژ بوو منی لەباربچوایەو بکەوتمایە ئاودەستی ماڵەکەمان.

## ٧

نەمانتوانی لەو شوێنە لابچین، نەفرەتمان دەکرد بەڵام تەماشامان دەکرد، وەکو کەسێکمان لێهات بەرەو مردن دەیبەنو چاو بۆ چەقۆی سەربڕینی زەق بکاتەوە. پیاوەکانو ژنەکان قسەیان دەکردو پێدەکەنین، چوار کەس لەسەر مێزێك قوماریان دەکرد، دووکەڵی جگەرە ژوورەکەی پڕکردبوو، ئەو پەنجەرەیەش کە بۆ دەرکردنی ئەو دووکەڵە کرایەوە ڕێگەی بە قسەکان دا بێنە دەرەوەو بیانبیستین. پیاوێکمان بیست باسی کچێکی وەزارەت دەکات، پیاوەکە بە سەروکەللەی لە وەزیر دەچوو. لەسەر قەنەفەیەکی تاك لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا. بەفیزەوە سەری بۆ ئاسمان بەرزکردبووەوەو تەماشای دووکەڵی جگەرەکەی دەکرد کە بۆ بنمیچی ژوورەکەی دەنارد، ئەوەی دەکردو باسی ئەو کچەی دەکرد کە چەند مانگێك بوو خۆی لێی دوورەپەرێز کردبوو بەڵام دوایی خستییە داوەکەوە، باش نەمبیست چیو چەندی بەو کچە دا، بەڵام بیستم پیاوێکی تر هاوار دەکاتو دەڵێ زۆرت داوەتێ، دەڵێ من تەنها هاندێکی مۆبایلو دوو کارتی دە دۆلاریم دابوویە (ئەو هاندو کارتانەی بە دڵسافیی خۆمان تەماشایان دەکەین بۆ ئەم شتانە بەکاردێن؟!) ئینجا وتی من وەکو فلان پیسکە نیم تەنها ئیجازەو موکافەئەو ئیفاد بۆ کچەکان بنووسم (ئەو وشانەم ناسییەوە چونکە باوکمو دایکم دەبیست باسیان دەکەن).

یەکێکی تر وتی کچێکی دەناسی بۆ خۆشیی خۆی لەگەڵیدا بوو و داوای هیچی نەدەکرد. مەزادێکی وام بینیبوو کاتێك لەگەڵ باوکمدا (ئای ئەگەر باوکم بزانێ!) چووبووین شتێك بکڕین، خەڵکێکی ئاسایی بوون، وەکو ئەوانەی ناو ئەو ژوورە جلی گرانیان لەبەردا نەبوو، ئەو کەسەی هاواری بۆ مەزادەکە دەکرد پیاوێك بوو لەو جۆرە کەسانەی کە پیاوەکانی ناو ئەم ژوورە بە پیاوی نزمیان دەزانن، پیاوێك بوو بە پانتۆڵێکی کۆنی خاکی یان بە شەرواڵێك لەهەمان ڕەنگ (بیرم نەماوە) هاواری دەکرد:

—دە دۆلار... دە دۆلار.. کێ زیاتر دەدات؟

ئەوەی لە ژوورەکەدا بینیم کەمکردنەوەی نرخ بوو، هەروەها مەزادیش بوو، ئازایەتیو لێهاتوویی زیاد دەکران، کێش بەکەمتر ئەو کچانەی دەستدەکەوێ.

ڕەوتی قسەکان گۆڕانو باس هاتە سەر پارە، ئەوەی وتی هیچی بۆ ڕابواردنی خۆی نەداوە دەیویست ئازایەتی ئەو کەسانەی شتیان بەو کچانە داوە کەمبکاتەوە:

—هەر کەس زۆر بدات زۆرتریشی لە وەزارەت دەستکەوتووە.. ئازایەتیو زیرەکی خۆش بێ.

باسی پارە گەرم بوو و بیستم هەر یەکێك باسی ئەوەی تر دەکات کە چەندی بەخشیوەو چەندی وەرگرتووە، ئەمجارە بۆ پیاوانو لە پیاوان، باسی پرۆژەو شتی لەو جۆرەیان دەکرد، توانجیان دەگرتە یەکتر:

—بەئێمە دەڵێی؟ دەزانین لەگەڵ کێدا شەریکی .. ئێمە لەوسەرییەوە هاتووینەتەوە.

ئەوەی ڕووی قسەکە لەو کرا ڕووی کردە یەکێکی تر:

—ئەی بۆ باسی ئەم ناکەن؟ پارەی هینی یابانی بۆ هینی چینی سەرف دەکات، با نەڵێم چییە. لیژنەی وەرگرتنیش بەشێکیان هەیە.

کەس تەریق نەدەبووەوەو کەس بەوی تری نەوت تۆ درۆ دەکەی، هەموو پێدەکەنین، پێکێ عەرەق بە دەستێك جگەرە بەدەستەکەی تر، تەنها خواردنەوەو دووکەڵو پێکەنین بوو، جاروبارێش کە دەستێك بەتاڵ دەبووەوە خەریکی لەشی ئافرەتێك دەبوو.

هەقم چییە؟ گرنگ ئێستا ئەوەی لەوبەرەوە لە باوەشی ئەو پیاوەدا دانیشتووە، چۆن ملی لە قۆڵی ئەو پیاوە ئاڵاندووەو بۆی پێدەکەنێ ئەویش مژ لە جگەرەکەی دەداتو پەنجە خڕەکانی لە لەشیدا دەچەقێنێ.

لەپڕ دایکی ژیلمان هەڵسا، بەرەو دەرگاکە ڕۆشتو دەستی پیاوەکەی ڕاکێشا، پیاوەکە نیوە هەڵسانێك هەڵساو جگەرەکەی کە نیوە سووتابوو لە دڵی تەپڵەکەکەدا کوژاندەوە، تەواو ڕاست بووەوەو شوێنیکەوت، ژیلمان بۆڕاندییەوە:

—بابزانین بۆ کوێ دەچن.

شوێنی ژیلمان کەوتین بۆ پەنجەرەی تەنیشت، پەنجەرەی هەمان ژوور بوو، ئینجا بۆ پەنجەرەکەی تەنیشتی ئەو. ئەوەیان ژوورێکی تر بوو. درزێکی ناو پەردەکانمان بەس بوو بۆ ئەوەی بزانین ئەو پیاوە چی لەگەڵ ئەو شیرین خانە دەکات. ژیلمان توند دوو دەستی بەسەر کەللەی زلیدا هێنا وەك بەتوندی بیشواتو بۆڕاندییەوە:

—ئەو قەحبەبابەم بینیوە بۆ ماڵمان دێو هەموو جارێك دایکم دەیناردم بۆ لای ئێوە.

لێم پرسی:

—ئەی باوکت؟

بۆڵەیەکی توندی کپی کرد:

—ئەو بێئەخلاقەی باوکم پێش هاتنی پیاوەکە ماڵەکەی بەجێدەهێشت، ئێستا بیرمکەوتەوە. ڕۆژێك ئیشی هەبوو و نەڕۆشتبوو دایکیشم پێی وت دەی دڕکی مەمو زین چۆڵی بکە.

دەنگی ژیلمان بەس بوو بۆ ئەوەی دوانی ناو ژوورەکە هەست بە شتێك بکەن. پیاوەکە هاتە بەر پەنجەرەکەو پەردەکەی لادا. باش بوو ئەو سەیری سەرەوەی دەکردو ئێمە لە خوار پەنجەرەکەوە بووین. خێرا خۆمان دانەواندو نقەمان لە خۆمان بڕی. ئەو نەختەی ئەو پیاوەم تێیدا بینی بەس بوو بۆ ئەوەی وێنەکەی وەکو بنێشت بەمێشکما بچەسپێ؛ تەنها دەرپێیەکی کورتی سپیی لەپێدابوو، کەمێك کورتە باڵابوو و ورگی نەختێك دەرپەڕیبوو، ناوکی زۆر گەورە بوو و لە چاوی جنۆکە دەچوو، مەمکی بەسەر سنگیدا شۆڕبووەوە، سمێڵی ڕەشو قژێکی ڕەشی هەبوو. بەکورتی بەو ڕووتییەو بەو دەموچاو و لەشولارە لە گوو دەچوو.

پیاوەکە هیچی نەبینیو پەردەکەی بەلادراوی بەجێهێشت. گوێمان لە دەنگی دایکی ژیلمان بوو:

—ساماڵە حیز پەردەکەت لەبیرچوو.

پیاوەکە گوێی نەدایەو نەگەڕایەوە لای پەردەکە. بە ژیلمانم وت:

—باوکت بەو ناشیرینییەی خۆیەوە سەد قات لەمە جوانترە. دایکت لەگەڵ ئەو گووە ڕەشە دەرپێ سپییە ڕادەبوێرێ.

ژیلمان بۆڕاندی:

—ئەی دایکی خۆت نەبینی لەباوەشی کێدا بوو.

تووڕەبوومو قۆڵم لەسەری ئاڵاندو بۆکسم بە تەپڵی سەریدا کێشاو بەکپی هاوارم کرد:

—باسی دایکم نەکەی.

گوێم لە هاواری ناڕەزایی ژیلمان بوو لەژێرەوە دەهات:

—ئای لەوە! ئای لەوە! خۆ دەڵێ باسی دایکم مەکە!

بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی حاجی بوو. حاجیو دەنگەکەی وەکو قەبر هێمن بوون:

—بچین دایکمان بدۆزینەوە.

دیار بوو لەبەر تووڕەبوونو بۆڵەو شەڕەکەمان ئاگامان لە دەنگمان نەبوو. گوێمان لە دەنگی پاسەوانەکە بوو بەرەو لای ئێمە دەهات:

—کێیە لەوێ؟

بەرلەوەی بگاتە لامانو بێئەوەی هەست بەخۆمان بکەین بەپەنا دیوارەکە خۆمان گەیاندە پشتی گۆشەی ئەو دیوارەو لەوێوە بۆ ناو درەختەکانی باخەکە. خۆمان دا بەزەویدا. باش بوو کە ئێمە چووینە ناو درەختەکان وەزعمان لەپشیلەیەکی بێئاگا تێکداو ڕایکرد، پشیلەکە هاتە فریامانو خۆی نیشانی پاسەوانەکە دا. پاسەوانەکە جوێنێکی بە پشیلەکە دا بەڵام دیاربوو لەبەر ئەوەی سەیری ناو ژوورەکەی دەکرد بەپێویستی نەزانی شتێکی تێبگرێ. گوێمان لێ بوو بەئەسپایی جوێنێك بە گەلۆقنگی ئەو پیاوە دەدا کە خەریکی دایکی ژیلمان بوو.

زانیمان کە دەبێ بڕۆین، ئەی چۆن منو حاجی بزانین دایکمان چی دەکات؟ ئێمە دەمانویست بزانین، ژیلمانیش حەزی دەکرد، بەڵام هەر دەبوایە بڕۆشتینایە. هەر لەشوێنەکەی خۆمانەوە بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتینو خۆمان خستە ناو کۆڵانەکە.

تا گەیشتینە ماڵەوە کەسمان قسەیەکمان نەکرد، منو حاجی ئۆمێدمان هەبوو کە ئەوەی دایکمان کربووی تەنها دانیشتن بوو لە کۆشی ئەو پیاوە. ئەوە ئاواتو هەستی من بوو، حاجیش ئەوەی نەوت بەڵام من ئاگام لە دڵی بوو.

## ٨

بەوڕی گەیشتینەوە ماڵ. حاجی لە حەوشەکەدا مایەوە بۆ ئەوەی چۆن هێنامە دەرەوە بیبەمەوە ژوورەوە. باوکمان ئەو وڕییەی بینیمو لێی پرسیم چیمە، یەکسەر درۆیەکم بۆ هات:

—شتێکی خراپم لە ماڵی ژیلمان خواردووەو سکم پێی تێکچووە.

تازە لەمڕۆ بەدواوە دەبێ وەکو گەورەکان درۆ بکەم، بەڵام کەی درۆی ئێمە لە هی ئەوان دەچێ؟

باش بوو باوکم باسی دوکتۆرو نەخۆشخانەی نەکردو پێی وتم بڕشێمەوە. بەقسەم کردو چوومە سەر دەستشۆرەکە. بەدەنگی بەرز ئۆع ئۆعم کرد تا باوکم بیبیستێ. دڵی خۆم بە حاجیی وت:

—ئەگەر باوکمان لەوێدا بوایە ئەو بەڕاستی دەڕشایەوە.

باوکم هاواری بۆ کردم:

—چیت خواردبوو؟

هاوارم بۆ کردەوە:

—پیتزا.

هەر ئەو پیتزایە بوو ئیتر باوکم یەك قسەی لەگەڵدا نەکردم. بەختی خۆم لانە جیقەن تا ئەو کاتە تەپاتلی دەداو خەوی لێنەدەکەوت بۆیە هاتە لای باوکمانو مەشغوولی کرد.

کات تێپەڕیو خانمی ناو ئاهەنگ بەدڵی خۆی لەو ئاهەنگە هاتەوە. کە گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو مێشکی خۆمم گوشی تا بیرمبکەوێتەوە کاتی تر کە لەو ئاهەنگانە دەهاتەوە حاڵی چۆن بوو؛ وەکو کاتی تر پێدەکەنیو ڕووی خۆش بوو یان هەستی بە تاوانباری دەکردو بەو هەستەوە تەماشای باوکمو ئێمەی دەکرد؟

بەرلەوەی هیچم بیربکەوێتەوە ئەو هاتە ژوورەوەو بینیم دەم بە زەردەخەنەو بەزەوقەوە دێتە هۆڵەکە. ئەو دەستەی بەرزکردەوە کە جانتاکەی هەڵگرتبوو هاواری بۆ کردین:

—چۆنن پیاوەکانی ناو ماڵ؟

پیاو؟ باوکیشمان پیاو نییە. باوکمان وەڵامی دایەوە:

—ئاهەنگێکی خۆش.

خانمی ناو ئاهەنگ تێبینییەکی هەبوو:

—کەی لەدەرەوە هاتیتەوە؟

وەڵامی دایەوە:

—نەڕۆشتم تا بگەڕێمەوە.

چاوم لێبوو دایکم بەپێکەنینەوە چاوێکی لێ داگرت (خەریکە بەهرەی تێبینیی وردم بۆ دروست دەبێ):

—یەعنی خۆت لە ماڵ نەدزییەوە بۆ لای هاوڕێیە قومارچییەکانت؟

باوکمان بەسەر ئاماژەی بۆ کردم:

—کوڕەکەت لەجیاتی من چووە دەرەوەو قوماری کرد.

ئەمجارە دایکم هەڕەشە کۆنەکەی لە باوکم نەکردو هاواری بۆ نەکرد: نەوزااااد!

هەندێ قسەی بێمانای تریان کردو من قێزم لە دوو گوێچکەی خۆم دەکرەوە.. ئەوەمان بینی کە بینیمان، دایکیشمان بەوپەڕی زەوقەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پەشیمانیش هیچ، هەست بەتاوانباریش هیچ. تەماشای حاجیم کرد (کە هاتبووە هۆڵەکە گوایە خەوی لێنەکەوتبوو) تا بزانم هەست بە چی دەکات. حاجیم بینی بەوریییەوە تەماشای بنمیچی ژوورەکە دەکاتو ئەو قوپاوییەی دوو ڕوومەتی قوپاوتر بوون، وەکو کەسێکی فلمی کارتۆنی لێهاتبوو کوتەکێك لە سەری دراوەو چۆلەکەکان بەدەوری سەریدا دەخولێنەوە.

ئینجا بیرمکەوتەوە؛ هەر کاتێك دایە دەگەڕایەوە بەکەیفەوە دەگەڕایەوە بەڵام کەسمانی ماچ نەدەکرد، خێرا دەچووە ژوورەکەیو جلی ناوماڵی دەکردەبەرو زۆری پێنەدەچوو خەوی لێدەکەوت. ئەمشەویش هەروا بوو، منیشو حاجیش سەرو شەقێکمان لە قنگی خۆمان هەڵدا تا بچینە ژوورەکەمان. لانە کە هێشتا لە هۆڵەکەدا مابوو پرسیارێکی گرتە پشتم:

—چیت خواردبوو؟

سەرەتا نەمزانی باسی چی دەکات، ئینجا درۆکەم بیرکەوتەوە کە وتبووم شتێکی خراپم خواردبوو. درۆیەکی ترم کرد:

—گەس.

ئەو نەوسنە بەرلەوەی باوکم بپرسێ ئەو پرسی:

—ئەی نەتوت پیتزا؟

لانە جیقن.. کە بیستووتە بۆچی دەپرسیتەوە؟ بەڵام هەر ئەمشەو درۆکردن لام ئاسان بوو. وەڵامی ئەو بێئاگایەم دایەوە:

—من گەسو حاجی پیتزا.

وڕی لەبیری بردمەوە کە باوکم نازانێ حاجی لەدەرەوە بوو، قسەکەم وتو هەر ئەو چرکەیە بیرمکەوتەوە. خۆم ئامادە کرد بۆ پرسیاری باوکم بە درۆیەکی تر: حاجی لەخەویدا پیتزای خواردبوو، بەڵام باش بوو باوکم نەیپرسی چونکە دیار بوو وایزانی گاڵتەوگەپی منداڵانە. لانە ڕستەکەی منی بەدڵ بوو کە وتم ((من گەسو حاجی پیتزا)) بۆیە بەپێکەنینەوە هاواری کرد:

—حاجی پیتزا.. حاجی پیتزا.

منداڵ چەند گوناهە! ئێمەش وەکو ئەو منداڵ بووین بەڵام ئەو شەوە لەپڕ گەورە بووین.

## ٩

ئەو شەوە تا درەنگ منو حاجی لەسەر جێگە قسەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. ویستم دڵنەوایی خۆمو حاجی بدەمەوە. پێم وت لەوانەیە دایکمان تەنها لەباوەشی ئەو پیاوەدا دانیشتبێ بۆیە کاتێك گەڕایەوە هەستی بە پەشیمانی نەدەکرد، بۆچوونێکی سەخیفیشم بە حاجی وت کە لەوانەیە ئەو پیاوە خزمێکی نزیکی خۆمان بێو ئێمە نایناسین، ڕەنگە مامی یان خاڵی دایە بێ. حاجی قسەیەکی لەوە مەعقوولتر کرد، ئەو وتی لەوانەیە دایکمان بەدزییەوە شووی بەو پیاوە کردبێو دوو مێردی هەبێ وەك چۆن هەندێ پیاو دوو ژنیان هەیە.. خوا بکات شووکردن بێ. ئای حاجی! تۆی لە من بەتەمەنترم لە خۆم بەمنداڵتر دەزانی کەچی بە یەك شەو بوویتە شایەنی تەمەنی خۆت. کۆتایی قسەکانیشمان بڕیار بوو کە جارێکی تر بچینەوەو دڵنیا بین.

بەیانییەکەی هەر ئەوەندە ئەو نیازەم بە ژیلمان وت بۆڕاندی: منیش دێم. هەڕەشەکردنو هەوڵی پەشیمانکردنەوە سوودیان نەبوو، ئینجا نۆرەی خۆی بوو هەڕەشە بکات کە باسی هەموو شتێك بۆ دایکمانو باوکمان بکات.

هەفتەکە تێپەڕیو نۆرەی ئاهەنگێکی تر بوو، بۆ نەهێشتنی گومانیش شەوانی ئەو هەفتەیە بەردەوام یان من لای ژیلمان دەبووم یان ئەو دەهاتە ماڵمان. بڕیاریش بوو ئەو هەفتەیە ژیلمان گوێچکە زلەکانی زلتر بکاتو گوێ لە دلیکی بگرێ تا بزانێ کەی ئاهەنگەکەیە. دەشبێ دوای ئەوە وای ڕێکبخەین شەوی ئاهەنگ نۆری من بێ بچمە ماڵی ژیلمان. ژیلمان دڵی بەو نەخشەیە خۆش بوو و وایدەزانی ئەکتەرێکی سینەمایە. ئەو کەرە! ئێمە دەچووین بۆ سەیری دلیکی کەچی کەیفی بەو ئیشە دەهات.

شەوی ئاهەنگەکە هاتو هیچ بەربەستێك نەهاتە بەردەممان. وەکو جارەکەی تر حاجیم لە پەنجەرەکە دەرباز کردو هەر سێ بە تەکسی چووینە لای ماڵی وەزیرو ئەمجارە لە سەرکەوتنو چوونە خوارەوە شارەزا ببووین. ئەو شارەزاییەی خۆمان خستە گەڕ بۆ ئەوەی بچینە حەوشەی پشتەوەی خانووەکەو لە پەنجەرەی ئەو ژوورەوە تەماشای ناوەوەی بکەین.

وا دیار بوو ئەمجارە دایکی ژیلمان گڕی گرتبوو و پەلەی بوو چونکە بینیمان دەستی پیاوێکی تری گرتبوو و پێکەوە دەگەڕانەوە ژووری دانیشتنی ئەو پیاو و ئافرەتانە. شیرین خان پەلەی بوو یان فێرە شەوی لەگەڵ چەند پیاوێکدا خەریك بێ؟ شێوەی ئەو پیاوە باشتر بوو لەو گووە ڕەشە دەرپێ سپییەی جارەکەی تر، ناوەکەیم بیرماوە: ساماڵە حیز. ئەوانەی ناو ژوورەکە ئەو جووتەیان بینیو کەوتنە گاڵتەکردن لەگەڵ ئەو پیاوە:

—زۆر خێرابووی.

پیاوەکە شوێنی سمێڵی سڕییەوە، دایکی ژیلمانیش لەجیاتی ئەو وەڵامی دایەوە:

—ئەی نابێ بیسەلمێنێ کە کەڵەشێرە.

قسەکە هی پێکەنین نەبوو بەڵام هەموویان پێکەنین، گوێمان لەو کەللەزلەی شێوە وەزیرە بوو:

—کەڵەشێر؟ کەڵەشێرەکانی دائیرە بەم دوودەگییە فێرن.

ئەو پیاوەی قسەکەی پێوترا دەمی کردەوەو قاقا پێکەنی:

—ها ها ها ..

گوێم لە دەنگی دایەش بوو پێدەکەنیّ، ئینجا قسەیەکی کرد لەشوێنی خۆمدا وشکی کردم. بینیم بە لەنجەولارەوە بەرەو ئەو کەللەزلەی شێوە وەزیرە دەڕوات، خۆی بۆ دادەنەوێنێتەوەو باوەش بە ملی بەرازی دەکاتو سەری لە سەری کەللەگامێشی نزیك دەخاتەوەو پێی دەڵێ:

—بۆچی نایەت فەحسێکت بکەم؟ کێ ناڵێ تۆش دوودەگی نیت.

هەموو بەدەنگی بەرز پێکەنین، ئەویش دووکەڵی جگەرەکەی بەفیزەوە لە دەمی بۆقییەوە بۆ سەرەوە هەڵداو پێکەنی، ئینجا نوقورچێکی لێگرتو پێی وت:

—تۆ فەحسم بکەی ڕازیم.

خوێنی شل لە لەشمدا نەما، نەختێکی تر هەموو لەشم دەبێ بە بەرد. نەخێر ئەمە ڕاست نییە، ئەمە خەوە، سەرم کێشا بە قەراغە ڕەقەکەی پەنجەرەکە بەڵکو خەبەرم بێتەوە. بەڵام من لەهەمان شوێندامو هەر ئەو دیمەنە دەبینم. ئاوڕم بۆ حاجی دایەوەو تەماشام کرد. هیچ شتێکم بەڕوویەوە نەبینی. ئەو لەفافەش کە هێشتا لەسەری نەکرابووەوە وەکو کەسێکی لێکرد لە هەسارەیەکی دووری ئاسمانەوە هاتبێ. لەدڵمدا هاوارم لێکرد: ((تۆ چیت؟ هەست بەم نەگبەتییەمان ناکەی؟)).

لەپڕ هەردوو جووتی ناو ژوورەکە هەڵسانو چوونە دەرەوە، وەکو دایکی ژیلمان لە جارەکەی تر چوونە ژوورەکەی تەنیشت، ژیلمان بەگوێمدا چرپاندی:

—بۆچی ناڕۆی تەماشای دایکت بکەی؟

بۆکسێکم بە دەموچاویدا کێشاو تەختی زەویم کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسامو ڕۆشتم، کاکە بەو بێدەنگییەی لە گۆڕستانی خواستبوو شوێنمکەوت.

لەخوارەوەی پەنجەرەکە دانیشتین، بینیم ژیلمان هاتووەو دەموچاوی کە بۆکسەکەی بەرکەوتبوو دەخورێنیّ، پەنجەکانم لە قورگی توندکردو سەریم بە دیوارەکەوە نووساند:

—ئەو سەرە زلەت بەرزبکەیتەوە بۆت دەتەقێنم.

ناچار بوو گوێڕایەڵم بێ. ئەو سەری نەجووڵاند بەڵام من دوو جار سەریم بە دیوارەکەدا کێشا. گوێمان لە دەنگی دایە بوو بە پیاوەکەی دەوت:

—پەردەکە دادەرەوە.

گوێمان لێبوو پیاوەکە دەڵێ:

—نایەوێ.

دیارە ئەو بێئەخلاقە حەزی دەکرد هەست بکات پەردەکە لاچووەو کەسێك سەیریان دەکات، کەسێك سەیری گەلۆقنگی حیزی دەکات.

کاکە لەسەر ئەژنۆ دانیشتو دوو دەستی خستە سەر قەراغی پەنجەرەکە، دەموچاوی بە شووشەی پەنجەرەکەوە نووساندو تەماشای ژوورەوەی دەکرد، کراسەکەیم ڕاکێشا تا دانیشێ بەڵام موویەکیش نەجووڵا، دەبوایە هەولم بلیە

کاکە دانیشێتەوەو ژیلمان لە شوێنی خۆی هەڵنەسێ، ژیلمان بەکپی دینەڕاند:

—با تەماشا بکەم.

قۆڵم لەسەری ئاڵاندو کەوتمە لێدانی لەسەر تەپڵی سەر:

—بۆچی سینەمایە قەحبەباب؟

لەژێرمەوە بۆڕەی دەهات:

—ئەی بۆچی هێشتم سەیری دایکم بکەی؟

دیاربوو ئەمجارە دەنگمان بەرزتر بوو بۆیە گوێم لە دەنگی دایە بوو:

—کەسێك لەدەرەوە هەیە.

ویستی هەڵسێو تەماشای پەنجەرەکە بکات، پیاوەکەش پێوەی نووسابوو و نەیدەهێشت بڕوات. دوایی ئەو زاڵ بوو و هەڵسا. بینیمان بەرەو پەنجەرەکە دێ، بەدیمەنەکەی خەریك بوو دەڕشامەوە.

نزیکتر کەوتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگات لەشوێنی خۆیدا وشك بوو و زریکەیەکی کرد، لەناو تاریکیی حەوشەکەدا دەموچاوێکی لێوە دیار بوو، دەموچاوێك بەپەنجەرەکەوە نووسابوو و سەری بە پەڕۆیەکی سپی بەسترابوو.

ترس لەشوێنی خۆیدا هێشتبوویەوە، ئینجا هۆشی بۆ گەڕایەوەو بەترسەوە چەند هەنگاوێك پاشەوپاش گەڕایەوە دواوە، کاکەی ناسییەوە، دیارە کاکەی ناسییەوە، دەموچاوێکی تریشی بینی، دەموچاوێکی ترە بەڵام دوورترە، خۆم بووم.. منیشی ناسییەوە؟ نازانم، بەڵام ئەگەر ئەوەیان حاجیی کوڕی بێ کەواتە تارماییەکەی تر کوڕەکەی تریێتی.

حاجی لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو و دوو دەستی خستبووە سەر قەراغی پەنجەرەکەو دەموچاوی بەپەنجەرەکەوە نووساندبوو و ئەو دەموچاوە وڕەی بەسەریدا پان ببووەوە، تەماشای دایکی دەکردو وەکو کەسێك بوو بیەوێ تێبگات چی لەو ژوورەدا ڕوودەدات تەماشای دەکرد. دایکی حاجی زریکەیەکی تری کردو هەنگاوێکی تر چووە دواوە، ویستی خۆی بە دوو دەستی خۆی داپۆشێ... چیت بۆ دەکەن ئەو دوو دەستت خانم، دوو دەستت شەرەفی خۆتو باوکمان داناپۆشێ.

زانیم کە دەبێ خێرا ڕابکەینو لەو شوێنەدا نەمێنینەوە. دەبوایە بچووینایەتە ژوورەوەو وەکو پۆلیسێك درێکی گرتبێ ئابڕووی هەموویانمان ببردایە، بەڵام نەخێر، دز خۆمان بووین، غەریب خۆمان بووین، ئێمە هەڵەمان کردووە کە سنووری ئەم شوێنە بەرزەمان بەزاندووە، ئێمە خراپین، دەبێ ئێمە وەکو دز ڕابکەین، ئەوان خاوەن ماڵنوپیاوو ژنی چاکن، کەسی گەورەی ناو خەڵکەکەن، ئێمە چووینە ڕیزی ئەو خەڵکە نزمەی حەرەسیان لە بەردەرگا بۆ دوورخستنەوەیان داناوە.

پیاوەکەمان بینی وەکو بۆق بەرەو پەنجەرەکە دەکشێ، ژیلمان وتی با ڕابکەین، منیش وتم با ڕابکەین، حاجیش هێشتا دەموچاوی بە پەنجەرەکەوە نووساندووەو تەماشا دەکاتو دەیەوێ تێبگات، پەلیم گرتو ڕامکێشا، هەڵمساندو پاڵم پێوە نا، لەپڕ کاکە تێگەیشت، لەپڕ زانی کە ئەویش دەبێ ڕابکات، زانی ئەو لێرەدا غەریبە، ئێرە شوێنی ئەو نییەو دەبێ ڕابکات پێش ئەوەی بیگرن.

خێرا بەرەو دیوارەکە ڕۆشتین، هاواری بۆقە ڕووتەکە بۆ حەرەس وەکو فیشەك دەیدا لەپشتمان، هێندە شپرز بووین تا بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتین‌و چووینە خوارەوە سەرو گوێلاکی یەکترمان شکاند، چووینە کۆڵانەکەو بەسەر جادەکەدا ڕامان کرد، وەکو شێت بەسەر جادەکەدا ڕامان کرد، .. ڕاکەن .. ڕاکەن، پیاوە بەرزەکانی ناو خانووە بەرزەکە پێیان زانین‌و حەرەسیان بەدواتاندا ناردووە تا ئێوەی دز بگرن، ڕاکەن.. ڕاکەن.. ئێرە شوێنی ئێوە نییە.

١٠

لە ماڵەوە گیرساینەوەو نەمزانی چۆن وەڵامی باوکمم دایەوە کاتێك ئەو باوکە بێئاگایە بەدەنگێکی سەرخۆشەوە ئەو پرسیارەی کرد کە دەبێ هەر کەسێك بیکات بەم وەزعە بمبینێ:

—بۆ وا شپرزی؟

چەند وشەیەکم وت خۆم نەمزانی چین‌و خۆم گەیاندە ژوورەکەم، لەپشتەوە باوکم بیست لە حاجی دەپرسێ چۆن چۆتە دەرەوەو هەمان ئەو پرسیارەی لە منی کرد لەویش دەکات ئەویش وەڵامی ناداتەوەو بەسووکی شوێنم دەکەوێ. نەوەکو باوکیشم شوێنمان بکەوێ‌و جارێکی تر بپرسێتەوە لەناو دەرگای ژوورەکەدا وەڵامێکی تری باوکم بە هاوارێکی نزیك لە گریان دایەوە:

—حاجی لەگەڵ ژیلمان شەڕی بوو.

دەبوایە بموتایە لێدانی خواردووە، چونکە حاجی شەڕ ناکات، حاجی لێدان دەخوات.

باوکم هێندەی خواردبووەوە بە لەقەلەق هات‌و حاجیی وەستاندو لەشیی پشکنی، خوار چاوی چەپی کاکە شین ببووەوە، باوکم لێی پرسی:

—شوێنی ترت ئازاری پێگەیشتووە؟

حاجی نووزەیەکی کردو یەك وشەی وت:

—زۆر.

ترسام ئەگەر باوکم زۆری لەگەڵدا بلێ هەموو شتێك باس بکات، ئەو کاتە کارەسات دەبوو، دەبێ باوکم هیچ نەزانێ، خۆم بەخت کردو گەڕامەوە هۆڵەکەو بە حاجیم وت بچێتە ژوورەکەمان، حاجی ئاوڕی نەدایەوە، قاچی لە زەوی خشاند(ئەمجارە دوو ئەژنۆی کەمتر دەنوشتانەوە)، چووە ژوورەوەو دەرگاکەی داخستەوە.

خۆم بۆ پرسیارەکانی باوکم ئامادەکرد کە دەمزانی یەکەمیان ئەوەیە کوێی تری لەشی حاجی بەر لێدانی ژیلمان کەوتووە، حەزم نەکرد باوکم لەمنیش بپرسێ، ئەوەی بینیم وای لێکردم حەز نەکەم یەك وشە لە یەك کەس ببیستم، لەگەڵ ئەوەشدا بەباشم زانی چاوەڕێی دایکم بکەم کاتێك دەگەڕێتەوەو ڕوویەکی مۆن‌و تووڕە.. بەڵێ، ڕوویەکی پڕ هەڕەشەی پیشان بدەم، حەزم کرد لەبەردەمیدا بوەستم‌و دوو مشتم توند بکەم‌و سنگم بکەمەوەو دوو چاوی پڕئاگر لەو لەشە ناپاکەی بچەقێنم.

لە هۆڵەکەدا چاوەڕێم کردو خواردنەوەو تەلەفزیۆن باوکمیان بێئاگاتر کردبوو، باشتر بوو کە بێئاگابوو، نامەوێ تاکو تاوانبارەکە دەگات هێندە لەگەڵ باوکمدا قسە بکەمو خۆم لە پرسیارەکانی بدزمەوە تا دادەمرکێمەوە، ناشمەوێ ناچار بم ئەو ڕاستییەی پێ بڵێم کە بەسە بۆ ئەوەی ئاگر بەربداتە هەموو ماڵەکە، بەڵام دەکرێ باوکمان تا سەر وا بێئاگابێ؟ دەکرێ تا دەمرێو تا دەمرین خەڵەتاو بێ، نەخێر ناکرێ بەڵام ناشکرێ پێی بوترێ، کەواتە با ئەمشەو کۆتایی بەو تاوانبارییە بێ، دەبێ تاوانبارەکە ئەمشەو بڕیاری تەوبە بکاتو لەبەردەمی خۆمو کاکەدا بەگریانەوە داوای لێبوردنمان لێبکات، دەبێ ئەو ئیختیارەمان بداتێ کە پیاوی ماڵەکە بزانێ یا نا، ئەو کاتەش منو کاکە پێی دەڵێین لەبەر خاتری هێشتنەوەی ماڵەکە بە پیاوی ئەم ماڵە ناڵێین، بەڵام دەبێ سوێند بخوات ئەمە دوایەمین جار بێ، بەڵام سوێند بە چی بخوات؟ بە خوا؟ بە شەرف؟ نەخێر با سوێند بخواتو بڵێ خوا هەردوکتانم لێ بسەنێ، حاجیی لێ بسەنێ پێش من، ئەگەر جارێکی تر ئەوە بکەم، ئێمەش لەمەودوا چاودێریی دەکەین، ناهێڵێین شەوانە بچێتە دەرەوە، یان لەگەڵ ئێمەدا دەبێ یان لەگەڵ باوکمان، وەزارەتیش هیچ، لەسبەینێیەوە نابێ بچێتەوە بۆ دەوام، دەبێ ئەم قسانەو لەوانە زیاتری پێ بڵێین، ئەگەر ڕازیش نەبوو بە پیاوی ماڵەکە دەڵێینو چش لەهەموو شەڕێك.

بەڵێ، دەبێ ئاوا قسەی لەگەڵدا بکەین بۆیە تا دێتەوە نابێ ساردببمەوە، ئەگەر کەمێکیش ساردبوومەوە، ئەو کەمە بە نواندنی تووڕەبوون پڕ دەکەمەوە، ئەوەتا دەنگی دەرگای حەوشەی دەرەوەیە، با خۆم ئامادە بکەم.

دەرگای مەدخەلەکە دوای دەرگای دەرەوە کرایەوەو تاوانبارەکە هاتە ژوورەوە، چوومە بەردەمیو هەردوو مشتم توندکردنو سنگم بردە پێشەوەو لەبەردەمیدا دوو چاوی تووڕەم زەقکردنەوە، تووڕەبوونێکی لەوەش گەورەترم نواندو لەوە زیاتر دوو چاوم کردنەوە تا خەریك بوو هەردوکیان دەرپەڕن.

هاتو ئەو شەوقو کەیفەی جارانی نەبوو، بەڕوویەکی بۆرەوە بەلامدا تێپەڕیو تەنانەت نیوە ئاوڕیشی بۆ نەدامەوە، منی هەر نەبینیو بەرەو ژوورەکەمان ڕۆشت. دیار بوو منی لا گرنگ نەبوو و دەیویست بۆ لای حاجی بڕوات، ئەو تەنانەت ئاوڕی لە باوکیشم نەدایەوەو سەلامی لێنەکرد.

من دەترسام زیاد لەپێویست بەڕوویدا بتەقمەوە کەچی لەشوێنی خۆمدا فش بوومەوە، وەکو سیسرکێکی تۆپیو کەسێك بە نەعلەکەی فلیقاندبووی لەناوەڕاستی ژوورەکەدا مامەوە. سەرەڕای شکستەکەم زانیم کە نابێ یەکسەر کۆڵ بدەم، ئەمجارە هەموو تووڕەبوونو چاو زەقکردنەوەکەم با نواندن بێ. جووڵاو شوێنی کەوتم.

دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بینی تاریکە، گڵۆپەکەی داگیرساند. چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕاو حاجیی نەبینی. باش بوو حاجی لەژوورەکەدا نەبوو، باش بوو یان خراپ نازانم، نەباشو نەخراپ. چووە ژوورەوەو ژوورەکەی بەچاو پشکنییەوەو حاجی هەر دەرنەکەوت، لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو و من لەپشتییەوە بووم، لەپڕ ئاوڕی بۆ دامەوە:

—کاکت کوا؟

خۆم لەبیر چوو و خەریك بوو بەشێوەیەکی ئاسایی وەك چۆن هیچ شتێك ڕوووینەدابێ وەڵامی بدەمەوەو بڵێم هەر ئێستا لێرەدا بوو، بەڵام بیرمکەوتەوە کە ئێمە ئێستا لە حاڵەتی جەنگداین، دیمەنەکەی خۆمم دووبارە کردەوەو دوو مشتم توند کردنو سنگم بردە پێشەوەو دوو چاوم زەقکردنەوە، ئەو بایەخی بەو شتانە نەداو لێی پرسیمەوە:

—حاجیت چی لێکرد؟

بەتووڕەبوونێکی نیواونیوەوە دوو مشتە توندەکەم بەرز کردنەوەو وتم:

–تۆ حاجیت چی لێ کرد؟ ئەی ئێستا بۆچیتە؟ بۆ ئەوەی ....

هەر ئەوەندەم پێ بوو بیڵێمو قسەکەم تەواو نەکرد، ئەویش چاوەڕێی تەواوکردنی قسەکەی نەکردمو چووە دەرەوەی ژوورەکە، منیش وەکو تووتکە سەگێك بەکزۆڵییەوە شوێنی کەوتمو بێئەوەی هەست بە خۆم بکەم گڵۆپەکەم کوژاندەوە. چووە ژوورەکەی لانەو هاتەوە دەرەوە، دیاربوو لەوێشدا حاجیی نەبینی.

کەمێك لەناو هۆڵەکەدا وەستاو لەپڕو وەك شتێکی بیرکەوتبێتەوە ئاوڕی بۆ ژوورەکەی ئێمەی دایەوە کە دەرگاکەی کرابووەوەو لەناوەوە تاریك بوو، بەحەزەرەوە چووەوە ناو ژوورەکە، لەسەرخۆ بەرەو کەنتۆری جلەکانمان ڕۆشت، لەسەرخۆ دوو دەرگای ناوەڕاستی کردەوە. ئەو بەشە ڕەفەی نەبوو و قاتو کراسو پانتۆڵەکانمان لەناویدا هەڵواسرابوون. لەو ڕووناکییە کەمەی لە هۆڵەکەوە دەهات دوو قاچی کاکە دیاربوون، کاکە لەناو تاریکایی کەنتۆرەکەدا بەسەر لای چەپیدا دانیشتبووو لەژێر کراسو پانتۆڵو قاتە هەڵواسراوەکانەوە دووقاچی درێژی نوشتاوی لەسەر زەویی کەنتۆرەکە دیاربوون. دایە کراسو پانتۆڵە هەڵواسراوەکانی لادا تا باقی لەشی حاجی ببینێ، حاجی لای چەپی لەشیو ڕوومەتی چەپی بە کەنتۆرەکەوە نووساندبوو.

لەو تاریکییەدا ڕووناکیی چاویمان بینی کە کراوە بوون، حاجی کە چووە ژوورەوە گڵۆپەکەی کوژاندەوەو شوێنێکی نەدۆزییەوە تێیدا تەنیا بێ ناو کەنتۆرەکە نەبێ، شوێنێکی دوورتر لە ماڵەکە، تاریکتر لە ژوورەکە، یەکێك بوو لەو جارانەی بەزەییم بە کاکەدا دەهاتەوە، بەتایبەت کە دوو قاچە درێژە نوشتاوەکەیو دوو چاوی کراوەیم دەبینی، حاجی وەڵامی نەبوو بۆ ئەو پرسیارەی دایە لێی کرد:

–حاجی گیان بۆ چوویتە ناو ئەم کەنتۆرە؟

دەستی گرت بۆ ئەوەی هەڵیسێنێو بیهێنێتە دەرەوە. دەستی حاجی شل بوو، وازی لە دەستی دایکی هێنا بیگرێو بەسووکی بۆ لای خۆی ڕاییکێشێ بەڵام لەشی نەجووڵا.

–چی دەکەن؟

دەنگی باوکم بوو، وتم پرسیارێکی جیددی دەکات، وتم ئێستا لەم شتە سەیرانە دەکۆڵێتەوە، ئێستا هەست بە شتێك دەکات.. هیچیان نەبوو و یەکەم جار بوو هێندە وڕو گێژ بیبینم، دەنگە سەرخۆشە بێباکەکەی لەپشتمانەوە دەهاتە ناو ژوورە تاریکەکە:

–شوێن نەماوە بۆ چاوشارکێ ئەو کەنتۆرە نەبێ؟

## ١١

-ئەگەر ئەو باوکم نییە بۆچی ئەو باوکمە؟

پرسیارێکی حاجی بوو پاش ئەوەی دایکی زۆری لەگەڵدا وت. دایکی لەسەر زەوییەکە دانیشتو بە باوکمانی وت بچێتە دەرەوە، ویستی منیش بچمە دەرەوە، بەڵام من پێم لە زەوی توند کرد، من بۆ کەرامەتی باوکمو بۆ هەموو ماڵەکە توورە ببووم بەڵام ئێستا لەبەر کەرامەتی خۆم توورەم، منیش کوڕی ئەومو دەبێ حسابم بۆ بکرێ.

حاجی هێشتا لەناو کەنتۆرەکەدا دانیشتووە، هێشتا ڕوومەتی بە تەختەی کەنتۆرەکە نووساندووەو نیوەی سەرەوەی لەشی لەناو جلە هەڵواسراوەکاندا ون بووە، ژوورەکەش هێشتا تاریکەو باوکمان خۆی ئەزیەت نەدا گڵۆپەکە دوای خۆی داگیرسێنێتەوە.

-ئەگەر ئەو باوکم نییە بۆچی ئەو باوکمە؟

حاجی دووبارەی کردەوەو هەموو دڵنەواییەکەی دایکی سوودی نەبوو. دڵنەوایی؟! دڵنەوایی چی؟ چیی پێ بڵێ؟ تەنها قسەکەی ئەو داوایەك بوو:

-حاجی تەماشام بکە.

بەڵام چۆن ڕووت دێ داوا بکەی تەماشات بکات... حاجیی بەستەزمان! دەبوایە چاوت لە چاوی بچەقاندایەو ناچارت بکردایە سەر دابخاتو بە دوو لەپی دەستی دەموچاوی بشارێتەوەو بڵێ پەشیمانم... ئاخ ئەگەر قسەی لەگەڵ مندا دەکرد!

دایکی هەڵساو چوو گڵۆپەکەی داگیرساندو گەڕایەوە، بەپێوە بوو و لێی پاڕایەوە:

-حاجی گیان لەو کەنتۆرە وەرە دەرەوە.

حاجی بەدەمییەوە نەچوو، ناچار بوو دەستی بگرێو بیهێنێتە دەرەوەی کەنتۆرەکە، حاجی هەڵمەسە! حاجی هەڵمەسە! بەڵام هەڵسا، وەکو منداڵێك بەڕوویەك لە زەوی شوێنی دایکی کەوت.

دایکی لەسەر جێگەکەی حاجی دانیشتو بەوی وت بچێتە تەنیشتی. حاجی دانیشت، ئەمجارەش بەقسەی کردو دانیشت، بەڵام هەموو چەند چرکەیەك بوو و لەناکاو وەکو دووپشکێك پێوەی دابێ ڕاپەڕیو هەڵسا، دایکی پێی وت دانیشێتەوە بەڵام دانەنیشت. حاجی لەچی ترسا؟ تۆ بڵێی سیسەمەکەی ماڵی وەزیری بیرکەوتبێتەوە کە دایکی ئەو تاوانەی لەسەر کردبوو؟ ئەگەر وا بێ ئەمشەو حاجی لەسەر سیسەمەکەی نانوێ، منیش لەسەر ئەوەی خۆم نانووم.

حاجی نەرم نەبوو و دایکی زانی هیچی لەگەڵدا ناکرێ. سەری کز کرد، کەمێك وا مایەوە ئینجا هەڵسا، بەلای مندا تێپەڕیو پێش ئەوەی بگاتە دەرگاکە وەستا. سەری کز کردبوو و پشتی لێمان بوو کاتێك بەدەنگێکی کزۆڵەوە داوایەکی لێکردم :

-قسە لەگەڵ کاکتدا بکە.

داوای لێکردم قەناعەت بە کاکم بکەم لەو خیانەتەی بێدەنگ بێ، خانم! تەمەنی دوانزە ساڵی زۆر نییە بۆ ئەم جۆرە گەوادییە؟

چووە دەرەوەو دەرگای لەدوای خۆیدا داخست، لام سەیر بوو ئەو ئافرەتە نەگوێی داوەتە خۆمو نەگوێی داوەتە باوکم، دیارە تەنها لای حاجی شەرمەزار بوو.

حاجی لەشوێنی خۆیدا وەستابوو، ئەمجارە سەری بەرزکردبووەوەو تەماشای بنمیچەکەی دەکرد، چۆلەکە بە ئاسمانی ژوورەکەدا نەدەگەڕان، ڕەنگە ئێستا لەدڵی خۆیدا بڵێ هەموو چۆلەکەکان مردن، ئێستا لەجیاتی چۆلەکەکان قەلەڕەش لە ئاسمانی دنیادا دەفڕن.. قا .. قا .. قا .. ئێمەین باڵندەی ئاسمانو مژدەدەری زەوی.

حاجی گوێی لە داواکەی دایکی بوو کە هەوڵ بدەم ببمە گەوادێکی بچووك، نەرمی بکەمو پێی بڵێم دایکی کارێکی ئاسایی کردووە (بۆچی زۆڵم لە دایکی بکەم؟ بەڵکو ویستبێتی حاجی نەرم بێ تا لێی خۆش بێ، بەڵام خۆ ئەو یەك وشەی پەشیمانیی نەوت). وام دانا حاجی هیچی نەبیستووەو قسەکەم گەیاندە گوێچکەی:

—دایکت داوای لێکردم نەرمت بکەم.

ڕیقنەی چۆلەکەکانی حاجیم بخواردایە باشتر دەبوو، قسەیەکم کرد وەکو ئەوەی هیچم نەوتبێ. سەر نەوی بکەرەوە حاجی! تەماشاکردنی ئاسمان بۆ ملت خراپە، دەبێ منو تۆ سەرمان نەوی بێ، دەبێ فەرمانبەرانی وەزارەت یەك یەك بناسین تا لەهەر شوێنێکدا بیانبینین خۆمانیان لێ بدزینەوە تا نەڵێن ئەمانە کوڕی ئەو ئافرەتەن کە وەزیر یان جێگرەکەی یان بەڕێوەبەری گشتی یان فەڕاشەکە یان خۆیان واو وایان لێکردووە، بەڵام چۆن بیانناسین لەکاتێکدا تەنانەت دەموچاوی وەزیرەکەش ناناسین، بەڕاستی دوو کوڕی نەزانو بێ عەقڵین! دەبێ لەسبەینێیەوە هەوڵ بدەین جەنابی وەزیر بناسین، کەڵەشێرەکەی دایە بناسین.

حاجی گوێی لەدڵم نەبوو کە پێی دەوت سەرت نەوی بکە بۆ ملت خراپە، بەڵام خۆ ناکرێ تا بەیانی وا بمێنێتەوە. پێم وت:

—حاجی لەقلەقی ماڵەکەمان با شتێك بکەین، دانیشین، بنووین، ڕیقنەی چۆلەکەکان لە دەموچاوی خۆمان بسووین.

مردنی مامێکم بیرکەوتەوە:

—با وابزانین یەکێکمان مردووە، دوای گریانو لەخۆدان دوایی هەردەبێ بنووین، بیرت نایەت کە مامم مرد کوڕەکانی چۆن هەموو ڕۆژەکە گریانیان بوو بەڵام کاتی نوستن یەکی دۆشەكو بەتانییەکیان خستە بنباخەڵیانو جێگەکەیان داخستو نوستن؟

حاجی کەوتە جووڵە، بەقسەی کردمو دۆشەکی سەر سیسەمە یەك نەفەرییەکەی خۆی هەڵگرتو هەڵیدایە سەر زەویی ژوورەکە، کەوتە سەر جێگەکەو پشتی کردە سیسەمەکە، پێم ناخۆشە قسەکان پیتاوپیت وەردەگرێ، من نموونەم هێنایەوەو نەموت جێگە لەسەر زەوی دابخەین. بەر لەوەی پێی بڵێم بەهەڵە لێم تێگەیشتووە گوێم لێبوو دەڵێ:

—سبەینێ سیسەمەکان دەشکێنین لە حەوشەکە.

هەستەکەم ڕاست دەرچوو، حاجی ئەو کاتەی دایکی قسەی لەگەڵدا دەکرد نەیویست لەسەر سیسەمەکە دانیشێ چونکە دیمەنەکەی دایکیی بیرکەوتەوە، بەڵی ڕاست دەکات، سبەینێ دوو سیسەمەکە لە حەوشەکەدا دەشکێنین.

## ١٢

تا نزیك بەیانی ملیۆنێكو پێنجسەد هەزار خەوی ناخۆشم بینی، گەورەیان تێدابوو، خەوی زۆر بچووك، خەوی دوورو درێژ، خەوی زۆر کورت. یەکێك لە خەوە کورتەکان دەموچاوی ئەو پیاوە بوو کە لەگەڵ دایکی ژیلماندا بوو. پیاوەکەم بینی بە دەرپێ کورتەکەیو ئەو ورگەی تازە خەریك بوو پەیدا ببێو ناوکە گەورە ناشیرینەکەی. یەك چرکە دەموچاوی هاتە بەردەمم، لەو چرکەیەدا کتوپڕ چاوی چەپی نووقاندو گۆشەی چەپی دەمی بردە سەرەوە تا گەیشتە نزیك چاوی چەپی، دوو جووڵەی کتوپڕو ناشیرین بوون، کتوپڕیش بەو ناشیرینییە دەموچاوی لە دەموچاوم نزیك کردەوەو وتی ((ووو))...و یەکسەر ڕاچڵەکیم.

ملیۆنو چوارسەدو نەوەدو نۆ هەزارو نەوەدو نۆ خەوە ناخۆشەکانی تریش بەس بوون بۆ ماندوو کردنمو پێش بەیانی بەماوەیەك لەهۆش خۆم بچم.

بەیانی کە هەڵسام تامێکی تاڵ لە قووڵایی دڵمەوە هاتە سەر لێوو زمانم، هەروەکو ئامۆزاکانم کە بەیانی هەڵسانو بیریانکەوتەوە دوێنی باوکیان مردبوو.

منو کاکە ئالان ماوەیەك لەسەر دوو جێگەکەماندا ماینەوە. دەرگاکە کرایەوە، ئەو بوو هات بۆ ئەوەی تەماشایەکمان بکات، هیچ تەعلیقێکی نەدا لەسەر هەڵهاتنمان بۆ سەر زەوی، دیارە پێش ئەوە هاتبوو و ئێمەی بەم شێوەیە بینیبوو.

حاجی لەخەو هەڵسا، یان ڕەنگە هەڵسا بێو من پێم نەزانیبێ، من چیرۆکی شکاندنی سیسەمەکەم لەبیرچووبووەوە، بەڵام ئەو بیری مابوو، یەکەم شت بوو باسی کرد:

–بۆ حەوشە بچینو دوو سیسەم بەرین بیانشکێنین.

فیکرەیەکی بەتاڵ بوو بەڵام حاجی بڕیاری دابوو کە دەبێ بۆ خانمی ماڵی بسەلمێنین کە تاوانەکەی بەئاسانی تێناپەڕێ.

دوو گەورەی ماڵەکە ئێمەیان بینی هەر یەکە لایەکی سیسەمێکی بەرەو حەوشە هەڵگرتووەو دەیبەین، پاشان ئەوەی تریش دەبەین، کەسیان قسەی نەکرد تا گوێیان لە شکاندنی تەختەکە بوو، کاتی هاتبوو بچن بۆ دەوام، ئێمەش یەکەم وانەی قوتابخانەمان دەستی پێکردبوو کەچی خەریکی شکاندنی تەختەکان بووین.

هەردوکیان هاتنە حەوشەو بەدەم بەجێهێشتنی ماڵەکە تەماشایان کردین، ئەو لە باوکمی پرسی:

–ئەو دوانە چی دەکەن؟

باوکم شانی ڕاتەکاند:

–نازانم، لەوانەیە تەقسێکی سیحری بێ.

ئەوان ڕۆشتنو ئێمە دوو سیسەمەکەمان کردە شارایەك لە تەختەی شکاو و لەسەر ئەو شارایە دانیشتین. لێم پرسی:

–دەبێ ژیلمان چی بکات؟

حاجی وتی:

—بۆی بکە تەلەفۆنێك.

بەدەم دەستکاریکردنی مۆبایلەکەمەوە وتم:

—دوێنێ چیت وت؟ ئەگەر باوکم نییە ئەی بۆچی ئەو باوکمە؟

حاجی وەڵامی نەبوو چونکە وای وتبوو و پێویستی نەدەکرد هیچم بۆ ڕاستبکاتەوە، منیش وتم:

—لەبیرت نەچێ تۆ لە خاڵمان دەچی، ئەو خاڵەی یەك وێنەی ماوەو دەڵێی نوقڵێکی لەدەمدایەو دەیمژێ، لەبەر ئەوە ناتوانی بڵێی ئەگەر خاڵمە بۆچی خاڵم نییە.

بیرمکەوتەوە کە ژیلمان لە قوتابخانەیە بۆیە مەسجێکم بۆ نارد: ((هەر ئێستا خۆت بدزەرەوەو وەرە بۆ ماڵمان)).

ژیلمان دوانەکەوت، لەدەرگای نەداو بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتو خۆی هەڵدایە ئەمدیو:

—منیش نەچووم بۆ مەکتەب.

ژیلە خڕ ویستی لەتەنیشتمان لەسەر تەختەکان دانیشێ بەڵام جێگەی نەبووەوەو لەخوارتر دانیشت، حاجی ئەوەی لێ پرسی کە لە دایەی پرسیبوو:

—ئەگەر ئەو باوکت نەبێ ئەی بۆچی باوکتە؟

قسەکە بۆ کەللەی زلی ژیلمان قورس بوو، بەڵام لەوە دەچوو شتێك تێگەیشتبێ، دەستی توند جووڵاند بەواتای: ((هەقم چییە؟))، ئینجا بە زمان بۆڵەی کرد:

—کاکە گەورەکان حەزیان لەچییە دەیکەن.

ماوەیەك بێدەنگ ماینەوەو لەپڕ حاجی وتی:

—دەچم بۆ لای وەزیر.

فیکرەکە هێندەی کتوپڕ بوو هێندەش سەیر بوو. کەمێك لەبارەیەوە قسەمان کردو من بیرمکەوتەوە کە فیکرەیەکی وام هەبوو، ئیتر بڕیارمان دا بچین. فیکرەی حاجی بەکورتی ئەوە بوو بەرەوڕوو و ڕاشکاوانە قسە لەگەڵ ئەو وەزیرە بکەین کە باوکو دایکی ئێمەو باوکو دایکی ژیلمان فەرمانبەرن لای ئەو. مەبەستی حاجی ئەوەیە بپرسێ کێ باوکێتی، ئەو لەدوێنێیەوەو سەرباری خەفەتی کارەکەی دایکی لە باوکێتیی باوکی خۆمان کەوتۆتە گومان، ئەو دیمەنەی لە ماڵی وەزیردا بینیبووی قەت لە ماڵی خۆماندا نەیبینیوە.

بڕیارەکەی ئێمە ئەوە بوو داوا لە وەزیر بکەین ئەو دوو دایکە بۆ وەزارەتی تر نەقڵ بکات. ژیلمان دەیویست دایکی بۆ شوێنێکی زۆر دوور نەقڵ بێ، حاجیش دەیویست بزانێ ئەو کەسانە لەکەیەوە خەریکن، منیش دەمویست بزانم دایە لەکەیەوە درۆمان لەگەڵدا دەکات.

هەرسێ چووینە دەرەوە، بەپێو لەسەرخۆ بەرەو ئەو شوێنە ڕۆشتین کە وەزارەتەکەی لێیە، هەر دەبوایە خاو بڕۆشتینایە چونکە کاکە نەیدەتوانی خێرا بڕوات، لەڕێگەشدا کاکە تەماشای پێشەوەی دەکرد نەك ئاسمانو باڵندەکانی، بەڵام من زیاتر لەجاران بەدەم ڕۆشتنەوە شەقم لە بوتڵو قوتووە بەتاڵە کەوتووەکان دەداو دەرفەتیشم هەبوو شەق لەچەند تەنەکەیەکی زبڵ هەڵبدەمو بیانخەم.

کاتێك دەڕۆشتین ئالان تێبینیی کرد کە:

–ئەمڕۆ هەموو شتەکان بێدەنگین.

زۆر جار کاکە بۆ کورتبڕی دوو ڕستە تێهەڵکێش دەکات، ئەو دەیویست بڵێ ئەمڕۆ هەموو شتەکان بێدەنگن، ئێمەش هەروەها بێدەنگین.

تێبینییەکیشی هەبوو سەبارەت بەم ئەمڕۆوە سەیرە:

–ئەمڕۆ کەس نەیوت ئەگەر کچان ڕێگەیان بە تۆ گرت ئاوڕیان لێ نادەمەوە.

منیش بۆم تەواوکرد:

–یان کچان تەلەفۆنیان بۆ کردی مۆبایلەکە بەڕوویاندا دابخە.

گەیشتینە وەزارەتو زانیمان نابێ لەدەروازەکەوە بچینە ژوورەوە. ئەگەر بچینە دەروازەکە دەبێ بەناو پرسگەدا تێپەڕینو ڕەنگە نەهێڵن بچینە ژوورەوە، تازە ئێمەش فێری سەرکەوتنی سەر دیوار بووین. شوێنێکمان دۆزییەوە بۆ چوونە ئەودیو، هەرسێکمان دیوارەکەمان کردبووە ئەسپی خۆمانو ئەوە مابوو بۆ ئەودیو دابەزین کاتێك کەسێك پەیدابوو و ئێمەی بینی:

–کوڕینە خەریکی چین؟

بێئەوەی بیربکەمەوە وەڵامم دایەوە:

–چۆلەکەیەکمان کەوتۆتە ئەو دیو دەیهێنینەوە.

پیاوەکە دوو پرسیاری سەرسوڕمانی وت:

–چۆلەکە؟! بۆ یەك چۆلەکە سێ کەس دەڕوات؟!

....و تێپەڕی . بینیمان چووە لای دەروازەکە، پاشان بۆ ناو وەزارەت، دیارە فەرمانبەرێکی ئەوێیە، تۆ بڵێی لەگەڵ دایکمو دایکی ژیلمان نەنوستبێ؟

قەرەباڵغیی ناو وەزارەت بەدڵمان بوو، لەناو ئەو قەرەباڵغییەدا ون بووین، چاوگێڕان بەناو خەڵکەکەم بە ژیلمان سپاردو پێم وت هەر یەکێکی بینی ئێمە بناسێ ئاگادارمان بکاتەوە، منیش چاودێریی کاکم دەکرد تا لەیەکتر ون نەبین.

گەیشتینە نوسینگەی وەزیر. سێ کچی لێبوو (وەزیر لەڕۆژێکدا فریای ئەو سێ کچە دەکەوێ؟)، یەکێکیان کە دادەنەوییەوە درزی مەمکی دەردەکەوت، دوانەکەی تریش بێ دانەوینەوە درزەکەیان دیار بوو. هەر سێ دانیشتبوون بەڵام دیار بوو پانتۆڵی زۆر تەسکیان لەبەر بوو. کچان (تەنانەت هەندێ ژنی پیریش) بێئەوەی شەرم بکەن ئەو جلانە دەکەنە بەر کە لەپێشەوە جووجووەکەیان دەردەپەڕێو لەپشتەوە دوودووەکەیان دەردەکەوێ شێوەی چۆنەو قەبارەی چەندە.. ئاخ ئەگەر بۆ یەك چرکە ژوورەکەی ماڵی وەزیریان دەبینی ئەو کاتە دەیانزانی پیاوان چۆن تەماشایان دەکەن.

من دەمزانی مەسەلەی ئەو جلانە بێشەرەفی نییە بەڵکو ئەوانە لە بێعەقڵیی خۆیانە شوێنی مۆدە کەوتوون ئیتر هەرچییەکو هەرچۆنێك بێ، بەڵام پاش ئەو دیمەنانەی لە ماڵی وەزیردا بینیمنو پاش ناسینی دایکمان، کە ئەویش شوێنی مۆدە کەوتبوو، هەموو ئەوانەم لەلا وەکو بێئەخلاق هاتنە پێش چاو... من ئەو کاتە وام هەست دەکرد، کەسیش نەیدەتوانی قەناعەتم پێبکات وا هەست نەکەم، دواییش دەموت: ئەوانەش هەروەها لەشفرۆشن ئەوەندە

هەیە ئەوان لەشیان بەخۆڕایی بە چاوی پیاوەکان دەفرۆشن.

نەمانزانی لەگەڵ کام لەو سێ کچەدا قسە بکەین. یەکێکیان پرسی کێمان دەوێ، نیازی خۆمان وت ئەویش هەرچەندە لای سەیر بوو بەڵام بە تەلەفۆن وەزیری ئاگادار کردەوە. کچەکە تەلەفۆنی دەکردو تەماشای دەکردین، دوو چاوەکەی لە چاوە بێشەرەفەکانی ئافرەتەکانی ناو ژوورەکەی ماڵی وەزیر دەچوون:

—سێ کوڕی فەرمانبەری وەزارەت هاتوون دەڵێن کارێکی زۆر پێویستیان بە جەنابت هەیە، ناویان ناڵێن ناشڵێن کوڕی کێن.

وەزیر وتی با بێن بەڵام تەنها یەك لەو سیانە، ئێمەش ناڕەزاییمان دەرنەبڕی، پێشمان خۆش بوو نەچین. حاجی دەیویست بڕوات.. ئەویش ڕۆشت.

## ١٣

ماوەیەك دانیشتین، ماوەیەك بوو لە ترس، دەترساین؛ ئەگەر دوو باوكو دوو دایکەکە بێن چی ڕوودەدات؟ چوار کەس زۆرن، هەردەبێ یەکێکیان پەیدا ببێ. سەرەڕای ئەو ترسە بیرم لەو قسانە کردەوە کە دەبێ ئێستا حاجیو وەزیرەکە بیکەن، دەبێ باسی چی بکەن؟ بێگومان حاجی دەڵێ ئەگەر نەوزاد باوکم نییە ئەی بۆچی ئەو باوکمە، وەزیریش تێناگاتو داوای ڕوونکردنەوەی لێدەکات، حاجیش بەزەحمەتێکی زۆرەوە ئەو قسانە دەکات کە لەمێشکیدا دێنو دەچنو لەکۆی هەموو ئەو قسانە وەزیر شتێك تێدەگات، بەڵام نەخێر! بەدڵنیاییەوە وەزیر دەزانێ مەبەستی چییە. دەبێ ئەو وەزیرە چۆن کەسێك بێ؟ بەپێی ئەوەی لەماڵەوە لەبارەیەوە شتمان دەبیست دەبێ پاش دەرچوونی حاجی قاقای پێکەنین ببیستین، فەرمانبەرە نزیکەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو پێیان دەڵێ: ((وەرن نوکتەی ئەمڕۆتان بۆ بگێڕمەوە، دەزانن پێش کەمێك کێم لابووە! دەزانن چیی وت؟)). هەموو لەشی مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەداتو بۆ ڕووی هەموو ئەو فەرمانبەرانەی هەڵدەداتو دەڵێ: ((کوڕەکەی نەوزاد بوو، کوڕەکەی نەوزاد وا دەزانێ من یان یەکێك لە ئێوە باوکی ڕاستەقینەی ئەوین، تکایە کێ خۆی بە باوکی ئەو دەزانێ با قسە بکات)).

ڕەنگە وەزیر دایکمو ئەو فەرمانبەرانە بانگ بکاتو بە قاقای پێکەنینەوە بە دایکم بڵێ:

—باوکی ئەو کوڕە لەناو ئەمانەدا بدۆزەرەوە.

بۆ سبەینێش دەنگ لەناو هەموو وەزارەتدا بڵاودەبێتەوەو باوکیشمان دەزانێ ... و کارەسات ڕوو دەدات. خولیە گیان!

لەگەڵ ئەو خەیاڵانەدا زیاتر نوقمی کورسییە نەرمەکەی ژووری پێشوازیی وەزیر دەبووم، ئەو کاتە بەهەموو دڵمەوە ئاواتم خواست کەسمان نەهاتینایە.

تازە هاتینو دەبێ چاوەڕێی ئاکامی ئەم ئیشەمان بکەین، سەرم نەوی کردبوو و دەموچاوم لەناو دوو لەپی دەستمدا ون کردبوو کاتێك جیڕەی دەرگای ژووری وەزیر هات. سەرم بەرزکردەوەو حاجیم بینی هاتۆتە دەرەوە.

حاجی ئاوڕی لێنەداینەوەو بەرەو دەرگای ژوورەکە ڕۆشت، ئێمەش هەڵساینو بێ سوپاسو بێ خواحافیزی لەو کچانەی قسەیان بۆ یەکتر دەکردو پێدەکەنین شوێنی کەوتین.

بەناو داڵانەکاندا ڕۆشتین، ئەمجارە ئەو لەپێشەوەو ئێمە لەدوای ئەو، گوێمان لە غەڵبەغەڵبی فەرمانبەران و موراجیعەکان و پێکەنینی هەندێ ئافرەت لەناو ژوورەکاندا بوو و دڵمان لای ئەو قسانە بوو کە حاجی لەگەڵ وەزیردا کردبوونی. حاجی بێباك لە ئاشکرابوونمان بەناو وەزارەتدا دەڕۆشت، تا گەیشتینە ئەو بەشەی دیواری دەرەوە کە خۆمان لێوەی هەڵدایە ناوە کەسمان هیچی نەوت، حاجی پێش ئێمە بەهێمنی بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتو لەودیوەوە ون بوو، ئێمەش دیسان شوێنی کەوتین.

لەڕێگەدا ژیلمان وەکو قوتابییەك لە پۆلدا هەموو قسەکانی ناو دڵی پەنگیان خواردووەو پاش لێدانی زەنگ هەموویان هەڵدەڕێژێ کاکەی بە پرسیار داگرتەوە، منیش تەماشای کاکەم دەکردو دەمبینی نیازی قسەکردنی نییە. وەکو جاران لەسەرخۆ بە دوو قاچی نوشتاوەوە دەڕۆشتو تەماشای ئاسمانی دەکرد.

من وتم مادەم کاکە تەماشای ئاسمان، واتە چۆلەکەکان، دەکات کەواتە وەڵامێکی باشی لە وەزیر وەرگرتبوو، دەی خوایە گیان وەزیر پێی وتبێ ئەوەی بینیتان ڕاست نەبوو بەڵکو خەو، یان دایکتان نەبوو بەڵکو یەکێکی تر، ئەمە.. بەڵێ ئەمە گونجاوترە چونکە ناکرێ هەرسێکمان بەیەك جار یەك خەومان بینیبێ.

ژیلمان بەدەستبەتاڵییەوە لێمان جیابووەوەو منو کاکە چووینەوە ماڵ. پێم وت:

—دەی بۆم باسکە وەزیر چیی وت.

ئەمەم لێ پرسیو دەترسام حاجی لەبەر ژیلمان هیچی نەوتبێ، بەڵام چۆلەکەکانم بیرکەوتەوەو خۆم هێمن کردەوە.

حاجی پشتگوێی خستمو بەرەو ژوورەکەی خۆمان ڕۆشت، جانتایەکی گەورەی لەسەر کەنتۆرەکە داگرتە سەر زەوی. کەنتۆرەکەی کردەوەو کەوتە دەرهێنانی جلەکانی خۆی. جلەکانی دەرهێناو زانیم مەبەستی چییە، حاجی جانتا دەپێچێتەوەو دەڕوات، زانیم وەزیر هەواڵێکی خراپی پێ وتووە.

حاجی نیوەی جلەکانی دەرهێنابوو کاتێك وەستاو تەماشای ئەو کراسەی کرد کە گرتبوویە دەستو زۆر حەزی لێدەکرد، بۆ یەکەم جار دوای گەڕانەوەمان بیستم شتێك بڵێ:

—تۆ بڵێی پارەی ئەوانە بۆ من نەیکڕیوە؟

هەرچییەکم بە حاجی وت بێسوود بوو، نەمتوانی لە ڕۆشتن پەشیمانی بکەمەوە، نەشمتوانی بزانم بەرەو کوێ دەڕوات، ئەمەی دوایی کەمتر لام گرنگ بوو چونکە دەمزانی ناتوانێ دوور بڕوات، بەدڵنیاییەوە دەچێتە ماڵی خزمێکی خۆمان، ئێمەش یەکسەر یان پاش ماوەیەکی کەم قەناعەتی پێدەکەین بگەڕێتەوە، بەڵام فیکرەی ڕۆشتنەکە خۆی ناخۆش بوو، تەنانەت ئەگەر دوای نیوەڕۆش بگەڕێتەوە هەر ناخۆشە بوترێ حاجی ڕۆشتووە، ئەی حاجی چۆن وەڵامی ئەو خزمانە دەداتەوە کاتێك لێی دەپرسن بۆچی ماڵی جێهێشتووە؟ چۆن وەڵامی باوکی بداتەوە؟ ئەگەر حاجی عاقڵ بێ دەڵێ باوکم لێی داوم.

لەو کاتەوەی لای وەزیر دەرچوو و تا پێی خستە ئەودیو دەرگای دەرەوەی ماڵەکەمان تەنها ئەو قسەیەم لێ بیست، تەنانەت خواحافیزیشی نەکرد، ماڵەکەی جێهێشتو من فریا کەوتم چیم لە گرفاندایە بیخەمە گرفانەکەی ئەو،

پشتی تێکردبوومو بە نقەنق جانتا گەورەکەی هەڵگرتبوو، خەفەت ئیفلیجی کردبوومو تەنانەت نەشمتوانی پێی بڵێم زوو بگەڕێتەوە.

## ١٤

جەنگێکی گەورە بوو، کارەسات بوو، هەموو شتێکی خراپ بوو لە ماڵی ئێمەدا.

دایەو بابە زانییان حاجی بۆ وەزارەت هاتبوو، نازانم چیی تریان زانیبوو، کاتێکیش پێم وتن حاجی ڕۆشت دایکم فێی لێهات، پەلاماری باوکمی دا (بەڵام بۆچی پەلاماری باوکم دەدا؟ دەبێ باوکم لێی بدایە)، پەلاماری تەلەفۆنی دا، دوو هەزار تەلەفۆنی کرد، کەس نەما لێی نەپرسێ:

—حاجیت نەبینیوە.

شێتبوونی دایەم لەلا ئاسایی بوو، ئەگەر دیمەنەکەیم لە ژوورەکەی ماڵی وەزیر نەبینایە بۆی دەگریام، بەڵام من هەردوو دەستم خستە ناو گرفانی پانتۆڵەکەمو بێباك لەو خەفەتەی چوومە دەرەوەی ماڵ. زیاتریش بێباك بووم کاتێك لەو قسانەی باوکمو دایکم تێگەیشتم کە هیچ شتێکیان لە وەزارەت نەبیستبوو.

لەنیوەی کۆڵانەکەدا بووم کاتێك گوێم لە هاواری کەسێك بوو، ئاوڕم دایەوەو ژیلمانم بینی بەگریانو ڕاکردنەوە لە ماڵ دەرباز بووە، ژیلمان گەیشتە لام، جوێنەکانی دایکی پێش ئەو گەیشتنە بەرگوێم، هەندێ لەوانە پێشکەش بە خۆمو کاکەم کرابوون.

ژیلمان گەیشتە لامو هانیدام خێرا بکەم:

—ئەم ژنە شێتە، با خێرا ڕابکەین.

بەڵام من دەستم لە گرفانم دەرنەهێناو هەر بەهێمنی دەڕۆشتم، شەقێکم لە قوتوویەکی ساردیی بەتاڵ داو پێم وت:

—کاکە ماڵەکەی بەجێهێشت.

ژیلمان نەیپرسی بۆچی:

—کوڕە کاکە باشی کرد، هەقە هەموومان بڕۆین، گەورەکان ئیشی قۆڕ دەکەنو لێمان دەدەن، هەقە شارەکە بۆ گەورەکان بەجێبهێڵین.

ئەو ڕۆژە منو ژیلمان بەرەڵا بووین، ژیلمان حەزی لە فیکرەی ڕۆشتن بوو بەڵام شتێکی تر بە مێشکی مندا دەهاتو دەچوو، لەکۆتاییدا بۆم درکاند:

—لەجیاتی ڕۆشتن بۆ نایەی هەق لە وەزیرەکە بکەینەوە؟

ژیلمان دەستی ڕاوەشاند:

—بابە کێ بە وەزیر دەوێرێ.

من پێی دەوێرم، من وام هەست دەکرد پێی دەوێرم:

—ئێمە دەتوانین شتی زۆری لێبکەین.

نیوەی ماوەی بەرەڵایمان فیکرەکەم بۆ ژیلمان ڕووندەکردەوە: چۆن تۆڵە لە وەزیرەکە بکەینەوە. تا گەڕاینەوە ماڵەوەش توانیم قەناعەتی پێبکەم. فیکرەکەم هەندێ شتی تێدا بوو لە جۆری سەرکەشیی ناو فلمەکان، ژیلمان بۆ ئەوە دلگەرم بوو و هەستی کرد ئەمجارە بەڕاستی ئەکتەری فلمە.

شەوی ماڵی ئێمە گریانو تەلەفۆنو شەڕی دایەو بابە بوو، من خۆم لێ گێل کردنو باش بوو ئەوان تەنها سێ یا چوار جار لێیان پرسیم:

—نەیوت بۆ کوێ دەڕوات؟

منیش دووبارەم دەکردەوە:

—نەیوت.

دوایەمین جاریش وتم:

—ئەگەر بیوتایە هەر ئەو کاتە پێمدەوتن.

ئیتر وازیان لێهێنام. پێش ئەوەی بشنووم بیرم تەنها لەیەك شت دەکردەوە: تۆڵە لە وەزیر.

بەیانییەکەی کە هەڵسامو تامێکی تاڵ لەناو قوڕگمدا بوو، ئەو بەیانییە زانیم چەند زەحمەتە ڕۆشتنی کاکە، شەو لەبەر دەنگەدەنگی دوو گەورەی ماڵەکەو لەبەر بیرکردنەوە لە تۆڵە سەرنجی جێگە چۆڵەکەی حاجیم نەدا کە لەسەر زەوی دایخستبوو، بەڵام ئەو بەیانییە جێگەکەی لەبەردەممدا خۆی قیت کردەوە، جاری یەکەم کە حاجیم لەسەرئەو جێگەیەدا نەبینی ئەو جارە بوو دایکم دەیویست بەزۆر حاجییەکەی خۆی قەڵەو بێ ئەویش نەخۆشکەوتو لە نەخۆشخانە خەواندیان، جارێکی تریش بۆ نەخۆشییەکی تر خەواندیانو من سووربووم لەسەر زەوی لەتەنیشتیدا بنووم، سێ ڕۆژی قوتابخانەم فەوتاندو جێمنەهێشت، ئێستاش حاجی لەو جێگەیەدا نییە، جێگەکەی لەسەر زەوی چۆڵە، خەفەت دڵی گوشیمو بیرم لەو کەسانە کردەوە کە براکەیان دەمرێو کە یەکەم بەیانی لەخەو هەڵدەستن جێگەی ئەو برایەیان بە چۆڵی دەبینن، بیر لەوە دەکەنەوە ئێستا براکەیان لەسەر خۆڵو لەناو خۆڵدا ڕاکشاوە ئەوانیش دەگرین. منیش گریام، هەموو خەفەتی پەنگخواردووی دوێنێم تەقییەوە، بەدەما بەسەر جێگەکەمدا کەوتبوومو دەگریام.

سەرینەکەم بەتەواوەتی تەڕ کردبوو کاتێك گوێم لە لوورەی دایکم بوو، دیارە خەبەری بۆتەوەو حاجیی بیرکەوتۆتەوەو ئێستا ئەویش بۆی دەگری، خێرا سەرینەکەم هەڵگێڕایەوەو بە دیوە وشکەکە ڕوومەتو دوو چاوم وشککردنەوە. نوستنم نواند کاتێك دایە هاتە ژوورەکەو وریم دەرخست کاتێك چوومە سەر مێزی نانخواردنی زۆرەملێی بەیانیو بێدەنگیم هەڵبژارد کاتێك لەماڵ بەرەو قوتابخانە دەرچووم.

ئەو ڕۆژە تا شەو مامەوە، ئەو شەوەش تێپەڕیو شەوێکی تر هاتە جێگەیو هێشتا هەواڵێکی حاجی نەهاتبوو، ڕۆژەکان بوونە هەفتەیەكو کەس نەیدەزانی حاجی لەکوێیەو هەموو کەس دەیوت حاجیم نەبینیوە، مۆبایلەکەی لەیەکەم ڕۆژەوە داخرابوو، تا ئەو هەفتەیەش تێپەڕی دایە ڕۆژی دە هەزار جار تەلەفۆنی بۆ ئەو مۆبایلەی دەکرد، دەنگی تەلەفۆنەکەی دەدا بە دەرەوەو ئێمە گوێمان لێبوو، وەك چۆنیش تەماشای حاجی بکات ئاوا تەماشای تەلەفۆنەکەی دەکرد، هەموو جارێکیش وەڵامەکە یەك بوو: مۆبایلەکە داخراوە یان لەدەرەوەی بازنە قۆڕەکەیە.

لەکۆتاییشدا دەنگی ئەو کەسەی وەڵامی دەداینەوە لێمان بووە دەنگی حاجی، واماندەزانی ئەو پیاوەی وەڵاممان دەداتەوە حاجی خۆیەتیو دەڵێ لەم وڵاتە نەماومو چاوەڕێی گەڕانەوەم مەکەن.

بەدرێژایی ئەو هەفتەیەش فیکرەی تۆڵەسەندنەوە لە مێشکو دڵمدا بەهێزتر دەبوو تا لەکۆتاییدا زانیم کە هەر دەبێ بیخەمە کار.

ژیلمان بیری چۆتەوەو ڕەنگە کاتێك بیری دەخەمەوە دڵگەرمییەکەی ئەوسای نەبێ، بەڵام هەر ئەوەندە نەخشەکەم بخەمە چوارچێوەی فلمێك ئەو ئامادە دەبێ تێیدا ببێتە ئەکتەرێکی کارا.

نەخشەیەکم داناو وردەکارییەکانم بۆ باس کرد، ژیلمان سەرەتا لەو نەخشەیە دوودڵ بوو چونکە لەو فلمانە نەدەچوون کە دەیبینین بەڵام دوایی لەگەڵ قسەکانمدا بەتوندی بۆکسی لە هەوا دەدا، ئەوە ماوە ڕۆژێك بۆ دەستپێکردن هەڵبژێرین، نابێ ڕۆژ بێ، شەوم دانا، نەخشەکەمان دەبێ لە شەودا بێ.. شەو.. پیاوە بەرزەکان تاوانەکانیان بە شەو و ڕۆژ دەکەن، شەویش کاتی ناچاریی ئێمەیە.

١٥

ئەو ماوەیە چوونە دەرەوەم بەشەو زۆر بوو، بەڵکو هەموو شەوێك لەدەرەوە بووم، دیارنەمانی حاجی لەقلەقی ماڵەکە ئامۆژگاریو چاوسوورکردنەوەی دوو گەورەی ماڵەکە سەبارەت بە خوێندنی وانەکان نەهێشتبوو، سەرەڕای ئەوەش من لەیەکەم ڕۆژەوە سەلماندبووم کە بەکەڵکی گەڕان بەدوای حاجیدا نایەم، بەکورتی ئەو ماوەیە بەتەواوەتی لەپێکرابووم، واتە بەتەواوەتی وەزعەکەم بەدڵ بوو. لەمشەویش بەدواوە هەرچییەك بکەم گومانی کەس بۆ من ناچێ چونکە کاتێك دوو گەورەی ماڵەکە هەواڵەکان دەبیستن بیر لەوە ناکەنەوە کوڕەکەیان شەوی ڕوودلوەکە لەدەرەوە بووەو پێویستە بەچاوی گومانەوە تەماشای بکەنو بپرسن: ((ئەمشەو لەکوێ بووی؟)).

ئەو شەوە لەگەڵ ژیلماندا بەرەو ماڵی وەزیر ڕۆشتین. بەو کۆڵانەدا ڕۆشتین کە بەرامبەر ماڵەکە بوو و ئەوشەوە بەناویدا ڕامان کرد. لەسەری کۆڵانەکە وەستاینو گۆشەی یەکەم ماڵ ئێمەی لە پاسەوانەکە شاردەوە.

گەڕەکی ماڵی وەزیر بۆ ئەو کارەمان گونجاو بوو؛ هەرچەندە کات درەنگ نەبوو بەڵام کەس بەدەرەوە نەبوو. سەرەتاتکێمان کردو پاسەوانەکەمان بینی، لە قوللە بچووکەکەی بەردەرگای گەراجەکەدا بوو. ئەو چەکی پێبوو، ئێمەش چەکی خۆمان پێبوو: پەڕۆیەکی پڕ لە بەرد.. نابێ کاتی خۆمان بەگەڕان بەدوای بەرددا بکوژین.

بەردی یەکەمم هەڵگرتو دەستم پێکرد، تەنها ئەو بەردە زەحمەت بوو، تەپەی دڵم وەکو دەنگی کەوتنی بەرد بەسەر دیوارەکاندا بوو. دەستی ڕاستم بە بەردەکەیەوە بۆ دواوە بردو دەستی چەپم خستە سەر دڵمو ئەو گۆشتەم گوشی کە وەکو ئەو ئامێرە زرمو کوتی بوو کە لەبەر بێ ئاویی شار بیری لەماڵماندا هەڵکەندبوو. لەبەرئەوەوەڵەش کە لەگەڵ دڵمدا دابووم نەمتوانی دەستم تا ڕاددەی بنباخەڵ لێبوونەوە بەرمە دواوە. گوێم نەدایە ئەوە چونکە هەرچۆنێك بێ بەردەکەم دەگاتە ماڵەکە.. هێمنکردنەوەی دڵم پێویستتر بوو.

بەردەکەم هاویشتو کەوت.. بەرکوێ؟ نازانم .. لەبەر تەپەی دڵم گوێم لەهیچ نەبوو. دەستم دایە بەردی دووەمو

ئەمجارە دڵی خۆم بەردا، بەردەکەم هاویشتو گوێم لە دەنگێکی ڕەق بوو، دەنگی بەردەکە بوو لەسەر دیوارەکە. دوای ئەو دوو بەردە منو ژیلمان ماڵەکەمان ڕەجم کرد. گوێم لە شکانی شووشەش بوو.

هەموو بەردەکانمان تەواو کردو ڕامانکرد، ترسی ئاشکرا بوون نەبوایە زۆرتر دەمامەوەو شووشەی ساغم بە ماڵەکە نەدەهێشت.

هەناسەبڕکێمان دابووە سەر شانمان کاتێك لەو گەڕەکە دەرچووین، پاشان ڕاکردن بووە پیاسەو بەهێمنی گەیشتینەوە ماڵەوە. ئەو ماوەیەی نێوان ماڵی وەزیرو گەڕەکی خۆمان کە پێویستی بە تەکسی بوو کورت هاتە پێش چاوەمان. لەیەکتر جیابووینەوەو ئامۆژگاریی یەکترمان کرد کە تەنانەت بە وشەیەکیش نەهێڵین کەس هەست بە هیچ بکات.

بەسەر دیواری ماڵەکەماندا هەڵگەڕام تا بچمە حەوشەکە، تازە چونە ژوورەوە بەم شێوەیە بۆتە خوویەكو بەرم نادات، زیاتریش بەشەو ئەوەم دەکرد. شەوێکیان پیاوێکی دراوسێ منی لەسەر دیوارەکە بینیو سەرسوڕمانی خۆی لەو شێوەیەی چوونە ناو ماڵ دەربڕی:

—دەڵێی کەس لەماڵەوە نییەو کلیلت پێ نییە.

منیش وەڵامم دایەوە:

—نەخێر کەس لە ماڵەو کلیلیشم پێیە بەڵام ئەمە وەرزشە.

پیاوەکە سەرسوڕمانێکی زیاتری هەبوو دەرییبڕێ:

—منداڵانی ئەو زەمانە شتی سەیریان هەیە.

دوورکەوتەوەو من لەبەرخۆمەوە وەڵامم دایەوە:

—نەخێر ئێوەی گەورەی ئەم زەمانە شتی سەیرترتان هەیە.

ئەوە شەوێکی تر بوو، ئەمشەویش خۆم هەڵدایەوە حەوشەکەو لەوێوە بۆ ناو بینای ماڵەکە. گەڕانەوەی ئەمجارەم هەر وەکو جارەکانی تر بوو، بێ قسەو پرسیارو وەڵام بوو، جیاوازی ئەم جارە ئەوە بوو یەکسەر چوومە ژوورەکەی خۆمو حاجی، کە ئێستا بۆتە ژووری خۆم بەتەنیا. پاڵکەوتمو بیرم لەم کارە مەزنەی ئەمشەو کردەوە، دوو چاوم نووقاندنو هەستم کرد سوورم لەسەر دووبارەکردنەوەی ئەو پاڵەوانێتییە.

بەیانی تا کاتی قوتابخانە لەسەر ئاگر بووم بۆ ئەوەی هەواڵێکی بەردەبارانی شەو ببیستم. وتم ڕەنگە هاوڕێیەکی باوكو دایکم پەلەی بێو پێش چوونە دەوام ئەو هەواڵەیان پێ بڵێ، بەڵام سەرەڕای ئەو چاوەڕوانییەو پاش ئەو هەموو قنگەقنگەی کردم کەس نەبوو تەلەفۆن بکات. وەکو ڕۆژانی تریش ژیلمانم لە کۆڵانەکەدا بینیو سەرمسوڕما چۆن ئەم ماوەیە لەیەك کاتدا لەماڵ دەردەچین. وتم دیارە چارەنووسی هەردوکمان پێکەوە بەسترابێ، تازە بووینەتە خاوەنی یەك پرۆژە، پرۆژەی تۆڵە لە وەزیر، بەڵام داخەکەم پێش ئەوە لە شتێکی تر هاوبەشین: ئەو دایکەی شوێنی ئارەزووەکانی خۆی کەوتووە.

لەرێگەداو لە قوتابخانەدا باسی کەتنەکەمان کرد، لە وانەکانیشدا لەسەر ئاگرێکی تر بووم تا بگەڕێمەوەو هەواڵ ببیستم. هێندە پەرۆشی ئەو هەواڵە بوم بیرم نەمابوو دایکمو باوکم دوو سەعات دوای خۆم دەگەنەوە ماڵ.

لەگەڕانەوە منو ژیلمان چەند کوڕێکمان بینی شەڕیان دەکرد، گوێمان لەیەکێك بوو جوێنی بەوەی تر دەدا:

—دایك حیز.

ماوەیەك بوو ئەو جۆرە جوێنانەم نەبیستبوو، گازم لە لێوم گرتو بە ژیلمانم وت:

—سبەینێ خەڵك پێمان بزانن واش بە ئێمە دەڵێن.

ژیلمان وتی:

—جا چی دەڵێی.. لێیان بدەین؟

وتم :

—دوایی لێیان دەدەین، دوایی کە زانییانو جوێنیان پێداین، بەڵام با ئەمشەویش بچین ماڵی وەزیر بەردەباران بکەین.

من دەمزانی حاڵی ئێمە بە جوێنێکی وا تەواو نابێ، جوێنێك کوڕان بەیەکتری دەڵێن، ئێمە دەبێ یان شەڕنەکەین یانیش ئەگەر شەڕمان کرد بەرگەی قسەی زەقتر ببینەوە:

((بچۆ بۆ لای دایکی خۆت.. ئەی وەزیر فلاّن واو وای لێ نەکرد؟)).

ئەمە جوێن نییە، ئەمە هەواڵو ڕاگەیاندنە، بۆیە باشترە شەڕ نەکەین، شەڕیشمان پێ بفرۆشن بە سەرشۆڕی بەرێگەی خۆماندا بڕۆین، ئەگەر بەوە وازمان لێ بێنن.. بەڵێ ئەگەر بەوە وازمان لێ بێنن.

دایەو بابە هاتنەوەو هیچیان نەوت، تا عەسر دڵیان تەقاندمو هیچیان نەوت، ئێوارەشو شەویشو جگە لە نووزەنووزی دایکمو حەسرەتی باوکم بۆ حاجی هیچی دیکەم دەستنەکەوت.

حەزم نەکرد ئەو شەوە بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرم، بەڵام دەبوایە خووی چونە دەرەوە بە شەوم تێکنەدایە، جگەلەوەش دەمویست بچمەوە ماڵی وەزیر، عەسر تەلەفۆنم بۆ ژیلمان کردبوو ئەویش هیچی لەدایكو باوکی نەبیستبوو، وا شەویشەو هەر هیچی نەبیستووە، ژیلمان وتی ئەمشەو نەچین بۆ ماڵی وەزیر:

—بەخوا ئەمجارە دەترسم.

بەڵام من سووربووم:

—نەخێر دەبێ بچین، ئەگەر بەردەبارانی دوێنێیان شاردبێتەوە هەموو جارێك ناتوانن بیشارنەوە. دەبێ بچین.

لەکۆتاییشداو لەبەر ترسی ژیلمان بڕیارمان بڕیارمان دا بەردی کەمتر بهاوین، بەشی ئەوەی بیسەلمێنین کە هاتووینەتەوە.

چووینو ئەمجارە لەلایەکی ترەوە ئەو چەند بەردەمان هەڵداو ڕامان کرد. ژیلمان وەکو شێت ڕایدەکردو من لەدوای ئەو. لەپڕ لەنیوەی کۆڵانەکەدا وەستامو ئاوڕم دایەوە. بەردێکم لە زەوی هەڵگرتو گرتمە ماڵەکە. ویستم بیگرمە ئەو ژوورەی ئەو شەوە دایەم تێیدا بینی. ئەو لایەم لێوە دیار نەبوو کە ژوورەکەی تێدایە بۆیە تکام لە بەردەکە کرد خولێك بخواتو خۆی لە پەنجەرەی ئەو ژوورە بدات. دەستم کردەوە بە ڕاکردن .. ڕاکردنێکی هێمن، هەستم دەکرد ئەمشەو ئازاتر بووم.

بەسەلامەتیو بێ ئاشکرا بوون گەیشتینەوە گەڕەکی خۆمان. بە دوورکەوتنەوە لە گەڕەکی وەزیرو بینینی گەڕەکی خۆمان ژیلمان ئازاتر خۆی نواند. ویستی پاساو بۆ ترسەکەی خۆی بهێنێتەوە:

—دەترسام کەمینیان بۆ دانابین، سبەی شەویش دەچینو حەشریان پێدەکەین.

ئەی ناترسی ژیلمان گیان سبەی بەڕاستی کەمینمان بۆ دابنێن؟ ئای لە منداڵان چەند سادەن!

## ١٦

دەمێك بوو بەو جۆرە شانازییەوە نەچووبوومە قوتابخانە، ژیلمانیش وەکو من هەستی بە سەروەری دەکرد، دڵنیاش بووم ئەمڕۆ نەبێ ڕۆژێکی تر هەر باسی ئەو بەردەبارانکردنە لە وەزارەت دەکرێ، کە لە وەزارەتیش باس کرا منیش دەیزانم.

دڵنیاییەکەم بەدرۆنەکەوتەوەو دوای گەڕانەوەی دوو گەورە بێئاگاکەی ماڵ هەواڵەکەم بیست. یەکەم شت لە دایەو بابەم بیست ئەو پرسیارە بوو کە یەکێکیان کردی:

—دەبێ کێ ئەوەی کردبێ؟

زانیم ئیشەکەی خۆمانە، دوای ئەو پرسیارەش قسەی زۆری تریان کرد، من ئارامم لێ هەڵگیرابوو و نەمتوانی چاوەڕێ بکەم تا هەموو قسەکان بکەن‌و من هەموویان کۆبکەمەوەو وێنەکە دروست بکەمەوە، وتم با پرسیارێکی منداڵانە بکەم‌و ... کردم:

—بابەو دایە .. وەزیرەکەتان مردووە؟

باوکم وەکو پێناخۆشبوون لەو خۆشییەی ئاوازی دەنگەکەم هەڵیگرتبوو تەماشای کردم:

—مردنی چی؟ ئەی گوێت لێنەبوو وتمان ئەمڕۆ وەزیرمان بینی.

ئیتر باوکم لەپێی کردم‌و ڕوویکردەوە ژنەکەی:

—شەوی یەکەم سەفەری کردبوو.

قسەکەم بیست‌و لەخۆشیا هەڵسام‌و بەرەو ژوورەکەم ڕۆشتم، کەواتە باسی شەوی یەکەمیش بڵاوبۆتەوە.. بڵاوبۆتەوە بەڵام دوێنێ لە وەزارەت نەزانرابوو چونکە وەزیر لەماڵەکەیدا نەبووە. بۆ ژوورەکە دەڕۆشتم‌و شتی ترم دەبیست: وەزیریش‌و هەموو دنیاش وایانزانیوە بەردەبارانەکە چەند دوژمنێکی وەزیر کردوویانەو مەبەستیان بووە بێتە بەردەرگا تا لە پاسەوانەکە بپرسێ ئەوانیش تەقەی لێبکەن، باوکم ناوی چەند دێوودرنجێکی وت کە لەوە دەچوو هەموویان پیاوی گەورە بن، زۆر باشە ! با کەس گومان لە ئێمەی بچکۆلە نەکات، زیرەمان بە وەزیر کردووە، ئێمە ناتوانین بە بەرد بیکوژین بەڵام دەتوانین بەترس دڵی بوەستێنین.

خێراو بەئەسپایی بە تەلەفۆن هەموو شتێکم بۆ ژیلمان گێڕایەوە، ژیلمانیش شتی لەدایك‌و باوکی بیستبوو، بڕیاریشمان دا شەو ئەوە دووبارە بکەینەوە.

شەو یەکترمان بینی‌و لەڕێگەدا ژیلمانم ئاگادار کردەوە:

—ئەمجارە بەڕاستی کەمینیان بۆ داناوین، هەر ئەوەندەش گوێیان لەتەقەی بەرد بێ دەست بە تەقەکردن دەکەن، نابێ لە تەقەکان بترسی چونکە ئەگەر نەمانبینن تەقە بە ئاسماندا دەکەن، ئێستا دەچین‌و جوان تەماشای ماڵەکە دەکەین‌و لەو شوێنەی حەرەسی لێ نییە بەردەکانمان دەهاوین، ئەمجارەش هەر کەمتر دەهاوین بۆ ئەوەی خێرا ڕابکەین.

لە کۆڵانێکی ترەوە کە ڕووی لە لایەکی تری خانووەکە بوو وریاتر نزیککەوتینەوە، بۆ پاسەوانەکان گەڕاین کە بەتەما بووین ئەمشەو زۆر بن بەڵام کەس دیار نەبوو، لەوە دەچوو لەناو قوللەی بەردەرگاکەدا بن.

بەپەنا دیوارەکاندا ڕۆشتین تا گەیشتینە ئەو شوێنەی بەردەکانمان ئەگەر زۆریش دوور نەڕۆن دەکەونە حەوشەی ماڵەکە. چەند بەردێکمان خێرا فڕێداو خۆشبەختانە هەموو بەر دیواری ناوەوەو پەنجەرەکانی ماڵەکە کەوتن، هەر بەتەنیشت دیوارەکاندا ڕامانکردو گەیشتینەوە کۆڵانەکە، لەنیوەی کۆڵانەکەدا بووین گوێمان لە تەپەی پێ‌و هاواری پاسەوانەکان بوو، دیار بوو دوو پاسەوان بوون، لەپڕیش تەقەیان بە ئاسماندا کرد، دەنگی تەقەکان وەکو چەکوشێکی هەزار کیلۆیی دایان لەناو گەدەو ڕیخۆڵەمان بەڵام ئێمە بەشی ئەوە دوور بووین بەردەستی ئەوان نەکەوین. هەر ئەوەندەش گەیشتینە سەری کۆڵانەکە، بە ژیلمانم وت چیتر ڕانەکاتو بوەستێ، هەردوو وەستاین‌و ڕوومان کردە ئەو پاسەوانانەی بەناو کۆڵانەکەدا ڕایاندەکرد، ئێمە دوو منداڵی ناو تاریکیی کۆڵانەکەداین بۆیە ئاوڕمان لێنادەنەوەو تێدەپەڕن. هەر واش بوو؛ بەلاماندا تێپەڕین‌و ئاوڕیان لێ نەداینەوە. باشیش بوو تەنها یەك پیاوی گەڕەك هاتە دەرەوە تا بزانێ چی ڕوویداوە، ئەو گەڕەکە لەو جۆرانەیە کە دراوسێ دوای هەفتەیەك بە مردنی دراوسێکەی دەزانێ چ جای ئەوەی تەقەی تێدا کرابێ‌و ترسی بەرکەوتن هەبێ. ئەوەمان بەدڵ بوو و زانیمان بۆ چەند جارێکی تر دەتوانین دووبارەی بکەینەوە.. سوپاس بۆ خۆپەرستی‌و ترسنۆکیی پیاوانی گەڕەك.

شەوێکی مەزن بوو و بەسەرکەوتوویی تێپەڕی. چەند شەوێك دوای ئەوە پشوویەکی ئەمنیمان بە خۆمان داو نەڕۆشتین. دوای ئەو چەند شەوەش چووینەوەو ماڵی وەزیرمان بەردەباران کردەوە، ئەویشیان هەر سەرکەوتوو بوو، ئێمەش دوای ئەوە بەردەوام بووین؛ هەفتەی جارێك.. دوو هەفتە جارێك. سوودیشمان لە سەرماو بارانی پایزو زستانی دوای ئەو وەرگرتبوو، پاسەوانەکان هەفتەیەك یان زیاتر لەبەر سەرماکە دەسووڕانەوە، هیچ ڕووی نەدەداو دوایی دەچوونەوە ژوورەوە، ئێمەش دەگەڕاینەوە گیانی ماڵی وەزیر.

حەرەسەکان وازیان لە تەقەکردن هێنابوو، ئێمەش ئازاترو سەلامەتتر بووین. ئەو شەوانەش کە حەرەسەکان لەدەرەوە بوون چاوەڕێمان دەکردن تا لەو لایەی بەرامبەر خۆمان دووربکەونەوە بۆ ئەوەی بەخێرایی بەردەکانمان هەڵبدەین. هەوڵیشمان دەدا خۆمان بشارینەوە چونکە ناکرێ هەموو شەوێك پاسەوانەکان بمانبینن‌و بڵێن هیچ نییە دوو منداڵی گەڕەکن.

گیانی تواناو ژیلمان پڕ لە شانازی بوو و قەرەبوویەکی ئەو سووکایەتییەی دایکیان بۆ کرایەوە، هەواڵەکانی ماڵەوەش شانازییە گەورەکەی ئەم توانایەی گەورەتر کرد. هەموو ڕۆژێك هەواڵێکی نوێم دەبیست، لەوەش خۆشتر ئەو تێکچوونەی حاڵی وەزیر کە دایەو بابە دەیانگێڕایەوە، جاری وا بووە دەیانوت وەزیر خەریکە شێت دەبێ‌و هەزار جوێن بە حکومەت دەدا کە ناتوانێ وەزیرێکی خۆی بپارێزێ. من لەدڵی خۆمدا دەمموت دیارە دەستی ئەو وەزیرە گەیشتۆتە ژنەکانی وەزیرەکانی تر بۆیە ئەوانیش تۆڵەی لێدەکەنەوەو بەدەمییەوە ناچن.

ترسەکەی وەزیر وای لێکردم بیر لە شتێکی گەورەتر بکەمەوە. ئەو فلمەم بیری ژیلمان خستەوە کە تێیدا پاڵەوانەکە بەنزین دەکاتە شووشەو پلێتەکەی دەسووتێنێ‌و پاشان بۆ دوژمنی هەڵدەداتو تەنها بەو شووشەیە ماڵێکی گەورە دەسووتێنێ.

ژیلمان سەرە زلەکەی بۆ فیکرە زلەکە لەقاند، خێراش کەوتینە ئیش. بە سۆندە بەنزینمان لە تەنکیی سەیارەی

باوکی ژیلمان هەڵمژیو کردمانە دەبەیەکی بچووك، بەڵام لەبەرئەوەی شارەزای ئەم کارە نەبووین چەندمان دەکردە دەبەکە ئەوەندەمان دەخواردەوە، لەکۆتاییشدا توانیمان بەشی دوو شووشە بکەینە دەبەکەوەو بەشی دوو شوشەی تر بکەینە دەممانەوەو یەقی بکەینەوە، زەوی لەگەڵماندا بەنزینی خوارد ئێمەش چەند سەتڵێك ئاومان بەسەردا کرد تا شوێنەواری تاوانەکە بسڕینەوە.

شووشەی ساردیم بۆ پەیدا نەکرابوو، بۆیە بەدوای بوتڵی بیرەی باوکمدا گەڕام. بەناو زبڵەکەماندا گەڕامو تەنەکە زبڵەکەم بە بۆنی بەنزینی خۆم کاس کرد بێئەوەی نیو شووشەش بدۆزمەوە، بۆیە ناچار بووم باوکمم لە دوو بوتڵی بیرە بێبەش بکەم، دوو بوتڵی پڕی بیرەم لە سەلاجەکە دزیو بە سەلاجەکەم وت خەبەرم لێنەدات.

بەنزین خرایە بوتڵو پەڕۆ خنرایە دەمییەوەو بەدەوری سەرومليدا وەکو جامانـە ئـاڵێنرا. پلێتەکـەمان بـەنزینی هەڵمژیبوو، هەر ئەوەندەش شووشەکە سەرەو خوار بکرایە بەنزینی لێ دەتکا، پەڕۆی ترم لە ملی شووشەکە ئاڵاند، لەکۆتاییشدا هێندە پەڕۆم تێوەپێچا پلێتەکە بووە مێزەری مەلا.

بوتڵی دووەم ئاسانتر خۆی بەدەستەوە دا، وا بڕوات مانگێکی تر کارگەیـەکی چـەك دادەمـەزرێنمو ئـەو چـەکە قورسانە دەدەمە دەستی هەموو ئەو منداڵانەی باوكو دایکیان درۆیان لەگەڵدا دەکەن یان وەکو دایکی منو ژیلمان درۆ لە درۆ خراپتریش دەکەن. بەشانازییەوە دوو شووشەکەم بە دوو دەستم هەڵگرت، ئەو کاتە نەمدەزانی باشترە قیر بکرێتە بەنزینەکە بەڵام بۆ ئەو کاتە ئەو شووشە بەنزینەم وەکو بۆمبی ئەتۆمی تەماشا دەکرد.

ژیلمان بەتەمابوو شقارتە بەرین بەڵام پـێم وت بازرگانـەکانی شـارەکە شـقارتەیەك لـە وڵاتێـك دەهێـنن بـۆمبی ئەتۆمیی هەیە کەچی هەرئەوەندە شێ لەو شقارەتەیە بدات تەنها نیوەی دەنکەکانی بەکولەمەرگی دادەگیرسێن، ژیلمان ئەمجارە لە من زیرەکتر بوو و وتی خۆ شارەکەمان تەنانەت لەو جۆرە خراپەش دروست ناکات. چەرخەکە باشتر بوو، یەکسەر دادەگیرسێ، ئەویشمان لە ماڵ دزی.

بەپێو بەهاوڕێتیی ئەو دوو چەکە گەیشتینە نزیك ماڵی وەزیر. دەبوایە وریاتر لەهەموو جارێکی تر ئەو کارمان بکردایە، دوو شووشەکە وەکو بەرد نین لەدوورەوە بیانهاوین، دەبێ نزیکتر بینـەوەو ڕەنگـە ئاگرەکـە ئاشـکرامان بکات، ئەو مەترسییانە هەبوون، بەڵام تازە ئێمە بووینە ئەو پاڵەوانەی لەهیچ ناترسێ، ڕێك وەکو فشەکانی سینەما.

پەنجە بچووکەکانم لە شووشەی یەکەم توند کردو چەرخەکەم داگیرساندو دام لە مێـزەرە تەڕەکـەی. پلێتەکـە کڵپەی کردو ڕاپچڵەکاندم، سەرم بردە دواوە، هەستم کرد ژیلمان خەریکە هاوار دەکـات: ((هەڵێبـدە ! هەڵێبـدە !)). دەستم بۆ دواوە بردو توند هەڵمدا، بەڵام داخی هەموو منداڵانی دنیا ! هیچ ڕووی نەدا، وابزانم کەوتە سەر چـیمەنی باخەکە.

ئەوەی ترم داگیرساند، گۆشەکەم گۆڕیو هەڵمدا، ئەمجارە دەنگی شکانی شووشە هات ئینجا کڵپەکە دەرکەوت. میزەڵدانی پاڵەوانێتییەکەمان فش بووەوەو زیڕەمان کردو خەریك بوو میزەڵدانەکەی خۆشمان بتەقێو پانتۆڵەکەمان تەڕ بکەین. خێرا ڕامانکردو چووینە کۆڵانێك لەوبەر، لەناوەڕاستی کۆڵانەکەدا زۆرم لەخۆم کرد بوەسـتم، وەسـتامو ئاوڕم دایەوە تا بزانم ئەنجام چی بوو، گڕێك لەوبەرەوە هەڵسابوو بەڵام ئەو گەورەیە نەبوو کە لە فلمەکەدا بینیبووم کە هەموو خانووەکەی سووتاندبوو، نەخێر! فلمکە هەمووی فشە بوو و ئاگر تەنها لەلایەکی ماڵەکەدا بوو، بەهەرحاڵ پێم خۆش بوو شتێکمان کرد، شتێك لە جاران گەورەتر.. زۆر لە جاران گەورەتر.

لەو کاتەی ویستم دەست بکەمەوە بە ڕاکردن سەیارەیەکم لە بەردەمی ماڵەکەدا بینیو لە هی خۆمان دەچێ، دیارە دایکمەو دەچێتەوە بۆ لای وەزیر، بەڵکو پزیشکێك لەو ئاگرەی بەرکەوتبێ کە بەرماندایە ماڵەکە.. بەڵکو خوایە.

کاتێك گەیشتنە گەڕەکی خۆمان تێبینیمان کرد چەند بۆنی بەنزینمان لێ دێ، کێشەیەکی گەورە بوو؛ چۆن بەم بۆنەوە بگەڕێینەوە؟ هێندەمان دەست لە خۆڵ خشاند خەریك بوو بێ پێستی دەست بچینەوە ماڵ کەچی بۆنی بەنزین هەر مابوو، هیچ چارەسەرێك نەمابوو جگە لەوەی بۆنێکی بەهێزتر لەدەستی خۆمان بدەین.

ژیلمان وتی چی بکەین، منیش وتم چی بکەین، دواییش زانیمان چارەسەرەکە زۆر ئاسانە، ئاسانو نزیکە. هەر یەکەمان چووە لایەکی کەلاوەیەکو پانتۆڵەکەمان داکەندو دانیشتین. سکمان گوشیو نقەنقمان لە خۆمان هەڵسان بەڵکو بەشی بۆنی بەنزین پیسایی بکەین، باش بوو شتێکمان پێبوو بیکەین، کردمانو هەردوو دەستمان لەو پیساییە سوو. بۆنەکە بکوژ بوو، ئەوەم دەکردو دوو چاوم نووقاندبوونو ڕووم لە لاکەی تر بوو، پاشان دەستمان بەو گیا کورتەبالآیەی لە خۆڵەکە ڕوابوو سڕییەوەو کۆتاییمان بەو ئازارە هێنا. ئێستا سوپاس بۆ گوو بۆنی بەنزین کەمتر بۆتەوە، بەرەو ماڵ ڕۆشتینو بەدەم ڕۆشتنەوە درۆمان بۆ ئەو بۆنە دەهۆنییەوە: منداڵانی هار شەڕیان پێ فرۆشتین، ئێمە ڕامانکرد ئەوانیش گوویان تێگرتین.. زۆر منداڵانەیەو لانەش پێی ناخەڵەتێ.. کەوتینە ناو ئاودەستی مزگەوت.. چۆن؟ هەردوکتان بە یەك جار؟ قاچمان کەوتە سەر لوغمێکی ناو تاریکیی کۆڵان.. قاچتان؟ بۆنەکە لە دەستتان دێ.. دوا فیکرە ئەمجارە هی ژیلمان بوو، لە فلمێکدا بینیبووی.. سوپاس بۆ فلمەکانی ژیلمان: چووین پیتزا بخۆین بەڵام پارەمان لەبیر چووبوو، ئەوانیش لەجیاتی پارە ئاودەستیان پێ پاککردینەوە.. درۆیەکی جوانە ! لەوەی گەورەکان بێ زیانترە.. بەڵام ئایا کەی ئەو هەموو درۆیانە کۆتاییان دێ؟

١٧

---

بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتمو خۆم هەڵدایە حەوشەکە، سەیارەکەم لە گەراجی ماڵەکەماندا نەبینی، کەواتە ئەو سەیارەیە بوو بەردەرگای ماڵی وەزیری گرتبوو، ئاگرەکە دایەی نەترساندو هەر لەوێ ماوەتەوە. هەستی ئەمجارەش وەکو ئەو جارە نییە کە لەگەڵ ئەو بۆقەدا بینیبووم، دیارە لەبەرئەوەی ئێستا بێدەسەڵاتو دەستەوەستان نیم، ئێستا لەبەرئەوەی تۆڵە دەکەمەوە خەفەتم کەمترە کاتێك دەزانم جارێکی تر چۆتەوە لای وەزیر. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان خۆزگەم خواست کەمێکی لەو ئاگرەی ئێمەی بەرکەوتبێ، کەمێك بەشی ئەوەی نیشانەیەك لە لەشیدا بهێڵێتەوە.

چوومە ژوورەوەو بەپێچەوانەی بۆچوونەکەم بینم دایە لە ماڵەوەیە، لەسەر کورسییەك دانیشتووەو سەری خستۆتە سەر مێزێکی بەردەمی خۆیو دەموچاوی لەناو دوو قۆڵیدا ون کردووە، لە نوستوو دەچوو بەڵام دەمزانی نوستوو نییە.. خەفەتی هەیە.

ئاگای لەهاتنی کەسێك بوو، کتوپڕ سەری هەڵبڕیو وتی:

—نەوزاد.

گریان دوو چاوی سوور کردبوو، چەند خەتێکیش بەسەر دەموچاویدا دروست ببوون. سەیر بوو! بەو خەفەتو خەتانەشەوە هەر جوانە، ئەوەیە ئەو جوانییەی بۆ ئافرەت دەبێتە بەڵا.

کەواتە سەری هەڵبڕیو زانی مێردەکەی نییە، بەڵام شتێکی هەبوو بۆ منی بڵێ، زۆریش بەپەرۆش بوو:

—دەبێ کاکت بدۆزیتەوە، دەبێ بیدۆزیتەوە.

چی ڕوویداوە؟ کاکە ماوەیەکە دیار نییەو شتێکی تازەمان نەبیستووە، دووبارەی کردەوە:

—دەبێ کاکت بدۆزیتەوە.

ترسام هەڵسێو لێم نزیکبێتەوە، بەپەلە بەرەو دەستشۆرەکە ڕۆشتم تا بۆگەنیی دەستم لابەرم، پێم وت:

—دەستم دەشۆم، عەنبەروەریدم خواردووە.

چوومو دەستم شتو پرسیارم لە خۆم کرد: دەبێ ئەو عەنبەروەریدە چی بێ کە ناوەکەیم بیستووە؟ شیرینیی کاتی منداڵیی دایکمو باوکم بووەو ئەو کاتە بوو خەڵک کەم دەرامەت بوونو خانووەکانیان نزم بوون، شیرینی کاتی پاکی بوو، با جوان دەستم بشۆم، کاتی پاکی ڕۆشت، کاتی خانووی نزمو شەرەف بەرز ڕۆشت.

هەر لای دەستشۆرەکە بووم کاتێک دایکم بەدەم گریانەوەو بێئەوەی لێی بپرسم پێی وتم کە وەزیر بەردەبارانەکەی خستۆتە ئەستۆی کاکمو هەڕەشەی کردووە ئەگەر بیگرێ پێستی کەوڵ دەکات.

ئەمەیان تازە بوو، کەواتە حاجی ئێستا تاوانبارە، حاجییە بەرد دەگرێتە ماڵە بەرزەکە، ئەی ئەگەر سبەی زانییان ئەمشەو لەجیاتی بەرد ئاگر بووە؟ بۆچی سبەی؟ هەر ئەمشەو باوکم هەواڵەکە دەهێنێتەوە. سەیارەی بەردەرگای ماڵی وەزیرم بیرکەوتەوە:

—باوکم کوا؟

ماوەیەکە قسەکانمو پرسیارەکانم زۆر بەکورتی دەکەم، قسەکردن ئەرکێکی زۆر زەحمەت بوو. قسەکردن لەو ماڵەداو پاش ئەو شتەی لە ژوورەکەی ماڵی وەزیردا بینیم واتای بێدەنگییە لەو تاوانە، هەستم دەکرد ئەگەرزۆرقسە لەگەڵ دایکمدا بکەم دەبمە گەوادی ئەو، دایکم وەڵامی پرسیارە کورتەکەی دامەوە:

—باوکت بۆ ماڵی وەزیر چوو، وەزیر ئەمشەو تەلەفۆنی بۆ کردو پێی وت تا حاجی نەهێنێتەوە نەیەتەوە بۆ دەوام. ئەویش ناچار بوو لەگەڵ باوکی ژیلماندا بچێتە ماڵیان.

باوکی ژیلمانیش؟ ئەو ژنانە چییان لە مێردەکانیان کردووە، بۆ خۆشیی خۆیان ئەو پیاوە زلانەیان زەلیلی دەستی پیاوێکی تر کردووە. باوکی ژیلمانیش لەوێیە؟ زۆر باشە! کەواتە ئەویش لە ماڵ نییە بۆنی کوڕەکەی بکات.

هێندە دەستم شت لەخۆم بێزار بووم. بۆنی دەستم کرد، بۆنی پیسایی ماوە، بۆنی بەنزینیش هەر ماوە. چوومە ژوورەکەم بۆ ئەوەی جلەکانم بگۆڕم. ئاگام لێنەبوو لانە نەنوستبوو و لەپشتەوە هاتو هاواری کرد:

—توانا گووی کردووە بەخۆیدا.

بێئەوەی ئاوڕی لێبدەمەوە قاچم بردە دواوەو لەقەیەکم لێداو بەزەویدا خستم. لانە گریاو دایکی گوێی نەدایە گریانەکەیو هەواڵێکی ناخۆشتری وت. هەواڵەکە بەناو دەرگاکەدا ڕۆشتو دای لە گوێم:

—هەتا لە ڕۆژنامەش نووسیویانە.

جلەکانم گۆڕینو گەڕامەوە هۆڵەکە، کشام بۆ ڕۆژنامەکەو بۆ ئەوەی خۆم لە دایکم دووربخەمەوە ڕۆژنامەکەم هەڵگرتو وام پیشان دا کە نیازمە لەژوورەکەمدا تەماشای بکەم، بەرەو ژوورەکەم ڕۆشتمەوەو یەك وشەم وتو نیوەی پیتەکانیم قووت دا:

—دەیخوێنمەوە.

زۆر بۆ هەواڵەکە گەڕام، سەرەتا بەناو بیست لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا بۆ وێنەی کاکە گەڕام، هەمان ئەو وێنەیەی پۆستەری سەر دیوارەکان کە دوو یان سێ ڕۆژە بابەو دایە هەڵیانواسیوەو تێیدا نووسراوە هەر کەسێك شتێك لەبارەی ئەم لاوەوە دەزانێ تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکات، بۆ وێنەی ئەو کوڕە دەموچاو لاوازە گەڕام کە وەکو کەسێك وایە نوقڵێکی لەدەمدایەو دیمژێ، قژێك لەناوەڕاستی تەپڵی سەریدا بۆتە دوو بەشی لای ڕاستو لای چەپ، دوو چاوە وڕەکە لەگەڵ نیوە زەردەخەنەکەی دەمی لە هی کەسێك دەچن عەقڵی تەواو نییە.

وێنەکەم نەدۆزییەوەو جارێکی تر بە بیست لاپەڕەکەدا گەڕام. ئەمجارە ناوونیشانەکانم خوێندەوە، هیچم دەستنەکەوت. لەکۆتاییشدا ناوونیشانەکەم بەبێ وێنە بینی: ماوەیەکە ماڵی وەزیر فلان بەردەباران دەکرێ، وەزیریش لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کارەکەی خستۆتە ئەستۆی کوڕی فەرمانبەرێکی خۆی ئەویش لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی ... تادوا. دیارە هەواڵەکەیان بەپەلە بڵاوکردبووەوە.

سبەی یان دوو سبەی ڕۆژنامەکان وردترو زۆرتر باسی دەکەن، باسی ئاگرەکەش دەکەن، بەڵام ئێستا ئەوەی لەو ئاگرە گرنگترە پرسیارەکەی باوکمە لە وەزیر: بۆچی گومانت لە کوڕەکەمە؟ کەمێکی تر باوکم دێتەوەو دەڵێ باش بوو خەریك بوو منو باوکی ژیلمان بسووتێین، ڕەنگە کاتی ئاگرەکەش وەزیر جوێنی زۆری بە کاکە دابێ، باوکیشم شەڕی لەگەڵدا کردبێ، وەزیریش هەموو شتێکی دایەی بۆ باسکردبێ‌ووو ... ئەمشەو لە ماڵەکەماندا شەڕێك دەقەومێ، شەڕێکی زۆر گەورەو لەوانەیە باوکم دایکم بکوژێ، باوکی ژیلمانیش چاو لە باوکم دەکاتو دایکی ژیلمان دەکوژێ، باوکی منو باوکی ژیلمانیش دەگرنو هەردوکمان بێ کەس دەبین ... ئینجاو ئینجا.. ئینجا کاکە بانگ دەکەینەوە.

باوکم پێی چوو و ترسەکەم زیادی کرد، ڕەنگە باوکی ژیلمان دوای خستبێ تا بەتووڕەییەوە نەیەتەوە ماڵەوەو دایکم بکوژێ، فیکرەی کوشتن بەسەرمدا زاڵ بوو، ئێستا دەزانم بۆچی دایە بەو جۆرە ترساوە، دیارە ئێستا خەریکە لەترسا دەمرێ تا بزانێ وەزیر هیچی بە باوکم نەوتووە، خواش دەزانێ چەند هەوڵی دابوو نەهێڵێ باوکم بچێتە ماڵەکەی.

کۆتایی چاوەڕوانی دەنگی سەیارەکە بوو. باوکم گەیشتو هاتە ژوورەکە، چاوەڕێی هاواری تووڕەیی ئەوم کرد، بەڵام بیستم بەدەنگێکی سەرخۆشەوە شتێك بە دایکم ڕادەگەیەنێو دەچێتە ژووری نوستنیان:

—سوودی نییە، وەزیر دەڵێ هەر ئەوە.. وەزیرێکی کەرمان هەیە.. ئالان؟!

بۆ ئەوەی سەرسوڕمانی خۆشی لە تاوانبارکردنی ئالانو لە کەرێتیی وەزیر دەرببڕێو بیئەوەی بیر لەوە بکاتەوە من لە هۆڵەکەدامو گوێم لێیە ترێکی درێژی لێداو دووبارەی کردەوە:

—ئالان؟! بەڕاستی وەزیرێکی کەرە!

وەزیر کەیفی خۆیەتی کەر بێ، بەڵام من دەمویست بزانم چی لەو ماڵەدا وتراوەو باوکم چۆن باسی ئاگرەکە

دەکات. چاوەڕێم کردو ئەو باسی پێشوازییەکەی کرد:

–ئەو کەرە نەیهێشت زۆر بمێنینەوەو دەریکردین.. ئێمەش چووینە نادی بۆ ئەوەی بە... ئۆۆع.. هێمنی بیری لێبکەینەوە.

بۆ نادی یان بۆ شوێنی تر گرنگ نییە.. گرنگ ئاگرەکەیە.. ئاگرەکە.. قسە بکە باوکە.. قسە بکە. باش بوو بەرلەوەی بچێتە جێگەکەی بیریکەوتەوە، شاق! کێشای بەناوچەوانی خۆیدا:

–دەزانی کە لەوێ بووین ئاگریان هەڵدایە ماڵەکەی؟ پێت ناڵێم وەزیرەکەمان کەرە؟ ئالان؟!

جارێکی تر ترێکی درێژی بۆ هەردوکیان لێدا.

دوای چارەکێك ماڵەکە خامۆش بووەوە، دەنگی کەسیان نەما، بەئەسپایی دەرگای ژوورەکەم کردەوە، چوومە لای دەرگای ژوورەکەیانو بۆ یەکەم جار گوێم بەو دەرگایەوە نا. قسەی لەسەر یەك‌و دەنگی دەنووکی دایکم لەسەر پۆپنەی سەری باوکم بیست، تێگەیشتم کە زۆری لێدەکرد هەوڵ بداتەوەو واز نەهێنێ، ئەویش قسەی بە ژنان دەوت کە شت زل دەکەن. هەر بەئەسپایی کشامەوە دواوە، وەزیر هیچی نەوتووەو ئەمشەو شەوی شەڕ نییە، دەبێ منیش بڕیار بدەم بەردەوام بم یان واز بێنم.

چوومە جێگەکەم لەسەر زەوی. گوێم لە قاقایەکی بەرزی باوکم‌و پرسیاری سەرسوڕمانی :

–ئالان؟!

گریانی دایکیشم بەکزی دەهاتە بەرگوێم.

١٨

ئاگری ماڵە بەرزەکە وەکو ئاگری ناو پووش بەناو شاردا بڵاوبووەوە، ئەوەش کە بڵاویکردەوە ڕۆژنامەیەکی حکومی بوو، هەواڵەکە بەم جۆرە بوو: ((تیرۆریستێك بە بۆمبی مۆلۆتۆڤ هێرش دەکاتە سەر ماڵی وەزیرێکی حکومەت)).

بەهۆی هەواڵەکەوە زانیم ئەو شووشە بەنزینەی منو ژیلمان دروستمان کردبوو بۆمبی مۆلۆتۆڤی پێدەڵێن (بەڵام ئەوەی ئێمە قیرەکەی کەم بوو)، بێگومان تیرۆریستەکەش کە ناوی نەبراوە حاجی لەقەلەقەکەی ماڵەکەمانە. هەمان ڕۆژنامە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەو وەزیرەی تێدا بوو. وێنەی ئەو زەلامە لە تەپڵی سەرییەوە تا خوار مەمکی لە ڕۆژنامەکە لێدرابوو و هێندە شێوابوو لە مریشکێك دەچوو بەزیندوویی پەڕیان دەرکێشابێ، دیار بوو کە بەشپرزەیی قسەی دەکرد، هەندێ تووکی سەری بەرزببوونەوەو لەکاتی وێنەگرتنیدا دەمی کردبووەوەو دوو چاوی زەق ببوون.

پیاوەکەم ناسییەوە، هەستەکەم درۆی لەگەڵدا نەکردم. ئەو پیاوە بوو کە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوو و بەسەرو کەللەییەوە لە وەزیر دەچوو، ئەو پیاوە بۆقە بوو کە لەگەڵ دایەدا بوو. ئەگەر لە باوکم نەبیستایە کە حکومەتەکەمان زۆر لە وەزیرەکان بەپێی حزبایەتی هەروەها بەپێی ناسینی کەسە گەورەکانی وڵات دادەنرێن (جارێکیان بیستم باوکم دەڵێ پیاوێك لە شوێنێکی بەرزدا دانرا چونکە پیاوێکی لەو بەرزتر دەیوت ژنەکەی خواردنی

خۆش دروست دەکات)... ئەگەر ئەوەم لە باوکم نەبیستایە دەموت حکومەتەکەمان تەماشای سەروکەللەی زەلامەکان دەکات ئینجا دەیانکاتە شتی گەورە.

ناسینی وەزیرەکە لە قازانجی مندا نەبوو، من حەزم دەکرد ئەو پیاوە بوایە کە لەگەڵ دایکی ژیلماندا بوو، بۆیە باسی هەواڵی ڕۆژنامەکەم بۆ ژیلمان کرد بەڵام ڕۆژنامەکەیم پیشان نەدا.

باش بوو ژیلمان عەقڵی بەوە نەشکا داوای ڕۆژنامەکەو وێنەی وەزیر بکات، بۆ خۆشم ئەو وێنەیە هەموو ڕقی دنیای تێدا کۆکردمەوە. ئا ئەو کەسەیە کە لەناو خەڵکدا پیاوێکی گەورەیەو حاجی لەقلەقی دۆستی چۆلەکەکانی کردۆتە تیرۆریست.

ڕۆژانی دوای ئەوە هەواڵی جیاوازیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، هەندێ ڕۆژنامە، ئەوانەی کە پێیان وتم لەگەڵ حکومەتدا بەینیان خۆش نییە قسەیان لەسەر باری دەروونیی حاجی دەکرد، باسی کێشەی کۆمەڵایەتییان دەکردو دەیانوت ئەو لاوە قوربانیی ئەو کێشەیەیەو تیرۆریست نییە، وەك چۆنیش لەپڕ حاجی بووە تیرۆریست، لەپڕیش بووە جیگەی ناکۆکیی نێوان خەڵك، ئەوانەی دەیانوت تیرۆریستەو ئەوانەی دەیانوت قوربانییە.

ئەوەی لەهەمووی سەیرتر بوو ئەوەیە چەند گەنجێك لاسایی حاجییان کردبووەوە، دوو گەنجیان گرتبووبەریان گرتبووە ماڵی وەزیرێکی تر، تایەکانی وەزیرێکی تریش فش کرابوونەوەو هەرچەندە نەزانرابوو بکەر کێیە بەڵام گومانیان بۆ گەنجان دەچوو.

باوکم دەیویست ئەو خەفەتەی دایکم کەمبکاتەوە کە خەریك بوو دەیکوشت، پێی دەوت کوڕەکەی بۆتە پاڵەوان بەڵام خەفەتی دایە بەو پاڵەوانێتییە گەورەتر دەبوو. دایکەکان حەز دەکەن کوڕەکانیان بێوەی بژین نەك ببنە پاڵەوان.

ترسی دایە دوو قەد بوو، لەلایەك دەیزانی ئەگەر کوڕەکەی بگیرێ پەڕی پێوە ناهێڵرێ، لەلایەکی تریشەوە دەترسا ڕۆژنامەکان باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکە بکەنو بڵێن چییەو چۆن بووە. دایە هیچی لەمانە نەوتبوو بەڵام ئەمانە ترسی من بوونو دڵنیا بووم ترسی ئەویشە. من دەترسام حاجی بگیرێو بەرگەی یەك شەقو یەك بۆکس نەگرێ، دەشترسام ڕۆژنامەکان باسی پەیوەندییەکانی دایە بکەنو لەبەردەم خەڵکو لەبەردەمی باوکمدا ئابڕووی بچێ، هەموو ئەوانەش ڕاست بوون جگە لە یەك شتی بچووك نەبێ.. بچووك؟! ئەو شتە بچووکە خەنجەری دووەم بوو لە دڵم درا.

وەکو هەموو جارێكو سەرەڕای سەرماو ئەو بارانەی سەرەتای شەو بارییوو و هەندێکی خۆی پیا کێشابووم ئەو شەوە لەدەرەوە بووم. ماوەیەك بوو هیچ چالاکییەکم نەنواندبوو بەڵام وەکو جاران بەسەر دیوارەکەدا هەڵگەڕام، گەیشتمە ئەو دەروازەیەی دەمباتە ناو ماڵەکە کاتێك گوێم لەهاوارو جوێنی دایکم بوو. چوومە ژوورەوەو بینیم دایکم جوێن بە باوکم دەدات، لەتەنیشت باوکیشمدا ئافرەتێکی تر هەبوو. ئافرەتەکەم نەناسییەوە بەڵام بەپێی ڕووی جلوبەرگو هەڵسوکەوتی لەو ئافرەتانە دەچوو کە خەڵکی پێیان دەڵێن بێئەخلاق (دەبێ وشەیەکی تر بۆ ژنی باوکم بەکاربهێنم .. ناو و نازناوەکەشیم بۆ ناوترێ). گوێم لە هاواری دایکم بوو:

—کوڕەکەت لا هیچە .. تۆ دڵت هەیە؟ چۆن ئەوەت بۆ دەکرێ؟ کوڕەکەت دیار نەماوەو لەوانەیە بیکوژن؟

ئەو ئافرەتەی کە نەمدەناسی بنێشتی دەجوو، نزیکتر کەوتەوە لە باوکمو دەستی خستە سەر شانیو وەك گاڵتە

بە دایکم بکات وتی:

—چییە ئیتر، دنیات بۆ ئەو کوڕە کاول کردووە.

دایکم کەوتە جوێندانیو پێی وت بێدەنگ بێ، چاوەڕێی وەڵامی باوکم بووم تا بزانم چۆن تەفسیری هەبوونی ئەو ئافرەتە بکات، هاوارەکەی دایکم تێیگەیاندم کە ئەو لەدەرەوە بووەو پێش من گەیشتۆتە ماڵو ئەو دوانەی پێکەوە بینیوە، وەڵامی باوکم زۆر سارد بوو.. سارد بوو، بەڵام بۆ من دەرگایەکی تری دۆزەخی کردەوە:

—دڵەکەم دەڵێی ڕێککەوتنەکەت لەبیرچووە.

ڕێککەوتن؟ ئەمەیان چییە؟ با باشتر گوێ بگرم، دایکم دەڵێ:

—ئەوە کاتێتی؟

باوکم وەڵام دەداتەوە:

—وا دەزانی خەفەت بۆ حاجی ناخۆم؟ بەڵام وا دە ساڵی تر دیار نەما؟ خۆمی بۆ بکوژم؟

هاواری دایکم:

—بێئەخلاق.

بنێشتجوینو تەعلیقی ساردی ئافرەتەکەش:

—ژنێکی بێحەیات هەیە.

تەعلیقی باوکم لە هاواری دایکم:

—باشترە کەسمان باسی ئەخلاق نەکەین.

پاشان بیریخستەوە ئەو ڕێککەوتنەیان چی بووە. بیرخستنەوەکە بۆ من بوو بە ڕوونکردنەوەو زانیاریی نوێ:

—لەو ڕۆژەوە کە زانیت پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتاندا هەیەو کردتە فەرتەنە پێم وتی وازم لێبێنەو تۆش ئازاد بە، ئەوا بۆ پێنج ساڵ دەچێ گوێم نەداوە لەباوەشی کێدا نوستووی. باش دەزانی من ناتوانم تا هەتا خۆم ببەستمەوە، ئەمڕۆش بێ یان سبەی حاجی دێتەوە.

ئەوەیان دوا شت بوو بیبیستمو لێی تێبگەم، لەوەش بەدوا هەرچییەکیان دەوت غەڵبەغەڵبێك بوو لە گوێمدا، دەنگێکی دوور بوو، دوو ژن بوون یەکێکیان هاواری دەکردو دوایی ئەوەی تریش کەوتە هاوارکردن، هەموو شتێك لەبەرچاومدا وێران بوو، کەسیش لەبەردەممدا نەما، هەر خۆم مامەوە، ئەوانەش کە قسەیان لەگەڵ یەکتردا دەکردو قسەیان بەیەکتر دەوت کەسانێك بوون پەیوەندییان بەمنەوە نەمابوو.

چوومە دەرەوە، چوومە حەوشەکە، دەرگای دەرەوەم کردەوە، ئاوڕێکم بۆ ماڵەوە دایەوەو دەمویست نەگریم، دەمویست بەهێز بم، بەڵام منی منداڵ چۆن دەتوانم بەهێز بم. ڕووخامو گریانی پەنگخواردووم تەقییەوە، لەگەڵ گریانەکەم بارانێکی توندی سارد بەسەرمدا هەڵڕژا.

خەفەتو گریان بە قاچمیان وت ڕابکەن.. خەفەتو گریان نەك باران. بەهەموو هێزێکمەوە ڕامکرد، بەدەم ڕاکردنەوەوە بەردێکم هەڵگرت، ئاوڕم بۆ ماڵەکە دایەوە، بەردەکەم گرتە ماڵەکە، جارێکی تر ڕامکردەوە، وەستامو بەردێکم هەڵگرت.. بەرد یان چەو و گرتمە ماڵەکە. پشتم کردەوە ئەو خانووەی زانیم لەمەودوا ماڵی من نییە، ڕامکردەوە، دەگریامو هاوارم دەکرد:

—بێئەخلاقینە .. بێئەخلاقینە.

ئاوی ساردی باران بە قژو دەموچاو و لەشمدا دەهاتە خوارەوە. ڕامدەکردو بەردم هەڵدەگرتو دەمگرتە ماڵەکەو دەگریامو هاوارم دەکرد: بێئەخلاقینە.. بێئەخلاقینە.. تا تەواو دوورکەوتمەوە. ڕاکردنەکەم بووە ڕۆشتن، بەڕۆشتنەوە دەگریام، نەمدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆم بەڵام ئەو شوێنە نەزانراوە لەلام لەو ماڵە باشتر بوو، فرمێسکەکەم کە لەگەڵ بارانەکە تێکەڵ ببوو بە قوڵی قەمسەڵە تەڕەکە سڕییەوەو گریامەوە:

—هەموو شوێنێك لەوێ باشترە، هەموو شوێنێك لەوێ باشترە، تازە ناچمەوە بۆ لای ئەو بێئەخلاقانە.

## ١٩

یەکەم شت بەیانییەکەی ڕۆژی دوای ئەوە (شەوەکەشم لەگەڵ شێتێك لە کولانە بچووکەکەیدا لە کەلاوەیەکدا بردە سەر) ئەوە بوو بە جددی هەوڵ بدەم کاکە بدۆزمەوە، ویستم بیدۆزمەوە تا پێی بڵێم دڵنیا بێ کە کوڕی ئەو باوکەیە چونکە ئەو باوکەیم بیست باسی پێنج ساڵ بێئەخلاقی دەکات نەك حەڤدە یان هەژدە ساڵ کە تەمەنی ئەون، لەهەمان کاتیشدا پێی بڵێم ئومێد لەو دایکو باوکە ببڕێ.

نازانم کە شەو نەچوومەوە ئەوان چییان وتبوو، ئەوان نەیاندەزانی من گوێم لە هەموو شتێك بووە، یان لەوانەیە زانیبێتیان بەتایبەتی کە دوایی بینییان هەردوو دەرگای مەدخەلو دەرگای دەرەوە کراونەتەوە. بیرم لەوە کردەوە نامەیەکیان بۆ بنووسمو بەدەستی ژیلمان بۆیان بنێرمو پێیان بڵێم کە هەموو شتێکم زانیوە، تازە منو ژیلمان لەهەموو شتێکدا وەکو یەکمان لێهاتووە.

کاتێك ژیلمانم بینی نامەکە تەنها فیکرەیەك بوو لە مێشکمدا. ئەو یەکسەر لێی پرسیم:

—لەکوێ بوو؟ باوکتو دایکت تەلەفۆنیان بۆ کردمو وتیان توانات نەبینیوە.

وەڵامی پرسیارەکەیم نەدایەوەو لەجیاتی ئەوە پێم وت:

—قەت لە باوکت نەپرسیوە بۆچی ڕێگەی بە دایکت داوە بچێتە باوەشی پیاوانی تر؟

ژیلمان دەستی توند جووڵاند:

—کاکە چییان لێ بکەم، زۆر قسە بکەم تێمهەڵدەدەن.

تازە ئەو شتانە ئاسایی بوونەتەوە، بەڵام تۆ بڵێی دنیای دەرەوەی ئەو دوو ماڵە هەر وا بن؟ لەوانەیە، بەڵام لەوانەشە وا نەبێو هەموو کەس لە ئێمە باشتر بێ، ئەو شتانە لە ماڵی خۆمو ژیلماندا بوونەتە ئاسایی، بەڵام لای من ئاسایی نین. من قبووڵیان ناکەم، ئەوەش قبووڵ ناکەم کوڕی وەزیرەکە بڵێ: ((باوکم وای لەدایکت کردووە)).. ئاخ دایە.. بەڵام بۆچی هەر دایە، ئەی تۆ گەورەی ماڵەکە؟ قبووڵی دەکەی ئەو کوڕەی وەزیر پێم بڵێ: ((باوکت بەدەستی خۆی دایکتی بۆ باوکم هێناوە))؟

دەبێ سەر حیز بکەمو هیچ نەڵێم.. بەڵام وەزیرو کوڕی وەزیر چین؟ ئەمانە پێنج ساڵە خەریکنو لەگەڵ سەد کەسی تردا ڕایانبواردووە، ئەوانە کێن؟ کەسیان ناناسم. ئای دەبێ چەند جار بەلای یەکێکیاندا تێپەڕیبمو ئەو

بەزەردەخەنەوە تەماشای کردبمو وتبێتی دایکی ئەو کوڕەم واو وا لێکردووە؟ کێ ناڵێ ئەو پیاوە جوێن فرۆشە بێئەخلاقەی وەزارەت کە ناویم بیر نەماوە بە کوڕەکەی نەوتبێ وەکو خۆی ئازا بێ، ئەو دایکی ئەو کوڕەی واو وا لێکردووە؟

بینینی ژیلمان ئەو فیکرەیەی خستە مێشکمەوە کە بچم لە شیرین خانی دایکی بپرسم: ((ئێوە بۆچی وا دەکەن؟)).

فیکرەکەم بە ژیلمان وت ئەویش گوێی نەدایە ئابڕووی دایکیو ڕازی بوو. دوای نیوەڕۆ بەدزییەوە چوومە ماڵەکەیان. پرسیارەکەم لەدایکی کرد ئەویش وتی کە هەر دەبوایە وا بوایە، پیاوانو ئافرەتان زیاد لەپێویست تێکەڵن، پێکەوە دادەنیشنو بەپاڵ کاری وەزارەت باسی هەموو شتێك دەکەن، جاری واشە کاریان نییەو تەنها باسی ئەو شتانە دەکەن، باسی پەیوەندییەکانیش وردە وردە لایان ئاسایی دەبێتەوە تا دوایی دەڵێن ئەی بۆ خۆمان نەیکەین، لەولاشەوە وەزیرێك یان بەرێوەبەرێك هەیە خۆیو دەستەودایەرەکەی بەدوای شتی وادا دەگەڕێنو چاوپۆشیی لێدەکەن. شیرین خان ئەوانەی بۆ باسکردم منیش لەکۆتاییدا لێم پرسی:

—یەعنی ئێوە هەمووتان لە وەزارەتدا بێئەخلاقن؟

پرسیارەکەم چاوەڕێکراو نەبوو. زەردەخەنەیەکی ترش بەڕووی شیرین خاندا دەرکەوت وەك بڵێ چەند منداڵێکی بێئابڕووی، منی بێئابڕووش پرسیاری دووەمم کرد:

—یەعنی بەلای هەرچی دائیرەیەکدا بڕۆم دەبێ بڵێم ئەوە شوێنی بێئەخلاقەکانە؟

واتای زەردەخەنەی ئەمجارەی شیرین خان ئەوە بوو: چەند کوڕێکی بێعەقڵی. وەڵامی دامەوە:

—شت ڕوودەدەن بەڵام نەك لەهەموویان، حاڵەتی خراپیش ئەوەیە سەری گەورە چاو لەوانەی خوارەوە بپۆشێ، خراپتریش ئەوەیە ئەو سەرە گەورەیە خۆی بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێ. وەزارەتی خۆمان هەموو سنوورێکی تێپەڕاندووە.

هەناسەیەکی هەڵمژیو بەردەوام بوو:

—کەمێك لە پیاوە گەورەکانی وڵاتەکەمان ئەم شتانە بە گوناه دەزانن، زۆریان گوێی خۆیان لێ کەڕ کردووە، زۆریش لەو گوێکەڕانە حەزیان لێیەو دەیکەن. وا دەزانم ئەو بەرپرسەی دژ بەمە قسە بکات تووشی عەیبە دەبێو بە دواکەوتووی دەزانن.

نەوەکو بەهەڵەش تێبگەمو بوهتانی بۆ هەڵبەستم خێرا وتی:

—کە واش دەڵێم مەبەستم نییە دەمەوێ بەرپرسەکان ڕێگەمان لێبگرن... ئۆووو.. ئەگەر ڕێگەمان لێگرن خۆمان دەکوژین.

ئینجا ژوورە ساردەکەی بە قریوەیەکی پێکەنین ڕاچڵەکاند. شیرین خان بێئەوەی شەرمم لێ بکات بێ پێچوپەناو بەڕاشکاوییەوە ئەم شتانەم پێ دەڵێ. بەڕاستی ئافرەتێکی باشە ئەم شیرین خانە بێئەخلاقە! بەڵام بۆچی نەیڵێ، من کوڕی کێم تا شەرمم لێبکات؟ ویستم لەو ڕاشکاوتر بم، لێم پرسی:

—ئەو شەوەی منو کاکمو کوڕەکەت لەپەنجەرەکەوە تۆمان بینی ئەو پیاوە وای لێدەکردی (کەمێك بیرمکردەوە تا ناوەکەیم بیرکەوێتەوە).. ناوی سامان بوو، بانگت کرد سامانە حیز.. ئەو پێی خۆش بوو، ئەی بۆ تۆش خۆش

بوو؟

چاوەڕێم کرد ئەمجارە تووڕە بیٚو دەرم بکات کەچی ئەو بێئەخلاقە بێئابڕووییانە وەڵامی دامەوە:

—بچۆ لەدایکت بپرسە، ئەو زیاتر لەگەڵیدا نوستووە، دایکت لەگەڵ وەزیرەکەش لەمن زیاتر نوستووە. وەزیرەکەمان زۆر قەدری دایکت دەزانیٚ.

قسەکانی خەنجەرێك بوون دایان لە کەمەرم، ئەگەر ئەو ژنە کوڕەکەی خۆشبویستایە خەنجەرەکەیم لە لەشی خۆم دەردەهێناو لەدڵی کوڕەکەیم دەچەقاند. زانیم کە دەبیٚ ئەو ماڵە بەجێبهێڵم، دڵنیاش بووم، بەو قسانەو بە چەند قسەیەکی تر کە ئەوسا لەماڵی خۆماندا دەمبیستن‌و لەو کاتەدا بیرمکەوتنەوە کە ئەو ژنە ئەو ڕێگەیەی پیشانی دایکم دابوو، چوومە حەوشەکەیان‌و چۆلەکەم بەسەر درەختەکانیاندا بینی، لەبەرخۆمەوە وتم:

—ئەگەر حاجی دەزانیٚ! هەمیشە سەیری ئێوەی دەکردو دڵی پێتان خۆش بوو، ئەگەر دەیزانی ئێوەش حیزن.

چوومە ناو دەرگاکەو لەو قسەیە پەشیمان بوومەوە. ئاوڕم بۆ چۆلەکەکان دایەوە:

—لێم ببوورن، پڕ بەدڵم پێتان دەڵێم لێم ببوورن، ئێوە پاکن.. زۆر پاکن، ئێوە لەهەموو گەورەکان پاکترن، ئێوە لەهەموو مرۆڤەکان پاکترن، خۆزگەم بەخۆتان.. خۆزگەم بەخۆتان...

چوومە ناوە کۆڵانەکەو لەو شوێنەوە تەماشای ماڵەکەمانم کرد .. ماڵەکەمان؟ تازە شتێك نەماوە پێی بڵێم ماڵی خۆمان.

## ٢٠

یەکەم شوێن بیرم لێکردەوە رووی تێبکەم ماڵی پوورم بوو. پوورە ڕۆشنا خوشکی دایەیەو تەمەنی لەو نزیکە، لەهەموو خزمێکی تر زیاتر خۆشماندەویست بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو پەیوەندییەکەی لەگەڵ دایەدا کزببوو، دەتوانم ئێستا بڵێم بۆچی.

زۆر جار پوورێمان دەبیست سەرزەنشتی دایەی دەکرد بەڵام ئێمە دووربووین‌و تەنها دەنگەدەنگەکەمان دەبیست.

پوورەکەمان دەرگای لێکردمەوە، سەرەتا سەریسوڕما پاشان پێشوازییەکەی کردە زەردەخەنە:

—تۆی؟

بەخەفتباری‌و بێئەوەی ئاوڕی بۆ بدەمەوە چوومە ژوورەوە، بەناو حەوشەکەدا ڕۆشتم‌و چوومە ژووری دانیشتنەکەیان، لە ژوورەکەدا پێم وت:

—هاتووم لات بمێنمەوە.

پرسیاری کرد:

—تۆش تۆراوی؟

وەڵامم دایەوە:

—ئەو بێئەخلاقانە.

چاوەڕێم کرد بپرسێ کێ‌و من بڵێم دوو گەورەکەی ماڵەکەمان‌و ئەو سەرزەنشتم بکات کە باوک‌و دایک هەرچییەک بکەن نابێ منداڵەکانیان قسەیان پێبڵێن، بەڵام هیچ لەمانە نەوتران. لەسەر قەنەفەکەدا دانیشت‌و قاچی خستە سەر قاچ، پاش کەمێك بێدەنگی بە زمانە شیرینەکەی خۆی کە کردبوویە خۆشەویستترین خزم لەلامان پێی وتم:

–ماڵی پووری خۆتە.

پاش کەمێکی تریش بێدەنگی پەنجەی هەڕەشەی ڕاوەشاند:

–بەڵام ئەگەر تۆیان بۆ جاسووسی ناردبێ بچۆرەوە ماڵ‌و پێیان بڵێ پوورم نازانێ ئالان لەکوێیە.

سەرەتا تێنەگەیشتم، ئینجا زانیم:

–جاسووسی؟ جاسووسی بۆ ئەوان بکەم؟

ئینجا لێم پرسیەوە:

–حاجی هیچی بە تۆ وتووە؟

سەری ڕاوەشاند:

–پێویست ناکات، دەزانم حاجی هەموو شتێکی زانیوە بۆیە ماڵەکەی جێهێشتوە.

پێم وت:

–بەڵام ئەو نازانێ باوکیشم وایە، باوکم ڕێگەی بەدایکم داوە، ئەویش ڕێگەی پێداوە.. هەردوکیان ڕێگەیان بەیەکتر داوە.

وەکو ئەوەی هیچی تازەم نەوتبێ وەڵامی نەبوو. بێگومان ئەویش دەزانێ.

ماوەیەکی تر پێکەوەماینەوەو قسەمان کرد، ئاوازی دەنگو ڕەنگی ڕووم پێی وت من ڕاستگۆم بۆیە زیاتر کرایەوە، لەکۆتاییشدا پێی وتم بچم پشوو بدەم، دەستی گرتم‌و بردمی بۆ بەشی پشتەوەی ماڵەکە؛ ژوورێك بوو خۆمان‌و منداڵانی خزمان تێیدا یاریمان دەکرد:

–لەو ژوورەدا بمێنیتەوە کەس ناتبینێ.

بۆ یەکەم جار پاش هەڵهاتنم لەماڵەوە زەردەخەنە چووە سەر ڕووم. تا لەگەڵیشدا گەیشتمە ژوورەکە فریاکەوتم نەخشەیەك بۆ گەڕان بەدوای حاجیدا دابنێم.. تازە بوومەتە نەخشەکێش‌و پیلانگێڕ.

هێشتا پوورم دەستی گرتبووم، دەرگاکەی بەدەستەکەی تر کردەوەو ڕێگەی بۆ کردمەوە تا تێپەڕم، سەری پێزانینم بۆ بەرزکردەوەو چوومە ژوورەوە. تەنها یەك هەنگاوم لەناو ژوورەکەدا هەڵناو وەستام.. ژوورەکە چۆڵ نییەو شتێکی تێدایە.. حاجی لەقەڵەقەکەی ماڵەکەمان لە ژوورەکەدا بوو.

حاجی لەسەر قەرەوێڵەکەدا دانیشتبوو، دوو قاچی بەسنگییەوە نووساندبوو و بە دوو دەستی ئەو دوو قاچە درێژەی گرتبوو. بینینەوەی کاکە خەریك بوو دوو باڵم پێ بدات بەڵام کاکە بە دەموچاوێکی بەتاڵ لەهەموو هەستێکی خۆشی یان ناخۆشی پێشوازیی لێکردم، وەکو کەسێکی بێگانە تەماشای دەکردم. کەمێك بەمجۆرە بەرامبەر یەکتەر ماینەوە ئینجا زەردەخەنەیەکی بچووکی کاکەم بینی.

کەوتمەوە جووڵەو لەتەنیشتیدا دانیشتم، لەبەرئەوەی ئەو قەرەوێڵە یەك کەسییەش زۆر بەرز بوو (ناومان نابوو هەلیکۆپتەر) قاچم بەسەریدا شۆڕببووەوەو نەدەگەیشتە زەوی. دوو قاچم کردە جۆلانەو سەیری زەویم کردو

چاوەڕێ بووم حاجی شتێك بڵێ. حاجی هیچی نەوتو ئەو بێدەنگییە خۆشیی بینینەوەی لەبیربردمەوە. تاکە شتێك لەمێشکمدا ئەو خامۆشییەی پێ بکوژمو حاجی بورووژێنم ئەو زانیارییە بوو کە دوودڵ بووم بیدرکێنم، بەڵام حاجی ناچاری کردم بیڵێم:

—دەزانی باوکیشمان هەر وەکو دایکمان وایە؟

ئەوەندەم وتو چاوەڕێم کرد قسەیەکی سەرسوڕمان بکات. حاجی قسەی کرد، بەڵام قسەی سەرسوڕمان نەبوو:

—دەزانم.

وەڵامە کورتەکەی وڕی کردم. ئاوڕم بۆ دایەوە:

—دەزانی؟

دیسانەوە بێدەنگ بووەوە، دەبێ پرسیارێکی تر بکەم:

—لە پوورە ڕۆشنات پرسیوە تۆ لە خاڵمان دەچی؟

حاجی سەری ڕاوەشاند.. سەرڕاوەشاندنەکە هەردوو واتاکەی هەبوو: بەڵێو نەخێر. زۆر جار ئەم برایەم خەریکە شێتم دەکات. ئەو ڕاستییەم پێ وت کە شەوی هەڵهاتنم زانیبووم:

—باوکمم بیست دەیوت پێنج ساڵە خەریکی ئەو کارەن.

قسەی کردەوە:

—دەزانم.

قسەم کردەوە:

—کەواتە تۆ کوڕی وەزیر یان هیچ کام لەوانە نیت کە لەو ماڵەدا بوون.

وشە نەمرەکەی وتەوە:

—دەزانم.

ئینجا بێزار بووم:

—ئیتر بۆچی دەڵێی ئەگەر باوکت باوکت نییە ئەی بۆچی باوکتە؟

ئەمجارە شتێکی تری وت جگە لە وشەی دەزانم:

—ئێستاش هەر وا دەڵێم.

لەپڕ بوومە موحامیی باوکمو دایکم:

—گوێ بگرە.. دایکمان لەگەڵ وەزیرەکەدا بووە.. ڕاستە، بەڵام هەمووی دوو یان سێ ساڵە ئەو کەللەبەرازە وەزیرە.

زەردەخەنەی گومانی حاجیم بینی:

—کێ ناڵێ ئەو پێش ئەوە ناسیویەتی؟

ئینجا بە شێوازو ڕێزمانە تایبەتییەکەی قسەی کردەوە:

—وەزیر یان ناوەزیر.. هەر کەس بێ.. من نازانم ئەگەر باوکمە یان ئەگەر ناباوکمە. ئەگەر باوکم بێ بۆچی وازلە ژنەکەی دەهێنێ بۆ شتانانە بکات، ئەگەر باوکم بێ بۆچی ئەو شتانە خراپانە دەکات.

تەواو! دەبێ ئەو دەرگایە دابخرێ. دەرگاکەم داخستو چیرۆکی خۆمم بۆ گێڕایەوە، بۆم باس کرد منو ژیلمـان چیمان کرد، چۆن خەڵك باسی ئەو وەکو تیرۆریست دەکەن، چۆن ئەو شەوە گەڕامەوەو ژنێك لەگەڵ باوکمدا بوو و دایکم دەیقیژاند، چۆن هەڵهاتمو ماڵەکەم بەردەباران کردو لەگەڵ شێتەکە لە کولانەکەیدا شەوم بردەسەر. پـێم وت دایکمان تەنها ئەوی حاجیی بەخەیاڵدا دێ، تەنها ئەو حاجی لەقلەقەی لا گرنگە.

خەفەتێکی دۆزەخی بەڕووی حاجیدا دەرکەوت. زانیم کارێکی دۆزەخیش دەبێ ئەگەر هەوڵ بدەم پێم بڵێ بۆچی لەکاتی ئەم قسانەمدا ئەم خەفەتەی دەرکەوت. باش بوو هەوڵی نەویستو خۆی قسەی کرد:

–ئەوسا خۆش بوو دایکم منی خۆشویستبوو. بەڵام من زانیم چی دەکات ئیتر وتم ئەو منی خۆشدەوێ چونکە لە یەکێك دەچم حەزی لێدەکات، لەوانەیە باوکم بێ ئەو کەسەو ئەو خۆشیدەوێو بەدزیی ئەو باوکەم کە باوکم نییـە لەگەڵیدا بوو.

ئارامم نەما.. دەبێ بزانم ئەم وڕێنەیە ئەسڵی هەیە یان نا. بەپەلە چوومە دەرەوەو بـە ڕاکـردن بـۆ لای پـوورم ڕۆشتم. بێ پێشەکی لێم پرسی:

–ئەو ڕەسمەی خاڵمان هی خاڵمانە؟

پوورم پرسیارەکەی لا سەیر بوو:

–بێگومان خاڵتانە. دەڵێی نەخۆشییەکەی ئالانت گرتووە؟

گەڕامەوە ژوورەکەو بە کاکم وت:

–ئەو ڕەسمە خاڵمانە.. تۆ لە خاڵمان دەچی. ناشێ بڵێی دایکمان حەزی لە خاڵمان کردبوو؟

ئاوڕی بۆ دامەوە:

–بیرکردنەوەت سەیرت هەیە. خاڵمان وەك منە کە مردبوو.

حاجی پێم دەڵێ سەیر بیردەکەیتەوە!!

حاجی بۆی باس کردم پوورمان چیی بۆ باس کردبوو، پوورمان ئەمەی پێوتبوو: بەڵێ ڕاستە خاڵمان ئەو وێنەیەی گرتو دوای ئەوە مرد، دایکتان ئەو برایەی زۆر خۆشدەویست، ئێمە خۆشمان دەویست چونکە هـەر ئـەو برایـەمان هەبووە، دایکت لەهەموومان زیاتر خۆشیدەویست چونکە دەیوت بەستەزمانە، دایکت نەیدەهێشت کەس لێی بدات، چەند جاریش قژی منی لەسەر ئەو دەرهێنابوو. خاڵتان شەڕی پێفرۆشراو لێدرا، لەشی بەرگەی ئەو لێدانەی نەگرتو مرد، لەو کاتەشەوە دایکت ڕەسمەکەی دەخستە بەردەمی خۆیو دەگریا.

تەواو لەو قسانە بێزار بووم کە ئەگەر لەگەڵ ژیلماندا بمکردنایە بەهەموویان پێنج دەقیقەیان نەدەبرد. هەڵسام بۆ ئەوەی لە ژوورەکە بچمە دەرەوە، ئەو دەستی خستە سەر ئەژنۆمو داوای کرد نەڕۆم. دیارە قسەی تری هەیە.

حاجی چیرۆکی خۆی هەبوو، بە شێوازە تایبەتییەکەی قسەکردنی خۆی کە ((وا..وا)) دەکاتو دوو ئەوەنـدەی خەڵکی تری پێدەچێو ڕێزمان بەئارەزووی خۆی بەکاردەهێنێ بۆی گێڕامەوە چۆن هەر ئـەو ڕۆژەی وەزیـری بـینی هەموو شتێکی زانی، وەزیر سەرەتا گاڵتەی پێکرد بەڵام کە ئەو بەردەوام ئەو پرسیارەی لێدەکرد ئەگەر باوکی خۆی باوکی نەبێ ئەی بۆچی باوکێتی وەزیرەکە هەوڵی دا تێیبگەیەنێ شتەکە بەئاسایی وەربگرێو مرۆڤ حەزی لە چییە با بیکات، ڕۆژ ڕۆژی ئازادییەو باوكو دایکی ڕێککەوتبوون ئازادی بەیـەکتر بـدەن بۆیـە ناکۆکییـان نـەماوە لەکاتێکدا

کەسانێك هەن ناهێڵن هاوسەرەکانیان ئەو پەیوەندییەیان هەبێ بۆیە هەمیشە شەڕ دەکەن، پاشان ئامۆژگاریی کرد ئازادیی خۆی بخاتە کارو کچێك بدۆزێتەوە پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستێ، حاجی وتی هۆشی لێبڕا کاتێك وەزیر ئاشکرای کرد باوکمان ئاگای لەهەموو شتێکەو ئەویش پەیوەندیی بە ئافرەتانی ترەوە هەیە، وەزیر ئامۆژگاریی کرد پەیوەندی لەگەڵ کچاندا ببەستێ ئەویش چۆلەکەکانی بیرکەوتەوە.

حاجی بێدەنگ بوو و پێویستم بەوە نەبوو لێی بپرسم بۆچی ماڵەکەی جێهێشت، بەڵام ئەمجارە بێدەنگی زۆری نەخایاندو حاجی دەستی پێکردەوە. حاجی زیاتر سەریسوڕماندم کاتێك باسی تێڕوانینی خۆی بۆ باوکمانی کرد. حاجی وتی دایکمانی زۆر خۆشدەویست چونکە زۆر بایەخی پێدەدا بەڵام هەرچەندە سۆزی باوکمان بەو ئەندازەیە نەبوو تا ئەوپەڕی سنوور ئەو باوکەی لای گەورە بوو. ئەو هەمیشە بەلاچاو بەئیعجابەوە تەماشای باوکمانی دەکرد، دەیویست وەکو ئەو دەربچێ، دەیبینی من لاسایی قسەکانو ڕەفتارەکانی باوکم دەکەمەوە، ئەویش ئاواتەخواز بوو شەرمی نەکردایە تا لەبەرچاوی ئێمەدا لاسایی بکاتەوە. بەڵێ ئەوەی دەکرد بەڵام کاتێك تەنیا دەبوو. کاتی تەنیایی دەچووە بەردەم ئاوێنەو وایدەزانی ئەوە، لاسایی قسەکانیو جووڵەکانی دەکردەوە، تەنانەت لەو جارە کەمانەش کە باوکی لێیدەدا گریانەکەی لەبەر ئازار نەبوو بەڵکو لەبەر خەفەت بوو؛ خەفەتی ئەوەی پاڵەوانەکەی خۆی ئێستا لێیدەدا، نەك هەر خەفەت بۆ خۆی خەفەت بۆ باوکیشی، بۆ پاڵەونەکەی خۆی کە دەبوایە لەوە گەورەتر بوایەو ددانی بەخۆیدا بگرتایە.

حاجی ئەوانەی وت، منیش لێم پرسی:

—ئەی دواجار کە سەرت بەستبوو و خۆت دەنواند بەڵام لەبەرئەوەی کاغەزەکانی وەزیرت سەقەت کرد بەلاتەنیشتدا خستیتیو کەوتە لێدانت، دەستت بەڕوومەتتەوە گرتبوو ئەویش دەیدا لەسەرتو لە دەستت؟

حاجی سەری نەوی کرد:

—باشم بیرماوە، بەسەرمدا نیشتبوو و بە بۆکس لێیدەدام، من ترسابووم، تۆش لێت بدەن دەترسی، بەڵام بۆ ئەوە نەگریام، من بەخەفەتەوە دەگریام، هاوارم دەکرد، بەڵام لەدڵمدا هاواریشم دەکردو دەموت: بابە لێم مەدە، پاڵەوانەکەی خۆم لێم مەدە .. دوایی بۆ باوکم دەگریام، بۆ پاڵەوانەکەی خۆم دەگریامو لەدڵمدا هاوارم دەکرد: تۆ لەوە گەورەتری لە منی بێهێز بدەی، حەز دەکەم گەورەتر بی، حەز دەکەم تووڕە نەبی.

حاجی وشەکانی بەشێوەیەکی تر وتو ئەمە داڕشتنەوەی خۆمن بۆ قسە ناتەواوەکانی.

حاجی دڵی پڕ بوو، منیش باشتر تێگەیشتم:

باوکمان کێوێك بوو لەبەردەمی حاجیدا، کێوێك بوو خەونی بەوە دەبینی بگاتە لوتکەکەی بەڵام لەپڕ ئەو کێوە هەرەسی هێناو تەختی زەوی بوو، لەوەش بەدوا ژیان هیچ مانایەکی لای حاجی نەما. حاجی کاتی تووڕەبوونی باوکی ئەو باوکەی وەك کەسێکی بچووکتر لەو وێنەیەی لەمێشکیدا بۆی کێشابوو دەهاتە پێش چاوییەوە، شکستی گەورەترو بەردەوامتری باوکی ئەو کاتە بوو کە حاجی زانی ژنەکەی دەچێتە باوەشی پیاوانی تر، بەڵام هەرەسی تەواوەتی لە وەزارەتدا بوو کاتێك بۆی دەرکەوت باوکی ئاگای لە ڕەفتارەکانی ژنەکەیەتیو خۆشی هەمان بەزمی هەیە. ئەوەش چووە پاڵ گومانی حاجی لە باوکێتیی باوکی خۆیو پێی وت مانەوە لەو ماڵەدا هیچ مانایەکی نەماوە، یان وەکو خۆی دەڵێ: بمێنمەوە بۆ ئەوە دەمێنمەوە لەوێدا بنوومو خواردنم بدەنێ.. خۆ من مانگا نیم؟

ئەوەی لەحاجیم بیست بەس بوو بۆ ئەوەی هێندە خەفەت بخۆم هەست بکەم بەردێك لە قوڕگمدا وەستاوە، شەو هیچم بۆ نەخورا، شەوی درەنگتریش بەسەر جێگەکەمدا تەپاوتلم بوو. زۆر سەیر بوو! تا ئەو کاتە قسەم بە باوکمو دایکم دەوت کەچی ئەو شەوە هەستم دەکرد دەبێ بەزەییم پێیاندا بێتەوە. سەعاتەکانی شەو تێدەپەڕینو من تەپاوتلم دەدا، حاجیش نەنوستبوو بەڵام ئەو بە یەك باردا پاڵکەوتبوو و نەدەجووڵایەوە، بەپشتدا پاڵکەوتبوو و تەماشای بنمیچی ژوورەکەی دەکرد.

کات گەیشتە نزیکی بەیانیو وەکو کێوێکم هەڵگرتبێ ماندوو بووم، هەر ئەوەندەش خەوم لێکەوت، مێردەزمە دەوریان دام، یەك مێردەزمە نەبوو.. سەدان.

## ٢١

بەیانی پێویست بوو نیو سابوون سەرف بکەم تا دەموچاوم پاکبکەمەوەو هەست بکەم چڵكو گرژیی دەموچاویان بەرداوم. تەماشای ئاوێنەم کرد بینیم موویەکی سەرم سپی بووە، زۆری پێ ناچێ سەرم ڕەنگی بەفر دەگرێ.. منی کوڕی دوانزە ساڵ.

ئەو بەیانییە لەگەڵ پووریێو مێردەکەی (خەسرەوی ناوە، پیاوێکی باشەو ئەویشمان هەر خۆشدەوێ) دانیشتین. کوڕو کچێکیان هەبوو لە شارێکی تر دەیانخوێند بۆیە زۆریان پێ خۆش بوو ماڵەکەیان بۆ ئاوەدان بکەینەوە.

یەکەمو گرنگترین شت لەلام ئەو تۆمەتە بوو کە چووبووە پاڵ براکەم، پێم وتن:

–دەبێ بەزووترین کات بیسەلمێنین کاکە نەبوو کە بەردەبارانی ماڵی وەزیری کردبوو، ئێستا کاکە لای ئەوان تیرۆریستەو بیگرن بەرگەی شەقێکیان ناگرێ.

پوورە سەری جووڵاند بەواتای ((گرنگ نییە)). بەڵام ئەوە لای من گرنگ بوو:

–چۆن؟ لەبەرچاوی مندا بەپێڵاو چووبونە سەر ورگی زەلامێك، ئەوە لەبەرچاوی خەڵك ئەی کە بردیانە ژوورەوە دەبێ چییان لێکردبێ.

پوورە دەستی بۆ چەناگەم برد:

–تۆ منداڵی، لەم وڵاتەدا هەموو شتێك فشەو گاڵتەیە، ئێمە لە وڵاتێکی فشەدا دەژین حکومەتێکی فشە بەڕێوەیدەبات. ڕاستە ئەگەر کاکت بگرن وەکو تیرۆریستێکی گەورە تەماشای دەکەن، بەڵام هەروەها تیرۆریستێکی زل بە واستەی پیاوێکی زل دەچێتە دەرەوە، من دەتوانم بە تەلەفۆنێك ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم.

پرسیم:

–فشە؟!

(ئمممم)ێکیو سەری لەقاند:

–دەبوایە زوو ئەوەت بزانیبایە. ئەوان باش دەزانن وەزیرەکەی دایکتانو باوکتان چی دەکات بەڵام هیچی لەگەڵدا ناکەن چونکە خۆی واستەی خۆیەتی، لەویش گەورەتر هەیە واستەیەتی.

قسەکەی دایکی ژیلمانم بیرکەوتەوە سەبارەت بەو بەرپرسە گوێکەڕە زۆرانەو ئەوانەی حەزیان لە باوەشی شیرین خانو هاوجۆرەکانی هەیە. لەدڵی خۆمدا وتم قسەکەی پوورم فشەیە؛ وەزیرەکە ناگرن نەك لەبەرئـەوەی واسـتەی هەیە بەڵکو لەبەرئەوەی خۆیان حەزیان لەو بەزمەی وەزیرە. پوورم قسەکەی تەواو کرد:

—پیاوە زلەکان خراپترین شت دەکەن بەڵام کەسیان بۆ نیو ڕۆژیش ناگیرێن.

کاك خەسرەوی مێردی بۆی تەواو کرد:

—وەزیرەکەی باوكو دایکتان لایان پاڵەوانێکی گەورەیە، کارەکانی وەکو نوکتە دەگێڕنەوە.

ئەمەیان تەواوترە. پوورە ڕۆشنامان دەستی پێکردەوە:

—هەر مەسەلەی ئافرەت نا، شتی تر، ئەی هەر خۆیـان نـەبوون مەسـەلەی عەقدە سـاختەکەی کۆمپانیاکـەی دەرەوەیان بۆ ئەو وەزیرە پۆشی؟

پوورمانو مێردەکەی کەوتنە باسی ئەو جۆرە شتانەی کە لامان قسەی ئاڵۆز بوون، بەڵام لەو جۆرەمان بیستبوو ئەو شەوەی بەدزییەوە چووینە ماڵی وەزیر؛ باسی عەقدی ساختە، باسی بەخشینی پرۆژە بە فلانو فیسار، باسی فرۆشتنی زەوی بە نرخێکی کەم بۆ کەسێك پاشان ئەو کەسە بینایەکی بەرزی لەسەر دروست دەکات بێئەوەی وەکو کەسێکی دەوڵەمەند ناسرابێ.

ئەو باسانە کەمێك کێشەی کاکەیان لەبیربردمەوە، ئەوەشیان لەبیربردمەوە لـە پـوورم بپرسـم چـۆن کێشـەکە بکەینە فشەو گاڵتە.

کۆتایی قسەکان هاتنو بڕیار درا من بچمەوە ماڵەوە، بچمو نامەی پوورم بە باوکمو دایکم بگەیەنم: دەبێ وازلەو کارانە بێنن، دەشبێ خۆیان لەو وەزارەتە نەقڵ بکەن.

دەمم کردەوە تا بە پوورم بڵێم کەی بچم کاتێك دەنگی دەرگای دەرەوە هات. چوومە دەرەوە بۆ دەرگاکردنەوەو ترسم نەبووە باوکم یان دایکم بن چونکە هەرچەندە ئەو ڕۆژە پشوو بوو بەڵام دایکم تەنها بە تەلەفۆن پەیوەنـدیی لەگەڵ خوشکەکەیدا دەکرد. بێترس چوومە حەوشە بەڵام هەر ئەوەندە دەرگاکەم کردەوە بینیم دایکمە! یەك سات بوو هاتە بەرچاومو خۆم لەپشتی دەرگاکە شاردەوە. باش بـوو لـەو کاتـەدا پشـتی لـە دەرگاکـە بـوو و خـەریکی داخستنی دەرگای سەیارەکەی بوو.

دەرگاکەی بینی کراوەتەوەو هاتە حەوشەکە، هێندەش بەپەرۆش بوو ئاوڕینەدایەوە تا بزانێ کێ دەرگاکەی بۆ کردەوە، هەر ئەوەندەش گەیشتە ناوەڕاستی حەوشەکە بەپەلە چوومە کۆڵان. نـەختێکیش چـاوەڕێم کـرد پاشـان بەوریاییەوە چوومەوە ژوورەوە.

تا چوومە ناوترو تا لە سووچێکی پەنجەرەکەوە تەماشام کردن زانیم بەشێکی قسەکانیان کردبوو، مێردی پورمو حاجی لەوێدا نەبوون. پوورم هێمن بوو و زەردەخەنەی کەسێك چووبووە سەر لێوی کـە کەسـێکی بێهێـز هاتۆتـە بەردەمی، دایکیشم شپرزو نزیکە گریان بوو.

دایکمم بیست دەڵێ:

—ئێستا کاتی ئەم قسانە نییە.

پووریشم هەر بەو زەردەخەنەیەوە وەڵامی دایەوە:

—چەند ساڵە هەر کاتی نەهاتووە؟

زانیم پوورم سەرزەنشتی کردووەو پێی وتووە تاکەی واز لەو کارانەی ناهێنێ. دایکم نزیکتر بوو لە گریان:

—ئێستا دەمەوێ دوو کوڕەکەم بدۆزمەوە.

زانیم دایە حاجیی نەبینیوە، بەڵام تۆ بڵێی هەستی کردبێ لێرەیە؟ پوورم وەڵامی دایەوە:

—خەتای تۆو نەوزادە، ئێوە دوو کوڕەکەتان فەوتاند.

دایە سەری کز کرد، پوورێش نزیکترکەوتەوە لێی. گەیشتە لایو دەستی خستە سەر شانی:

—بیر لەوە ناکەیتەوە ڕەنگە دوو کوڕەکەت لە خەفتا خۆیان بکوژن؟

تا ئەو کاتە بیرم لە خۆکوشتن نەکردبوو. من گرم لە ماڵی وەزیر بەردابوو چۆن بیر لە خۆکوشتن بکەمەوە؟ ئەو کاتە هەستم بە شانازی کردو هەستم کرد بەڕاستی پاڵەوانم.. بەڵام تۆ بڵێی حاجی بیری لە خۆکوشتن نەکردبێتەوە؟

ترس سەری بە دایە هەڵبڕی، دەنگی گۆڕاو تێکەڵەی گریانو ترس بوو:

—خۆیان بکوژن؟ ڕۆشنا چیت بیستووە؟

پوورم وەڵامی نەدایەوە، زەردەخەنەکەی نەماو پشتی تێکرد، دایە هەڵساو لەپشتەوە دوو شانی گرت، ئینجا گریا:

—توخوا ڕۆشنا .. توخوا.. تۆش منداڵت هەیە.

پوورم ئاوڕی بۆ دایەوەو بەڕوویەکی گرژەوە پێی وت:

—ئەو کاتە بیرت لەوە نەکردەوە منداڵت هەیە؟

دایە وەڵامی نەبوو ئەویش بەردەوام بوو:

—دەمەوێ یەك شت بزانم، تۆ کە ئەو منداڵانەت ئەوەندە خۆشدەوێ چۆن دەتتوانی ئەو تاوانانە بکەی؟ کەسیان نا.. ئالان.. چۆن لەو کاتەی دەچوویتە باوەشی ئەو پیاوانە ئالانت بیرنەدەکەوتەوە؟ چۆن کە ئالانت دەبینی هەستت بە پەشیمانی نەدەکردەوە؟

دایە سەری کز کردەوە، چووەوە سەر قەنەفەکەو دانیشت. دەماوچاوی بە دوو لەپی دەستی شاردەوە:

—ئارەزوو.. ئارەزوو کە بەسەرتدا زاڵ دەبێ لەهەموو خۆشەویستییەك بەهێزتر دەبێ، دەبێتە ئەسیری ئەو ئارەزووە. ئارەزوو کوێرت دەکات، ناهێڵێ هیچ ببینی. خۆشەویستەکانت دێنە بەرچاو، هەست بە تاوانباری دەکەی، بەڵام ئەوە تەنها ساتێکەو ئارەزوو چاوت کوێردەکاتەوە.

پرسیارێکی تری پوورم:

—هیچ شتێك نەبوو بەتەواوی وریات بکاتەوە، شتێك بۆ زیاتر لەو ساتە پێت بڵێ کارێکی هەڵە دەکەی؟

دایکم سەری بادا:

—هیچ شتێك.. نەخێر.. تەنها یەك شت.. ئەوانەی ئەو کارەیان لێ دەشاریتەوە پێت بزانن. خۆشییەك بوو وەکو خۆشیی هەموو تاوانێك حەز نەکەی پێت بزانرێ بۆیە تا ئەو کاتە خۆشە کە شاردراوە بێ، هەر ئەوەندەش ئاشکرا بووی هەموو خۆشییەکە دەبێتە هەڵم.. دەبێتە خەفەتو ترس.. خۆشییەکە وات لێدەکات کەس نەبینی، بەڵام کە پێت زانرا وا دەزانی هەموو کەس تەماشات دەکات.

دایە بێدەنگ بوو، پوورێش ویستی بیباتە ئەولای خەفەتو ترس:

—ئەی پەشیمانی؟ باسی پەشیمانیت نەکرد.

دایە سەری بۆ بەرزکردەوە:

—من دەمزانی هەڵەیە، لەبەرئەوە هەمیشە دەمویست کوڕەکان دووربن لە هەڵە، بیستبووم چەند کچێك فێرببوون تەلەفۆن بۆ حاجی دەکەن.. دەمویست حاجی تووشی هەڵە نەبێ.

پوورم سوور بوو پرسیارەکە پشتگوێ نەخات:

—ئەی پەشیمانی؟ نەتوت پەشیمانی یان نا.

دایە دەموچاوی داپۆشییەوەو وەڵامی نەبوو، ئەویش پێی وت:

—دیارە پەشیمان نیت، سبەی ئەگەر دوو کوڕەکەت بۆت بگەڕێنەوە دەچیتەوە باوەشی ئەو پیاوانە ئەگەر جاروباریش بێ.

پوورم چووە لایو دەستی خستەوە سەر شانی:

—باشترە بچیتەوە ماڵەوە، هەر کاتێکیش هەستت کرد پەشیمانی وەرەوە لامو داوای یارمەتیم لێ بکە.

دایە توند سەری بۆ بەرزکردەوەو لەپڕ دەنگی زبرو تووڕە بوو:

—دیارە دەتەوێ زەلیلم بکەی، دیارە ناتەوێ پەشیمان بم بەڵکو هەر ئەوەندەت دەوێ لەبەردەمی تۆدا ئەو قسەیە بکەم، تۆ هەمیشە ویستووتە پیشانم بدەی کە لە من گەورەتری.

پوورە پشتی تێکردەوەو چووە سەر قەنەفەکەی بەرامبەر، دانیشتو قاچی خستە سەر قاچ:

—تۆش بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کەوا نییە پەیوەندیت لەگەڵ ئەو پیاوانەدا بەستبوو؟ وایە یان هەڵەم؟ ڕەنگە هەر بەم جۆرە وەزعی خۆتان باش کردبێ، بەتایبەتی بە یارمەتیی وەزیرەکەتان.

دایە تووڕەتر بوو:

—لەخۆتەوە قسە مەکە.

پوورێ بە دوو دەستی ئەژنوی گرت، سەیری لایەکی تری ژوورەکەی کرد:

—من ڕاستم وتبێ یان هەڵە، ئەوە گرنگ نییە، ئێستا دوو کوڕەکەت لەدەستی تۆو نەوزاد ڕایانکردووە، چۆن دەتەوێ بۆتان بگەڕێنەوە؟ ئەمجارەش بگەڕێنەوە تۆ بۆ ئیشە خراپەکانت دەگەڕێیتەوەو ئەوان جاریکی تر ڕادەکەنەوەو لەوانەیە ئەمجارە خۆشیان بکوژن.

وشەی خۆکوشتنو ئەو بچووکییەی بەرامبەر پوورم دایەیان شێت کردو وایان لێکرد بکەوێتە قیژە:

—چیت لەمن دەوێ؟ دەتەوێ بڵێم پەشیمانم؟

بە دوو چاوی زەقەوە تەماشای خوشکەکەی کردو کەوتەوە قیژە:

—بەڵێ پەشیمانم.. بەڵێ پەشیمانم، لای منداڵەکانم ئابڕووم چووەو هەموو خۆشییەکە ڕۆشت.. چیت لەوە زیاتر دەوێ.. خۆم بکوژم؟ خۆم بکوژم؟

هەڵساو بەشپرزەییو گریانەوە ڕایکرد، گەیشتە دەرگای ژوورەکە، لەناو دەرگاکەدا وەستاو ئاوڕیدایەوە:

—تۆ چیت؟ قەت هەڵەت نەکردووە؟ کەس هەڵە ناکات؟

پشتی تێکردەوەو هەر بەڕاکردن چووە حەوشەکە. پوورم وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە بەڵام ئەو دوورکەوتبوو و وەڵامەکەی نەبیست:

—هەموو هەڵە دەکەین، بەڵام چەند ساڵێکە تۆو نەوزاد هەڵە دەکەنو گاڵتەش بەو کەسە دەکەن ڕەخنەتان لێدەگرێ، چەند ساڵێکە پێمان پێدەکەنو پێمان دەڵێن دواکەوتوو.

دایکم ڕۆشتو بەشێکی تری ژیانی گەورەکان ڕووی ناشیرینی خۆی نیشانی منی بچووك دا.

## ٢٢

شەو بەسەرێکی کزەوە چوومەوە ماڵ، ئەمجارە بەسەر دیوارەوە نەچوومە حەوشەکە، من تازە پەیوەندیم بەو ماڵەوە نەماوە، پەیوەندیشم پێوەی مابێ تازە ناتوانم بەو جۆرە بچمە ژوورەوە، دەترسام ئەو چوونە کتوپڕییە شتێکی ترم بۆ ئاشکرا بکات، نهێنییەکی تر کە حەزم نەدەکرد بیزانم.

پێشوازییەکە گەرمو پڕ پەرۆشیو گریان بوو، بەڵام من هەر ڕووم لە زەوی بوو، دایە پرسیارە چاوەڕوانکراوەکەی لێکردم:

—حاجی لەکوێیە؟

ویستم درۆ بکەمو بڵێم نازانم، دەبوایە درۆم بکردایەو بموتایە نازانم، بەڵام لەپڕ ڕقم لەهەموو درۆیەك هەڵسا، هەموو درۆیەك هەتا ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی خۆمو کاکیشم بێ. سەرم بەرزکردەوەو تەماشای دوو گەورەی ماڵەکەم کرد، لەدڵی خۆمدا بە خۆمم وت بۆچی ئاوا سەرم نەوی بێ، کێ دەبێ سەری نەوی بێ، دەبێ لەم ساتەدا من گەورەتر بم، لەبەر منو حاجیو لەبەر ئەوانیش.. نەخێر پێویستم بە درۆ نییە. دەزانم حاجی لەکوێیە بەڵام بەتەما نەبن پێتان بڵێم، چەندیش هەوڵ بدەن نایڵێم:

—شوێنی کاکەتان پێ ناڵێم.

سووربوونو داوای یەك لەسەر یەکی دوو گەورەی ماڵەکە سوودیان نەبوو:

—من دەزانم، بەڵام پێتان ناڵێم، ئەمە نهێنیی خۆمو کاکەمە.

ئینجا قسەیەك وەکو بازێکی کەروێشك خۆی هەڵدایە ناو مێشکم:

—هیچ گوناهێك لەم نهێنییە بچووکەدا هەیە؟ وەکو نهێنییەکانی ئێوە نییە؟

قسەکەم دایەو بابەی سارد کردەوەو ئینجا وەکو کەسێکی گەورە مامەڵەیان لەگەڵدا کردم. باوکم ویستی کەرم بکات:

—باشە پێمان مەڵێ، بەڵام خۆت بچۆ پەشیمانی بکەرەوە.

وشەی پەشیمانیی ناو ماڵی پوورمم بیرکەوتەوە، لێم پرسین:

—ئەی کێ ئێوە پەشیمان بکاتەوە؟

ئەمجارە کە قسەکەم وت دڵم دەلەرزی، ترسام ئارامیان نەمێنێو پیاما هەڵشاخێن، بەڵام نەمزانی قسەیەکی

هێندە کاریگەرم وتووە وای لێکردن تەماشای یەکتر بکەنو پێکەوە پاشەو پاش بگەڕێنەوە دواوەو پێکەوە دابنیشن.

لەبەردەممدا لەهەموو جارێکی تر لاوازتر بوون، ئەو ساتەش پێم خۆش بوو دەوری پیاوی گەورەی ماڵ ببینم، دەستم کرد بە فەرمان دەرکردن:

—دەبێ پەشیمان ببنەوە.

تەماشای یەکتریان کردەوە. فەرمانی دووەم لەوە ئازایانەتر دەرکرد:

—لەمەولا چوونە دەرەوە بەشەو نییە، چوونە دەرەوەش لەگەڵ خۆمدا دەبێ، منو ئێوە، لەدوای دەوامیش یەکسەر بۆ ماڵەوە.

وەڵام نەبوو ئینجا ئەوەی کە پوورم وەکو مەرج داوای کردبوو من کردمە فەرمانی سێیەم:

—لەسبەینێشەوە خۆتان بۆ وەزارەتێکی تر نەقڵ دەکەن.

هیچیان نەوتو دیار بوو خۆشیان بیریان لێکردبێتەوە. نواندنی گەورەیی سەریگرتو بڕیارم دا نەچمەوە بۆ لای پوورم، دەمێنمەوەو فەرمانەکانی خۆم دەسەپێنم. لەژوورەکەی خۆمدا تەلەفۆنم بۆ پوورم کردو بڕیاری مانەوەم پێ وت، چەند جارێك لێی پرسیم بۆچی، منیش دەموت دوایی پێت دەڵێم، لەکۆتاییشدا وریای کردمەوە:

—ئاگادار بە نەتخەڵەتێنن.

مۆبایلەکەم خستەوە گرفانمو چوومە ژووری دانیشتن. بینیم بەتەنیشت یەکەوە دانیشتوونو تەماشای تەلەفزیۆنیان دەکرد. دوو گەورەکە ماوەیەك تەماشای هەواڵەکانیان دەکرد، ئینجا وەکو هەموو جارێك بۆ بینینی گۆرانیی سەخیف کەناڵەکەیان گۆڕی (دەبێ بڵێم باوکم کەناڵەکەی گۆڕی لەبەرئەوەی کۆنترۆڵەکە بەدەستی ئەوەوە بوو بەڵام چونکە دایکم بێدەنگ بوو و ناڕەزایی لەو سەخافەتە دەرنەدەبڕی کەواتە: کەناڵەکەیان گۆڕی).

کەناڵێکی ئاسمانیی پڕ سەماو گۆرانی بوو، کچێك بە نیوەڕووتی گۆرانیی بۆ دایکم وتو سەمای بۆ باوکم دەکرد، کچانی تر بە نیوەڕووتی سەمایان بۆ هەرسێکمان دەکرد، ئافرەتانی زۆر خۆیان بۆ ڕابواردنی پیاوانی وەکو باوکم دەفرۆشتو بەو خۆفرۆشتنەیان دەوت هونەر.

دوو گەورەی ماڵەکە ئاوڕیان بۆ دامەوەو ناڕەزاییان لە دەموچاوە بچووکەکەمدا خوێندەوە، ئەمجارەش کەناڵەکەیان گۆڕی، قۆڕتر.. خراپتر: گۆرانیبێژێکی پیاو گۆرانی دەڵێو کچێکی نیوەڕووت سەمای بۆ دەکات، ئینجا باوەش بەو کچەدا دەکات، ئینجا ڕاوی دەنێ...

دەستم دایە کۆنترۆڵەکەو کردم بە هی خۆم. کەناڵەکەم گۆڕی:

—لەمەودا تەماشای ئەم شتە قۆڕانە ناکەن.

چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتیی باشم! (جارێکیان ئەمەم لە باوکم بیست بەڵام مەبەستی بوو گاڵتە بە پیاوێك بکات ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد). تەماشایەکی دایکمم کرد وەك بڵێم: ((خۆ تۆ بۆ حاجی دەگریای!)).

ئەڵقەی ڕەشم بینی بەچواردەوری دوو چاویدا، ڕەنگە زوڵمم لێکردبێ. دیار بوو زۆر گریابوو و دیار بوو ئاگای لە فەرتەنەی ناو تەلەفزیۆنەکە نەبوو.

دانیشتمو بە کەناڵەکاندا گەڕام، خستمە سەر فلمی کارتۆن، ماوەیەکی زۆر بوو تەماشای کارتۆنم نەدەکرد چونکە

دەموت تازە بووم بە پیاو. وام دەوت بەڵام ڕاستەکەی ئەوە بوو خۆم دەخەڵەتاند چونکە لەبەر گۆرانیو سەماو فلمی قۆڕ نە منو نە لانە نەماندەتوانی تەماشای کارتۆن بکەین. ماوەکەمان هێندە کەم بوو لە پلەیستەیشدا سەرفم دەکرد. دایکم ڕازی نەدەبوو تەلەفزیۆنێکی تایبەت بۆ ئێمە بکڕێ چونکە دەیوت لە سەعیکردن دواتاندەخاتو زەرەری هەیە... ڕاستە! گۆرانیو سەماو فلمی قۆڕیش سوودیان هەیە!

دیار بوو لانە نەنوستبوو و تەپاوتلی دەدا، گوێی لە کارتۆنەکان بوو بۆیە هاتە هۆڵەکە. لەجیاتی ئەوەی بەخێرهاتنم بکات خۆی خنییە نێوان دایکیو باوکیو دوو چاوی بڕییە تەلەفزیۆنەکە. جوانە! منو لانە ئەمشەو، ڕەنگە زۆر شەو و ڕۆژی تریش، حاکمی ماڵەکەین.

ئەو شەوە هەر تەماشای کارتۆنم دەکرد، ئەوە جیهانی منداڵانەو لەهی گەورەکان باشترە، بەڵام داخەکەم ئەو کەناڵانەش هەر بەدەستی گەورەکانەوەیە بۆیە کارتۆنێکم بینی جیهانی منداڵانی شێواندبوو و پەیوەندییەکانی نێوان گەورەکانی بۆ جیهانی پەپوولەکان گواستبووەوە.

خۆم بە سڕینەوەی کەناڵە قۆڕەکانی سەماو گۆرانی سەرقاڵ کرد تا لەکۆتاییدا جگە لە هی کارتۆنو هەواڵو بەرنامەی بەسوود هیچی تر نەما، بەم جۆرەش سەتەلایتەکەم کردە بیابانێکی چۆڵ .. بەڵام بیابانێك هەواکەی لەو ئاوەدانییە پاکتر بوو.

دوای سڕینەوەی هەر کەناڵێك ئاوڕم بۆ دوو گەورەی ماڵەکە دەدایەوەو دەموت:

—ئەم کۆنتڕۆڵە باش نییە بکەوێتە دەستی گەورەکان.

کە ئیشەکەشم تەواو کردو گەڕامەوە سەر کارتۆن کۆنتڕۆڵەکەم خستە گرفانمو بڕیارێکی نوێم ڕاگەیاند:

—لەبەر ئەوە دیشارمەوە.

ئەوەی زیاتر سەریسوڕماندم ئەو کەناڵانەی خۆمان بوو کە هیچیان لەوانی تر کەمتر نەبوون، لە باوکمم پرسی:

—ئەو کچانەی سەما دەکەن هی خۆمانن یان هی وڵاتی ترن؟

باوکم پێی وتم کە چەند بێئاگام:

—وڵاتی تر؟! هی خۆمانن، بەڵی هی خۆمانن، ئەی بۆچی لە خەڵکی تر کەمتر بن؟

ویستم بیوروژێنمو تووڕەی بکەم:

—باوکە، وەزیرەکەتان ئەمانەی بێئەخلاق کردووە یان ئەوان وەزیرەکەتانیان بێئەخلاق کردووە؟

تووڕە نەبوو و پێی وتم چۆن تەماشام دەکات:

—بەڕاستی دواکەوتووی.

تەڵەیەکیشم بۆی هەبوو:

—کەواتە ئەوەی دەیبینم پێشکەوتنە.

کەوتە تەڵەکەوە:

—بەڵێ.. ئێمە نابێ لە خەڵکی تر کەمتر بین.

زۆر باشە:

—کەواتە ئەو خەڵکە پێشکەوتووانە وەکو ئێمە ڕۆژی سێ سەعات کارەبایان هەیەو یەك سەعات ئاو.

هیچی نەوت، منیش دەستم بەکۆنترۆڵەکەوە درێژ کردو تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە.

ئەو شەوە لە وەزعێکی خۆشدا بووم، کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنو کۆنترۆڵی ماڵەکە لە دەستە بچووکەکەمدا بوون، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەخۆم دەپرسی کە دەبێ ئەم وەزعەم چەندی تر بخایەنێ، دەترسام حاجی زوو دەرکەوێتەوەو ئینجا ئەوان بە شەق بمکەنەوە ژوورەکەی خۆم، لەبەرئەوە بڕیارم دا پەلە نەکەم لە گەڕانەوەی حاجی.

شەو و ڕۆژی دواتر هەر گەورەی ماڵەکە بووم، ئەوانیش پرسیارە نەمرەکەیان کردەوە:

–کەی حاجی دێتەوە؟

خۆ ڕاگر بە کوڕە:

–جارێ.

یەك هەفتەم بەم شێوە سەڵتەنەتە دەگمەنە بردە سەر، بەڵام سەڵتەنەتی منداڵ هەر دەبێ کۆتایی هەبێ، دەبێ خۆم کۆتایی پێبهێنم چونکە پێویستە حاجی لە تۆمەتی تیرۆریستی ڕزگاری ببێ.. ببوورە حاجی، وەزعەکەم زۆر خۆش بوو.

هەفتەکە تێپەڕیو ئێستا کاتێتی لەقەلەقەکە بگەڕێتەوە هێلانەکەی خۆی.

## ٢٣

هەر سێ گەورەی ماڵەکە، واتە منو باوکمو دایکم، هاودەنگ بووین کە بەرلەوەی ئەو تیرۆریستە گەورەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە لێبوردنێکی بۆ وەربگیرێ، من وشەی لێبوردنم قبووڵ نەکرد چونکە دەمزانی ئەو نەبوو ماڵی وەزیری بەردەباران کردو ئەو نەبوو شووشە گڕاوییەکەی تێگرت.

باوکمو دایکم گومانیان لێنەدەکرم کاتێك بەدڵگەرمییەوە باوەڕی خۆم بە بێتاوانیی کاکەم دووبارە دەکردەوە، ئەوانیش باوەڕیان نەبوو حاجی بتوانێ ئەو کارانە بکات، بەم جۆرەش ڕیککەوتین کە دایکم بە وەزیر بڵێ شکاتەکەی لە حاجی بکێشێتەوەو بڵێ ئەو تۆمەتە هەڵەیەك بووە. بۆچی دایکم؟ ئەی بۆ باوکم نەبێ؟ باوکم نەیدەویست خۆی بچێ، منیش حەزم نەدەکرد دایکم بچێ. حەزی من هیچ دەرچوو چونکە چارەیەکی تر نەبوو، نەشمبینی بەڵێنی پوورم بێتە دی کە بە تەلەفۆنێك کێشەکە چارەسەر بکات چونکە لە وڵاتێکی فشەدا دەژین کە حکومەتێکی فشە بەڕێوەیدەبات.

دایکم چوو، منیش دوای ماوەیەکی زۆر زانیم چ هەڵەیەکی گەورە بوو کە هێشتمان بچێ، ئێمە زانیبوومان کە وەزیر قبووڵی کردبوو باوکمو دایکم نەقڵ بن، بەڵام دوای زۆر زانیم وەزیر مەرجی هەبوو بۆ ئەو نەقڵبوونەو بۆ وازهێنان لە حاجی.

کەواتە دایکم چوو و بەگریانەوە لەبەردەمیدا وەستاو داوای لێکرد لە حاجی خۆش بێ. لووتی وەزیر لە ئاسمانا بوو، دووکەڵی جگەرەکەشی هەر بەرەو ئەو ئاسمانە دەچوو کە نەفرەتی لێدەکرد، زەردەخەنەی سەرکەوتنی

بوو(دایکم دوایی ئەوەی گێڕایەوە). وەزیر خۆی بەو تەلەفۆنانەوە دەخلافاند کە بۆی دەهاتن، لەپڕیش خۆی تەلەفۆنی بۆ کەسانی تر دەکرد، هەموو ئەوە تا درێژترین ماوە دایکم، ئەو باڵندەیەی لێی یاخی ببوو، لەبەردەمیا بەزەلیلی بهێڵێتەوە.

وەزیر تەلەفۆنەکەی بە کەللەی بەرازییەوە نووساندبوو و دوو چاوی گورگی بۆ سەرەوە، بۆ نێچیرەکەی بەردەمی، هەڵبڕیبوون. وەڵامی وەزیر بۆ قسەکانی سەرەکەی تری تەلی تەلەفۆنەکە تێکەڵ بوون لە ((نابێ.. نابێ))و ((بەسەرچاو.. بەسەرچاو)). وەڵامی دوایەمین تەلەفۆنیش ((ئەمر دەکەی.. ئەمر دەکەی)) بوو.. چەند بەئاسانی بە هەندێك دەڵێن ((نابێ))و بە هەندێکی تر دەڵێن ((ئەمر دەکەی)). من دوایی دڵنیا بووم کە زۆر لەو داوایانەی وەڵامەکەیان ((نابێ))یە ئاسانتر جێبەجێ دەکرێن لەو داوایانەی وەڵامەکەیان ((ئەمر دەکەی))یە. مەسەلەش ئاسانی یان یاسایی نییە، مەسەلەکە خودی ئەو کەسەیە کە داوا دەکات. پوورم ڕاستی کرد کە لە وڵاتێکی فشەدا دەژین حکومەتێکی فشە بەڕێوەیدەبات، بەڵام بەختی فشەی خۆمان تا ئەو کاتە بەڵێنەکەی پوورم کە بەپێی ئەو فشەو گاڵتەیە حاجی ڕزگار دەکات نەهاتبووە دی.

وەزیر تەلەفۆنەکەی بەرداو مەرجەکەی وت:

—دەتوانم وازی لێبهێنم، تۆشو نەوزادیش نەقڵ دەکەم، بەڵام دەبێ ڕازیم بکەی .. یەك شەو.. تەنها یەك شەو.. بۆ دوایەمین جار.. تەنها بۆ یادگاری.

دایە دەستی دایە پەرداخێك تێیبگرێ، بەڵام حاجیی بیرکەوتەوە، خەفەت خستییە سەر قەنەفەی ژوورەکە، وەزیریش پاڵی دایەوە سەر کورسییەکەی، خۆیو ئەو کورسییەی ژێری خولاندەوەو مژێکی لە جگەرەکەی دا:

—بۆچی وەستاوی؟ بۆچی نایهاوی؟ دەتەوێ تۆش وەکو کوڕە درێژە کەرەکەت ببیتە تیرۆریست؟

هەموو ئەو شتانەمان دوایی زانی، ئەو ڕۆژەی کە دایکم گەڕایەوەو هەر ئەوەندەی وت وەزیر ڕازی بووە واز لە حاجی بهێنێ... ئەو ڕۆژە تێپەڕی. ڕۆژەکەی دوای ئەوە هیچمان نەبیست، شەویش دایکم لەبەردەمی مندا داوای لە باوکم کرد بیگەیێنێتە نەخۆشخانە. باوکم بردیو زۆریان پێچوو. دوو مۆبایلەکەیان داخرابوون، درەنگیش هاتنەوە. باوکم بە سەرکزی پێشکەوتبوو، دایکیشم دوای ئەو. دایکم گەیشتە هۆڵەکەو لەناوەڕاستیدا بەزەویدا کەوت. ویستم هاوار بۆ باوکم بکەم هەڵیگرێتەوە بەڵام بینیم ئاوڕی لێناداتەوە. ویستم خۆم بچم بەڵام باوکم پێی وتم وازی لێبێنم.

دایکم لەسەر زەوی کەوتبوو و بە دوو دەستی دەموچاوی بە زەوی نووساوی لە ئێمە دەشاردەوە، بەکوڵ دەگریاو قسەی لەگەڵ حاجیدا دەکرد:

—وازم لەو شتانە هێنابوو، بەخوا وازم هێنابوو، بەڵام بۆ تۆم کرد، بەخوا بۆ تۆم کرد حاجی گیان.

نیوەی ڕووداوەکەم زانی، قسەکەی باوکم نیوەکەی تری پێ وتم:

—تازە حوکمێکەو بەسەر خۆماندا داومانە، بە حیزێتی هێناومانەو دەبێ تا بمرین سەر حیز بین.

کارەساتەکە لەوە گەورەتر بوو بەرگەی بگرم، بەڕاکردن چوومە ژوورەکەم، هەردوو مشتم توند کردن وەك کەسێك دەیەوێ بۆکسێك لەکەسێك بداتو وردوخاشی بکات، هەردوو مشتم هێنایە بەردەمی دموچاوی خۆمو بە دوو چاوی دەرپەڕیوەوە تەماشام دەکردنو هاوارم دەکرد :

—وەزیری قەحبەباب، بێئەخلاق ..

نازانم چەند جوێنی ترم دا، هەر ئەوەندە دەزانم خەریك بوو دوو چاوم دەرپەڕن، دوایش بەدما خۆم بەسەر جیگەکەمدا فڕێداو گریام، دەگریامو جوێنم بە وەزیرکە دەدا:

–قەحبەبابانە، بێئەخلاقینە ...

دایکم هێنایە پێش چاوم کە لەبەردەمی ئەو ئاژەڵەدا دەگریا، ئاژەڵەکەش بێبەزەیی بوو، ئەوی لاواز خۆی بۆ ئەوی دڕندە تەسلیم دەکرد، ئەو وەکو ئاژەڵەکان خۆشی دەبینی ئەویش دەگریاو دەیوت:

–حاجی گیان لەبەر تۆیە.. حاجی گیان لەبەر تۆیە.

زانیم ئەگەر لەگەڵ ئەو خەیاڵانەدا بەردەوام بم شێت دەبم، ویستم بگەڕێمەوە بۆ هۆڵەکە. گەیشتم دەرگای ژوورەکەمو خراپترم لەو خەیاڵانە بیست، دایکم هێشتا بەدەما بەسەر زەویی هۆڵەکەدا کەوتبوو و دەگریا. گوێم لە چیرۆکەکەی بوو لەگەڵ ئەو دڕندەیە:

–ئەو موجرمە وازی نەدەهێنا، هەموو شتێکی دەویست، تێری خواردبوو کەچی دەیوت دەبێ سەماشم بۆ بکەی..

گریان نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، هەر بەگریانەوە باقی ڕیسواییەکەی گێڕایەوە:

–من لەبەر حاجی سەمام بۆ کرد.. بەویش ڕازی نەبوو وتی دەبێ بچیتە سەر مێزەکە سەما بکەی. بەگریانەوە چوومە سەر مێزەکە، سەمام بۆ دەکردو دەگریام.. دەگریامو هاوارم دەکرد حاجی گیان لەبەر تۆیە.. حاجی گیان لەبەر تۆیە.. ئەویش پێدەکەنی.. ئاااای حاجی گیان..

ئاگام لەخۆم نەما، ئەمجارە هەستم کرد دوو چاوم تەقیونەتەوە، سەرم بە دەرگاکەدا کێشا، جارێکی تر سەرم دا بە دەرگاکە، جارێکی ترو جارێکی تر. نەمزانی چی دەڵێمو جوێنی چی دەدەم. ئەوان نەهاتنایە ئەو شەوە سەری خۆم دەتەقاندەوە.

هاواری من، گریانی دایکم، قریشکەی لانە، بێدەنگیی بێدەسەڵاتیی باوکم.. هەموو دۆزەخیان لە ماڵەکەماندا هەڵگیرساندبوو.

شەوەکەمان ئاوا بردە سەر، وتیشم کارەسات لەوە گەورەتر نابێ بەڵام دیار شتی تر مابوون بیانزانم.. منی منداڵی ئەو تەمەنە.

## ٢٤

ڕۆژەکەی دوای ئەوە دوو گەورەی ماڵ، منی گەورەش هەروا کە بوومە گەورەی یەکەم، نەچووبووینە دەولم، ئەو مانەوەیەش دەرفەت بوو بۆ شەڕێکی تری ئەو دوو گەورەیە.

باوکم هیچی نەدۆزیبووەوە بیکاتە خەتای دایکم ئەوە نەبێ بۆچی نزیکی وەزیر کەوتبوو، با بە پیاوەکانی تر تێری بخواردایە بەڵام کە دەیزانی وەزیرەکە هێندە بێ ویژدانە نەدەبوایە پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستایە. من بەو منداڵێتییەی خۆم دەمزانی بیانوویەکی هیچە کە باوکم ڕووبەڕووی دەکاتەوە. دایکم هاواری لێ کرد:

–باسی بکە چەند سوودت لەو پەیوەندییە وەرگرتبوو.

باوکیشم هاواری کرد، بەڵام وا دیار بوو بەڕاستی نەبوو:

—ئەی تۆ چەندت سوود وەرگرتبوو؟

چەند قێزەون بوون ئەو قسانە! دەبێ منی گەورەی ماڵ سنوورێك بۆ ئەوە دابنێم. ویستم هاواریـان لـێ بکـەمو بێدەنگیان بکەم بەڵام دایکم خێراتر بوو:

—هەمووی خەتای تۆیە، تۆ دەستت پێکردو بۆ ئەوەی وازت لێ بێنم وتت تۆ بەئارەزووی خۆی قەحبایەتی بکە.

باوکم بەڕاستی تووڕە بوو، چووە پێشەوەو پەنجەی ڕوو تێکرد:

—من؟ من؟ بیرت نایەت خەتای کێ بووە؟

نۆرەی من بوو، تووڕەبوونم نواند تا بیریانبخەمەوە ماوەیەکە من گەورەی یەکەمی ماڵم. لێیان چوومە پێشەوە:

—بەس ئەم قسانە بکەن، دەبێ مۆڵەت لە من وەربگرن.

باوکم ئاوڕی بۆ دامەوە، هەموو دەموچاوی خێسە بوو، دوو چاوی دەرپەڕیبوون. ئەویش هاتـە پێشـەوە بـەڵام لەقەیەکی لە سکم داو بەقنگدا خستمیو هاواری کرد:

—تۆ کەری کوێی گووکەر؟

لەقەکەو کەوتنەکە ئازاریان هەبوو، بەڵام تۆزقاڵێکیش خەفەتم بۆ لێدانەکە نەبوو، من زانـیم کـە ئـەوە کۆتـایی نمایشەکەیەو دەبێ ببمەوە بە منداڵەکـەی جـاران. بـەهێمنی هەڵسـامو وەك هـیچ ڕووینـەدابێ چـوومە ژوورەکـەم. لەپشتی دەرگا داخراوەکەوە گوێم لە هاواریان بوو، سەرەتا هی باوکم:

—بیرت نایەت چیت لێکردبووم؟ بیرت نایەت چەند سـارد بـووی؟ ئـەو شـەوانەت بـیر نایـەت کـە ئەوەنـدە بـەو ساردییەت دڵت دەشکاندم بەیانی کە هەڵدەستام هەستم دەکرد لەخەفەتا لووتم چۆتە ناو دەممەوە؟

دایکم ویستی پێی ببڕێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو:

—ئەوسا پێم وتبووی..

چونکە ئەو پێی بڕی:

—پێت دەوتم؟ ئەی من چیم دەوت؟ دەموت ڕازیم بکە با ناچاری ئافرەتی تر نەبم، دەموت ئەوەی تۆ دەیکـەی کەرامەتی پیاو دەخاتە ناو قوڕاو. تۆ هەر خۆگۆڕینو خۆجوانکردنت لا گرنگ بوو.. بەڵام بۆ کێ؟ بۆ دەرەوە.. بـۆ خەڵك. ئەو کەسەی تۆی دەبینی وایدەزانی هەموو گیانت ئاگرە. دوایی وتم ئەگەر ناتوانی ڕازیـم بکـەی ژنێکـی تـر دەهێنم بەڵام تۆ بە شاتەشاتی خۆت نەوەستایو ئەو بێئەخلاقانەی ڕێکخراوی ژنانت کردە سـەرم، هـاتنو خۆیـان خنییە ناو ژیانمان، ئینجا ناچارت کردم بیر بکەمەوە لەگەڵ ئافرەتانی تر ڕابوێرم. نەمکردو چـاوەڕێم کـرد واز لـەو ساردییە بهێنی، بەڵام هەستەکانت هەر کوژابوونەوە تا ئارامم نەما. خۆم خەڵەتاندو وتم تۆڵەت لێدەسەنم. دەزانـی یەکەم ئافرەت کێ بوو؟ ئەو بێئەخلاقەی ئەو ڕێکخراوە بوو کە خۆی خنییە ژیانمان، ئەو ناشیرینە دەمزلە بوو.. ئەو دەمزلە (ئینجا باسی کرد لەڕقا چیی بەسەر دەمی ئەو ئافرەتە هێنا.. قسەیەك بوو هـەر جارێك بیرمدەکەوێتـەوە خەریکە دەبووریمەوە).

هەناسە بڕکێ بەسەر قسەکانی باوکمدا زاڵ بوو و ئەو وەستانە دەرفەت بوو بۆ دایکم قسە خۆی بکات:

—ئەوەتا خۆت دەیڵێی.. خۆت بەو ئیشانەی خۆت وات لێکردم خۆم بخەمە باوەشی پیاوانی تر.

باوکم (پەح)ێکی گاڵتەپێکردنی بۆ کرد:

—ئینجا وتت تۆڵە لە نەوزاد دەکەمەوە.. بەڵێ خانم! من دەمزانی کە تۆ هەر ژنە ساردەکەی جارانی بۆیە بڕولم نەدەکرد هیچت بۆ بکرێ بۆیە پێم وتی وازم لێ بێنە تۆش ئازاد بە.. بەڵام نەمزانی ئەوەندە ڕقت هەڵدەسێ گەرمی بۆ ئەو پیاوانە دەنوێنی. دوای ئەوەشو بۆ بەختی من ئارەزووت تەقییەوە.. بۆ بەختی من.. بەڵام بۆ کێو دوای چی.

دوو بەشەڕهاتووەکە قسەی تریان کرد بەڵام هەموویان دووبارە کردنەوەی ئەو تۆمەتانە بوون کە دیانگرتە یەکتر.

لەکاتی ئەو قرەقرەیاندا تەلەفۆنەکە لێی دا، دایە قسەی دەکرد بەڵام دەنگی تەلەفۆنەکە پێی وت شتی گرنگتر لەو شەڕە هەیە. ڕایکردو تەلەفۆنەکەی هەڵگرتو هاواری کرد:

—حاجی گیان تۆی؟

تەلەفۆنەکەی خستە سەر دەنگی دەرەوەو دەموچاوی لێ نزیککردەوە وەك بڵێی حاجییەو دەیەوێ ماچی بکات:

—حاجی ... حاجی ....

دەنگی دەرەوەی تەلەفۆنەکە دەنگە بڵە خاوەکەی حاجی بوو، دەنگێکی خاو و هێمن:

—بەڵێ منم .. ئێوە چۆنن؟

دایە هاواری کرد:

—حاجی لەکوێی؟ حاجی گیان لەکوێی؟

دەنگە خاوەکەی حاجی هاتەوە:

—من لای پوورمم.

قسەیان کردو قسەیان کرد، دایە بە دەنگی گریانەوە، کاکەش بەدەنگێکی خاو وەك دەنگی کەسێك لەو دیو دەریاوە.

دایە پێی وت هەر ئێستا بێتەوە.. نەخێر هەر ئێستا خۆی دەچێ بۆ لای، بەڵام حاجی وتی پووری دەڵێ باشترە ئەمشەو لای خۆی بێ.

لە قسەکان تێریان خواردو لەکۆتاییدا بڕیاردرا حاجی سبەی بێتەوە. بۆ کوێ بێتەوە؟ بۆ دۆزەخ؟ بۆ دۆزەخیش بێ هەر بەخێربێتەوە.

## ٢٥

وازهێنانی وەزیر لە شکاتەکەی هەندێ شتی دەویست، وەزیر لەسەر کورسیی ئەفسەرەکە دانیشتبوو و حاجی بەپێوە بەرامبەری وەستابوو، من لەپشتی حاجی، باوکیشم دانیشتبوو. وەزیر پاڵی دایەوەو کورسییەکەی وەکو سەعاتی سەرلێشێواو لێکردبوو. بۆ چەپو بۆ ڕاست، لەژێر لووتییەوە تەماشای کاکەی دەکرد:

—تەنها لەبەرئەوەی گەنجیت وازم لێهێنای، ئەگەر دایکتو باوکت نەبوونایە .. بەتایبەتی دایکت.

بەلاچاو بە زەردەخەنەی گاڵتەجاڕیی ژەهراوییەوە تەماشای ئەفسەرەکەی کردو گووخواردنەکەی تەواو کرد:

—ئەگەر ئەوان نەبوونایە لە خزمەتی ئەم بەڕێزە دەبووی.

بێئەوەی تەماشای ئەو بەڕێزە بکات، کە ئەو کاتە دڵنیابووم هیچ ڕێزێکی نەبوو، لەپی دەستی ئاڕاستەی کرد، ئەو بەرێزە بە دەنگێك وەك شەق لە تەنەکە بدرێ قسەکەی بۆ تەواو کرد:

—دەبێ سوپاسی وەزیرەکەمان بکەی ئەگینا بەو لەشە باریکەتەوە بەرگەی یەك شەوی خزمەتی ئێمەت نەدەگرت.

وەزیرەکە پەنجەکانی دوو دەستی لەسەر سنگی لەیەك ئاڵاندو تەماشای ئەفسەرەکەی کرد:

—ئەو شوێنەی ئێوە لەچاو شوێنی تر پێنج ئەستێرەیە.

حاجی دیار نەبوو ترسابێ بۆیە بە دەنگو شێوازە تایبەتییەکەی قسەکردنییەوە پێی وت:

—من هیچم نەکردووە.

ئەفسەرەکە تووڕە بوو و شەقێکی لە تەنەکەی قوڕگی خۆی دا:

—دیارە حەز دەکەی بکرێیتە ژوورەوە.

وەزیرەکە لەپی دەستی بۆ جووڵاند بەواتای: ((خامۆش بە))و پێی وت:

—دەبێ لەگەڵ میللەتدا، بەتایبەتی لەگەڵ گەنجانی میللەتدا بەئارام بین.

کەمێك لەو جۆرە قسانەیان کرد کە هەر کاتێك بیرمدەکەونەوە قێزم لەخۆم دێتەوە بۆیە هەموو جارێك خێرا ئەو یادە ڕەشە لەو مێشکە نەگبەتەم ڕاو دەنێم.

باش بوو گووخواردنەکەیان زوو تەواو کردو هەموو چووینە دەرەوە.

لەو شوێنەوە تا گەیشتینە سەیارەکەمان کەسمان هیچی نەوت، جارێك یان دوو جار تەماشای ڕۆشتنەکەی حاجیم کرد، وەکو جاران لەگەڵ ڕۆشتندا دوو ئەژنۆی دەنوشتانەوە، لەو ساتەدا ڕقم لەو شێوە ڕێکردنە بوو، لەدڵی خۆمدا دەموت: ((تا ئەم گێژەگێژەی تۆو خەڵکەکە بمێنێ ئەو وەزیرەش هەر دەمێنێ)). بیریشم کردەوە دەبێ حاجی سوپاسی خوا بکات کە وەزیرەکەمان حەزی لە کوڕ نییە ئەگینا داوای دەکرد حاجی لەگەڵیدا بنوێ بۆ ئەوەی ناوی لەلیستی تیرۆریستان بکوژێنێتەوە.

لە ماڵەکەماندا گیرساینەوە، بەڵام کام ماڵ؟ بەختەوەرترین کەس لە ماڵەکەدا لانە جیقن بوو کە لە یەك ڕووداو و یەك وشەی ئێمە تێنەدەگەیشت، تەنها ئەوەی دەزانی کە گەورەکان (منو حاجیش لای ئەو لە گەورەکانین) ماوەیەکە شەڕ دەکەن، شتێکی تریشی دەزانی: حاجیو من دیار نەماینو دوایی هاتینەوە.

لانە تەنها خەفەتی دیارنەمانی حاجیی هەبوو، وا ئەو خەفەتیشی نەماو بووەوە بە کەرە بچکۆلەکەی جاران. من کە ڕقم لە کچانەو ڕقم لە بووکەشووشەکانیانو قسەکانیانو یارییەکانیان حەزم دەکرد من لانە بوومایە تا هیچم نەزانیاییە.

لانە حاجیی بینیو خۆی بۆ هەڵدا، حاجیش بەرزی کردەوەو سەری خستە ئاستی سەری خۆی، لانە پێی وت:

—حاجی لەقلەق هێلانەکەت تەواو کرد؟

حاجیش پێی وت: نەخێر، چوومە سەر عەموودێکی بەرزی کارەبا بەڵام بینیم حاجی لەقلەقێکی تر هێلانەی

لەسەر دروست کردووە ئیتر منیش گەڕامەوە.

ئەم وەڵامەی حاجی لە داڕشتنی خۆمە چونکە ئەو بەو ڕێکوپێکییە قسەکەی نەوت.

ڕۆژو شەوەکەمان بەساردییەوە بردە سەر، ساردییەك جووڵەو قسەکانی لانە تێکیدەدا، شەویش بۆ جارێکی تر پێکەوە لەگەڵ حاجیدا لەژوورەکەی خۆماندا بووین، هەروەکو ئەو شەوەی پێش ڕۆیشتنی ئەویش جێگەکەمان لەسەر زەویی ژوورەکەدا داخست.

حاجی هیچی نەبوو بۆمی بگێڕێتەوە، منیش شتی زۆرم هەبوو، دووبارەکردنەوەی باسی سەرکەشییەکانی خۆمو ژیلمان کە خرابوونە پاڵ ئەو، بەردەبارانکردنی ماڵی وەزیرو گرتێبەردانیو.. چیی تر؟ نازانم، هەر هێندەم دەزانی سنگم پڕ بوو لە قسە بەڵام نەمدەزانی چی بوون.

شەقێکمان لەو شەوە هەڵداو شەقێکی تر لە ڕۆژەکەی دوای ئەو.

مانەوە لە ماڵەوە لەگەڵ دوو گەورەکەدا وەکو چوونە میوانیی دۆزەخ بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو دۆزەخە نەماندەویست بچینەوە قوتابخانە، نەشماندەویست بچینە دەرەوەو ژیلمان ببینین.. دەبێ ژیلمان چی بکات؟

شەو باوکم ئەو قسەیەی پێ وتین کە حەزمان لێی نەبوو: چوونەوە بۆ قوتابخانە. بەرلەوەش فیکرەکە ببێتە بابەتی موناقەشە لە دەرگا دراو پوورە ڕۆشناو مێردەکەی، کاك خەسرەو کە وا بزانم وتبووم پیاوێکی باشە، هاتنە ژوورەوە.

یەکەم ماچ ماچی پوورم بوو بەر حاجی کەوت، دووەمیش بۆ من، لانەش هاتو دوو ماچی فلقاویی بەرکەوت، هەرچەندە دایکم لەوان نزیکتر بوو، هەر ئەویش بوو دەرگای بۆ کردنەوە بەڵام دوایەمین کەس بوو پوورم ماچی بکات، بێگومان بەقێزەوە.. من وام هەست کرد. دوو خوشکەکە ڕوومەتی یەکتریان ماچ کرد (ڕوومەتیان بەیەکەوە نووساند بەڵام دەمیان لارکردەوەو ماچی هەوای ژوورەکەیان کرد).

پوورم سەیری منو حاجیی کردو وتی:

—تەواو؟

بەڵێ تەواو، بەڵام بەچ حاڵێك. من وەڵامی پوورمم دایەوە:

—وەزیرەکە لە حاجی خۆش بوو.

ئەوەم وتو چاوم بۆ قوتوویەکی بەتاڵی ساردی گێڕا شەقیکی تێهەڵبدەم. ئێمە هێمن قسەمان دەکردو چاوەڕێمان نەدەکرد پوورمان وا کتوپڕ تووڕە بێ:

—لێی خۆش بوو؟! گووی سەگی خوارد، لێخۆشبوونی چی؟ ئەو بە شەقی نێرەکەرێکی لەخۆی نێرەکەرتروازی لێهێنا.

بەداخەوە، مرۆڤ هەموو جارێك لەکاتی پێویستدا شتەکانی بیرناکەوێتەوە، دەبوایە ماوەیەك تێپەڕایە تا دایکم بیریبکەوێتەوە کە لەو کاتەی وەزیرەکە سەودای لەشی دەکرد فەرمانەکەی پێگەیشت کە کۆتایی بە کێشەکەی حاجی بهێنێ، ئەوەش بوو ئەو فەرمانەی کە وەزیر بە ((ئەمر دەکەی.. ئەمر دەکەی)) وەڵامی دایەوە.

مەبەستمان نەبوو بزانین ئەو نێرەکەرە گەورەیە کێیە، حەزمان دەکرد لەجیاتی ئەوە دایکم کاتی تەلەفۆنەکە بیزانیایە، بەڵام چۆن بیزانیایە؟ ئەو نەیدەزانی، ئاگاشی لە هەوڵەکانی پوورم نەبوو، بۆیە دەرفەت لەبەردەمی

وەزیردا هەبووە بگاتە ئامانجەکەی خۆی.. ئامانج؟ چۆن ئامانجێکە؟!

ئەو دڕندەیە چەند ئافرەتێکی وەزارەتو دەرەوەی وەزارەتی لەبەردەستدایە ئیتر چ خۆشییەك لەو تاکە شەوەی دایکێکی ترساوی دڵشکاو دەبینیّ؟ من نازانم، ڕەنگە گەورەش بم نەزانم، ئومێدیشم هەیە دوای هەزاران ساڵی تر.. هەزاران ساڵ دوای مردنی هەمووومان.. ڕۆژی زیندووبوونەوەمان سەر بۆ دۆزەخ شۆڕبکەمەوەو داوا لە ئاگرەکە بکەم نهێنیی ئەو دڵە بۆگەنەی ئەو دڕندەیەم پیّ بڵێ.

## ٢٦

کۆبوونەوەمان جارێکی ترو لەیەك ماڵدا هیچ مانایەکی تێدا نەبوو، ئێمە وەکو ئێسقانێك بووین لە هەزار شوێنەوە شکاوەو پاش هەزار نەشتەرگەری یەکی نەگرتووە. دوای مانگێك منو حاجی گەڕاینەوە بۆ خوێندنو هەر بە فشەکەی وڵاتی خۆمان وەرگیراینەوە. قوتابخانە ملی نابوو و چاوەڕێی ئێمەی نەکردبوو. باقییەکەی دەوامەمان کرد دوایی ئەویش تەواو بوو، من دەرنەچوومو حاجی لەجیاتی نمرەی بەرزی شەشی ئامادەیی هیچ نمرەیەکی نەدەگەیشتە چل، واتە کەوتە ساڵی داهاتوو بێئەوەی بتوانیّ پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە کە بەویستی خۆی خستە ساڵێکی تر.

منیش هەر دەبوایە بکەوتمایە، نەك هەر سەعی نەکردن خستمی بەڵکو گوێنەگرتنیش لە مامۆستا. من نەمدەزانی چی لە وانەکاندا دەوترێنەوە، وەکو چۆنیش وەرگێڕێکی خراپ لەناو سەرمدا دانیشتبیّ مامۆستا هەرچییەکی دەوت لەمێشکمدا دەبووە شتێکی تر.

ڕۆژێك مامۆستا پرسیاری کردو وتی ئەگەر ماددەی فلانو فلان تێکەڵ بکرێن ئاوێتەکە دەبێتە چی. منی مێشك فرێوی هەڵساند بۆ وەڵام، منیش پرسیاری ((ئاوێتەکە دەبێتە چی؟))م لا بووە ((حەز دەکەی ببیتە چی؟)). بەخاوی هەڵسامو وتم:

—حەز دەکەم ببمە وەزیر کوژ.

پێکەنینی قوتابییەکان وریای کردمەوە، چوار نیشانەی پرسیارم بینی بەسەر تەپڵی سەری مامۆستادا هەڵدەبەزنەوە. مامۆستا، کە چاویلکەکەی دەبریسکایەوە، لە مێشکی خۆیدا وەڵامی نیشانەی یەکەمی دایەوەوزانی من بەهەڵە لە پرسیارەکەی تێگەیشتووم، بەڵام هێشتا سیّ نیشانەی تری پرسیار مابوون. مامۆستا تێبینیی خۆی وت:

—فیشەکی موختارکوژم بیستووە بەڵام پیشەی وەزیرکوژم نەبیستووە.

ڕۆژێکی تر وەڵامێکی قووڵترم دایەوە. مامۆستای ماتماتیك منی هەڵساند بۆ ئەوەی مەسەلەیەکی جەبری شیبکەمەوە. دەبوایە هاوبەشی گەورە دەربکەم ئەویش لەنازانم چیو دوایی نازانم چیی تر دەربکەمو ئەو هاوبەشە بۆ نازانم چی بەکاربهێنم. من لەجیاتی هاوکێشەو هێمای جەبری لەسەر تەختەڕەشەکەدا نووسیم: ((گەورەکان درۆ

لەگەڵ بچووکەکاندا دەکەن)).

ئەمجارەش قوتابییەکان پێکەنین، ئەمجارەش وریا بوومەوە. تەماشای تەختەکەم کرد، چاوەڕێم کرد مامۆستا پشتەملم بگرێو بمکاتە دەرەوە، بەڵام بینیم مامۆستا بەسۆزەوە تەماشام دەکاتو نەرم پێم دەڵێ:

—بەڵێ کوڕم، گەورەکان هەمیشە درۆ دەکەن.

من دەمزانی کە ئێمەی بچووکیش درۆ لەگەڵ گەورەکاندا دەکەین، بەڵام ئەوەشم دەزانی کە ئەو درۆکردنە لەترسی هەڕەشە یان لێدانی گەورەکانە، درۆکانی ئێمەی بچووکیش زۆر لەخۆمان بچووکترن‌و کەمتر زیانیان هەیە.

مامۆستا وتی دانیشەو بە قوتابییەکی پۆلەکەی وت هەڵسێو چارەیەك بۆ ئەو مەسەلە جەبرییە بدۆزێتەوە کە بە من نەدۆزرایەوە. دەشبوایە بنی ئەو مانگە بمزانیبایە بۆچی مامۆستا پشتگیریی ئەو هاوکێشەیەی کرد کە لەسەر تەختەڕەشەکەدا نووسیم‌و کە تایەکی لەوی تر قورستر بوو.

ئەو بنی مانگە، ڕۆژی بەڵێنی زێڕین، واتە ڕۆژی مووچە وەرگرتن، مامۆستاکەم بینی منداڵە بچووکەکەی بۆ بازاڕ بردووە، دیار بوو بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بکڕێ، بەڵام دیاریش بوو بۆ شتی هەرزان دەگەڕا. مامۆستاکەم کوڕەکەی لە دوکانەکانی شتە گرانەکان‌و شتە زیادەکان، کە لای کوڕەکەی شتی زیادە نین، وەکو پلەیستەیشن‌و ئامێرە جۆراوجۆرەکان، کە پڕی ماڵەکەی ئێمەن، دوور دەخستەوە. ڕووی ئەو کوڕەی لەو شتە گرانانە وەردەچەرخاند وەك چۆن ڕووی لە شەیتانێکی لەعنەتی وەردەچەرخێنێ.

گەورەکان‌و بچووکەکان لای مامۆستاکەم بریتی بوون لە حکومەت‌و میللەت، حکومەت لای ئەو درۆ لەگەڵ میللەتدا دەکات، ئەویش ناچارە درۆ بۆ منداڵەکەی بهۆنێتەوە. منیش پێش ئەوەی ئەو وانەیە لە مامۆستاکەم فێربم لە وەزیرەکەی باوکم‌و دایکم فێری ببووم، لە وەزیرەکەو ئەوانەی پشتی وەزیرەکەیان دەگرت ئەو ئەزموونەم دەستکەوتبوو، بەڵام مەبەستی من لەو هاوکێشە لەنگە هەموو گەورەکان‌و هەموو بچووکەکان بوو، بچووکەکانیش لای من بریتی بوون لە ئێمەی منداڵ. مامۆستاکەشمان درۆ لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات، بەڵام ئەو ناچارە، ئەی بۆچی باوکمان‌و دایکمان درۆیان لەگەڵدا دەکردین؟ هەر ناچار بوون؟ ئەگەر وا بڵێن درۆیەکی تر دەکەن.

ژیلمان ئەو ماوەی پێش گەڕانەوەمان بۆ قوتابخانە بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکردم چونکە زانیبووی حاجی گەڕاوەتەوە، سەرەتا پێم دەوت ناچمە دەرەوە، دوایی وەڵامم نەدەدایەوە، بەڵام دوای دەوامکردنمان هەموو ڕۆژێك دەمبینی، لەگەڵ ژیلمانیشدا باسی شتێکی دیکەم دەکرد؛ باسی ئەو خەڵکەی لە گەڕەکە هەژارەکاندا دەژین، ئەوەشی وای لێکردم باسیان بکەین دیمەنی پیاوێك‌و کوڕەکەی بوو.

من‌و ژیلمان دەڕۆشتین‌و باسی درۆکردنی گەورەکانمان دەکرد کاتێك پیاوەکەو منداڵەکەیمان بینی پاڵ بەعەرەبانەیەکەوە دەنێن‌و هاوار بۆ شتەکەیان دەکەن.. نازانم نەعل بوو یان قاپ‌و سەتڵ‌و کەوچك.. ژیلمان بەربێکی هەڵگرت‌و گرتییە ئەو دوانەو هاواریکرد:

—تۆش درۆ لەگەڵ منداڵەکەت دەکەی.

بەردەکە دوور لەو پیاوە کەوتە سەر زەوی، لەگەڵ ئەوەشدا ویستی تەمێمان بکات. عەرەبانەکەی بە منداڵەکەی سپاردو بەجوێندانەوە ویستی خۆی بگەیەنێتە گیانمان، لەناوەڕاستی ڕێگەکەشیدا دامرکایەوەو قەناعەتی کرد بە چەند جوێنێك پێشکەشی دایکی هەردوکمانی بکات. ئەوە لامان ئاسایی بوو، پیاوەکە ئێمەی نەدەناسی‌و جوێنەکانی

تایبەت نەبوون، بەدڵنیاییەوە هەزاری وای بە منداڵەکەی خۆی داوە.

بە ژیلمانم وت:

—درۆی ئەمانە بچووکترە، بە منداڵەکەی دەڵێ فلانە شتت بۆ دەکڕم تا بێدەنگی بکات.

هەستێکی خۆشەویستیشم بۆ دروست بوو بۆ ئەو پیاوەو منداڵەکەیو هاوجۆرەکانیانو تەنانەت بۆ عەرەبانەکەی. ئەوانە لەناو خێزانەکانی ئێمەدا گاڵتەیان پێدەکراو بەو کەسە نزمانە دەزانران کە وەزیرەکە حەرەسی بۆ دەرکردنیان دانابوو. حەزێکیشم بۆ دروست بوو بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ژیانی ئەو خەڵکە بناسم، بزانم چۆن بیردەکەنەوەو هەست بە چی دەکەن.

ڕۆژانی قوتابخانەم بەناڕەحەتی بردەسەر، ڕۆژانی پشووی هاوینیش هاتو قورساییەکی گەورەیان لەسەر سنگم لابرد، ڕۆژی وەرگرتنی نمرەکانیش میزم بە دیواری قوتابخانەکەدا کرد تا پێی بڵێم بەهەڵەدا نەچیو وابزانێ خەفەتم بۆ ئەو دەرنەچوونەم خواردووە. شتی لەوە گەورەتر هەیە خەفەتی بۆ بخۆم.

پشووی هاوین ئاواتێکی گەورەم بوو، بەڵام پشوو بەو درێژییەی خۆیەوە لەبەرچاومدا کورت بوو. حەزم دەکرد ساڵێکی بخایاندایە، حەزم دەکرد کارەساتێك ڕووی بدایەو بیانوتایە ساڵی بێتەوە قوتابخانە ناکرێتەوە. من لەخەیاڵە بەتاڵەکانی خۆمدا دەژیام، بەڵام دیاربوو حاجی بەشێوەیەکی تر بیریدەکردەوە، حاجی بڕیاری دابوو چۆن پشوو هاوین بەرێتە سەر.. پشووی هاوین؟! هەموو ژیانی داهاتووی.



—من دەرنەچووم و نابم بەشت.

حاجی ئەوەی وت، بەڵام من دەمزانی ئەوە هۆی ڕاستەقینەی بڕیارەکەی نییە. حاجی بڕیاری داوە جارێکی تر بڕواتو ئەمجارە نەگەڕێتەوە. بڕیاری داوە ڕۆشتنێك بێ کەسی ناسیاوی تێدا نەبینێ پەشیمانی بکاتەوە. حاجی وەکو جارەکەی تر ڕۆشتنی باوکمانو دایکمان بۆ دەوامی کردبووە دەرفەت بۆ ڕۆشتنی خۆی. جانتاکەی پێچابووەوەو لەناو ژوورەکەماندا وەستابوو و بۆ دوایەمین جار تەماشای چۆلەکەکانی ئاسمانەکەی دەکرد کە هیچیان دیار نەبوون. دڵم پڕ بوو و قاچێکم لەو دیو دۆڵی گریاندا بوو. زانیم حاجی ڕاست دەکاتو ناچێتەوە ماڵی پوورمان، هەستەکەم پێم دەڵێ حاجی نابینمەوە، بیشیبینمەوە ڕەنگە دوای دەیان ساڵی تر بێ.

وێنەی حاجیم هاتە پێش چاو دەیان ساڵ دیارنامێنێو دوایی دێتەوە ئەم ماڵە، دێتەوەو دەیبینیم پیربووە، پشتی کۆمبووەو ڕیشێکی کورتی سپی هەیە. بەو پیرییەش دڵەکەی دڵی حاجییە منداڵەکەی جارانە.. بەو پیرییەش هەر حاجییە منداڵەکەی جارانە.

من دەمزانی حاجی بەهۆی پرسیارە ئەزەلییەکەیەوە دەیەوێ هەڵبێ، لەو ماڵە هەڵبێ تا هەموو ڕۆژێك ئەو پرسیارە بە بینینی باوكو دایکی لەبەردەمیدا دەرنەپەڕێتەوە: ((ئەگەر ئەو باوکم نییە ئەی بۆچی باوکمە؟))، هەڵدێ چونکە هەموو بینینێکی باوكو دایك بیرخستنەوەیەکە بۆ درۆکردن.

تازە تا قووڵترین ڕەگی دڵی گومانی لەوە هەیە نەوزاد باوکێتی، ئەو ڕەنگە کوڕی وەزیرەکە بێ، ئەو وەزیرەی

هێندەی ڕقی ئادەم لە شەیتان حاجی ڕقی لێیەتی. من نەمدەتوانی بۆی دووبارە بکەمەوە کە لە باوکمانم بیستووە باسی تەنها پێنج ساڵ ڕێککەوتنی پڕ شەرمەزاریی خۆیو ژنەکەی کردووە بۆیە منیشو حاجیش کوڕی ئەو باوکەینو تەنانەت لانەش بۆی نییە گومانی وا لە خۆی بکات. باسکردنی ئەو شتە هەموو شتەکانی دیکەی بیردەخستمەوە، پێویستیش ناکات باسی بکەمەوە چونکە حاجی لەبیرینەچووە تا بیریبخەمەوە، پێویستیش ناکات باسی بکەمەوە چونکە لەو گومانە بەهێزتر نییە کە چۆتە دڵییەوە. پێنج ساڵی ڕێککەوتنەکە بەڵگەن بۆ ئەو پێنج ساڵە بەڵام کێ دەیسەلمێنێ دایکی پێش ئەو پێنج ساڵە کەسی نەناسیوە. کەواتە پرسیارەکەی حاجی لەڕوانگەی گومانەکانییەوە زۆر ڕاستە: ئەگەر نەوزاد باوکی نەبێ ئەی بۆچی باوکێتی؟

حاجی ببوو بە دوو کەرتەوە، دیاریش بوو لەکۆتاییدا کەرتێکی دەکەوێو دەمرێو ئەوەی تری دەمێنێتەوەو دەڕوات.. لەم ماڵە دەڕوات، ئەو کەرتەش کە دەمێنێتەوە شێواوە، پڕ ئازارە. حاجی سەرەتا باسی دەرنەچوونی لە قوتابخانە نەکرد چونکە دەرنەچوون ئەنجامێکی چاوەڕێکراو بوو بۆ کوڕێکی بریندار لە قوتابخانە دوورکەوتۆتەوە. ئەمڕۆ بیانووی دەرنەچوونی هێنایەوە، بەڵام بیانووەکەی ڕاست نەبوو بۆیە هەمووی چەند خولەکێك ژیا ئینجا حاجی لەوە بەهێزتری وت. حاجی پاش ئەوەی سەیری بنمیچی ژوورەکەمانی کردو بەدڵ قسەی لەگەڵ تارماییەکانی چۆلەکەکانی کرد کتوپڕ وتی:

—سەیری سکی دایکت خۆت کرد؟

نەمزانی چی دەڵێ، وەکو دەنگدانەوەش خۆی وەڵامی خۆی دایەوە:

—سکی دایکتان بەرز بووە. دەمێکە دایکت جلی فشی خۆی لەبەر خۆی دەکات تا سکی خۆی داپۆشێ.

ئەو قسەیە یانی چی؟ وەکو کەسێکم لێهات دیوێك هاتۆتە بەردەمیو خستوویەتییە لەرزەی ترس بەڵام بە هاوڕێکەی دەڵێ تەماشای ئەم دێوە بکە چەند جوانە. دەنگم لەرزی:

—بەڵێ دەمێکە بینیومە بەڵام قەیدی چییە؟ لەجیاتی سیان دەبینە چوار منداڵ.

یەکەم جارم بوو زەردەخەنەی لاقرتێی ئەو مرۆڤە وڕە ببینم:

—چوار منداڵ؟ ئەی ئەگەر باوکی ئەو منداڵانە کە ژمارەکەیان سێیە باوکی ئەو منداڵە نییە کە ژمارەکەی چوارە ئەی بۆچی باوکێتیو کە دێتە دەرەوە دایکی نایبات بۆ لای باوکی خۆی کە لەو ماڵە نییەو ئەو باوکێتی؟

تازە هیچم بۆ ناکرێت، حاجی بۆتە یەك پارچە گومان، حاجی بڕیاری داوە. ئەوسا باوکەکەی باوکی بوو و پاڵەوانیشی بوو، کارەساتی گەورەش ئەو ڕۆژە بوو کە تۆوی گومان شوێنی خۆی لەدڵیدا کردەوە، ئەوەتاش گومانێکی تر لەو دۆڵە قووڵە تاریکە پڕ ناڵەیەوە دەرچووە. دایکی منداڵێکی تری دەبێ نەوزادیش هیچ ناڵێ، کەواتە لای ئەو نەوزادە شتێکی ئاساییە ژنەکەی منداڵێکی تری دەبێ کە نازانێ ئەو باوکێتی یان وەزیرەکە یان هەر شەیتانێکی تر.

ئێستاش حاجیو جانتاکەی خەریکن ئەو ژوورە جێبهێڵن. من بێدەسەڵات وەستابووم، هیچم بۆ نەدەکرا، درۆشم بۆ نەدەکرا، درۆیەك بۆ هێشتنەوەی کاکەم، تەنها توانیم تکایەکی گریاوی لێبکەم کە جێمنەهێڵێ:

—ئەی من؟ من تەنیا بم؟

وەڵامەکەی زەردەخەنەیەك بۆ ئەو خەفەتە بچووکەمو هەڵگرتنی جانتاکەی بۆ دەرەوە بوو.

حاجیو جانتاکەی گەیشتنە دەرگای دەرەوە. دەرگاکەی کردەوەو لەناویدا وەستا، ئێستا نیوەی لەناو ماڵەکەدایەو نیوەکەی تری لە کۆڵان. دەستیم گرت بەڵکو گەرمیی دەستم پەشیمانی بکاتەوە بەڵام ئەو تەماشای درەختەکانی حەوشەکەی دەکرد، سەیری چۆلەکەکانی سەر درەختەکانی دەکرد، سێبەری زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی بوو وەك بە چۆلەکەکان بڵێ کەمێك چاوەڕێ بن وا دەگەمە لاتان.

—تۆ لەخاڵت دەچی، تۆ کوڕی باوکی خۆتی... چۆن پاڵەوانەکەت جێدەهێڵی؟

ئەوەم وتو حاجی بیستی، بەڵام هەر تەماشای درەختەکانی دەکرد، وەڵامی دامەوە:

—ئەوسا پاڵەوانی من بوو، کە تووڕە دەبوو بۆ ئەو خەفەتم بوو، کە لێی دەدام بۆ ئەو گریانم بوو. لەدڵمدا دەپاڕامەوە: پاڵەوانەکەم لێم مەدە، پاڵەوانەکەم لێم مەدە، حەز دەکەم گەورەتر بی لەو تووڕەبوونە... بەڵام ئێستا ... ئێستا نازانم باوکمە یان ناباوکمە. دەبێ پاڵەوانی من باوکی من بێ نەك ناباوکم بێ.

ڕەنگە ڕاست بکات، بەڵام هێشتا دایکمان هەیە:

—ئەی دایکت؟ بەزەییت بەدایکتا نایەتەوە؟ حەز دەکەی خەفەت بیکوژێ؟ ئەمجارە بڕۆیتەوە بەخەفەت دەمرێ.

دەنگی حاجی پڕ بوو لە سۆزو زەردەخەنەکەیم بینی، وابزانم بریسکەی فرمێسکێکیش لە چاویدا:

—توانا.. هەموو ڕۆژێك دایکی من بۆ من ماچ بکە، بە دایکی من بڵێ حاجی لە تۆ خۆش بوو، لە ئیشی تۆ خۆش بوو، لە درۆی تۆ، لە درۆی تۆ کە هەموو جارێك بە حاجیت وتبوو ئاگات لە کچەکان بێ، حاجی لە تۆ خۆش بوو، حاجی دایکی خۆشدەوێ.. ئەوە بەو بڵێ.

ملوانکەیەکی لە گرفانی دەرهێنا شتێکی خڕی پێوەکرابوو:

—ئەوسا دڵی هەموومان خۆش بوو، ئەوان دڵیان خۆش بوو بە ئیشی خراپی ئەوانو ئێمە بە منداڵیی ئێمە، پێش ئەوەی ئەو شتانە لە ئێمە ڕووبدات ئەم ملوانکەیەم کڕیوە. ویستم دیاری بێ بۆ دایکم، لەم دیوە پیاوەکەی بازاڕ نووسیویەتی (ئاشنا)و لەم دیو نووسیویەتی (ئالان)... بیدە بەو و بڵێ حاجی دەڵێ دایە ببوورە لە حاجی دیارییەکە زۆر دواکەوت.. زۆر دواکەوت.

دەستم بۆ ملوانکەکە درێژ نەکردەوە، حاجی ئەوەی بینیو خستییە گرفانم. جانتاکەی هەڵگرتو پشتی تێکردم، قاچەکەی تری کە تا ئەو ساتە لە حەوشەکەدا بوو خستییە ناو کۆڵانەکەو ئێستا هەموو لەشی لە دەرەوەی ماڵەکەمانە. هیچی نەوتو چەند هەنگاوێك بەناو کۆڵانەکەدا ڕۆشتو دڵم زیاتر گوشرا، دەمم کردەوەو ویستم بگریمو بڵێم مەڕۆ، دەمم کراوە بوو بەڵام هاوارەکە لەناوەوەمدا گیری خواردبوو، لەناخدا هاوارم دەکرد: مەڕۆ! مەڕۆ! دەگریامو ئەو دووردەکەوتەوەو پشتی لێم بوو، جارێکی تر وێنەکەیم هاتە پێش چاو:

پاش دەیان ساڵ دێتەوە، دێتەوەو دەیبینمەوە، پیر بووەو پشتی کۆم بووەو ڕیشێکی کورتی سپیی هەیە، نە ژنی هەیەو نە منداڵ، بەتەنیا بە جانتاکەیەوە لە دەرگای ماڵەکەمان دەداو دەپرسێ: باوکمو دایکم ماون؟ نەخێر ئالان گیان نەخێر، دەمێکە نەماون.. دوای تۆ بەخەفەتەوە ژیان، بەخەفەتیشەوە مردن، ئەو سەر کزدەکاتو دەڵێ: بمبەرە سەر گۆڕەکەیان، دەمەوێ بچمە سەر گۆڕەکەیانو بۆنی خۆڵەکەی سەری بکەمو فرمێسك بەسەر کێلەکەی برێژم، پێیان بڵێم لێم خۆش بن بەڵکو لەژێر خۆڵەوە بمبیستنو بڵێن ئالان گیان تۆ هەر کوڕە خۆشەویستەکەی خۆمانی. ئالانی پیرەمێرد ئەوە دەڵێو بە قۆڵی کراسە کۆنەکەی فرمێسکەکانی دەسڕێ، لانەش ئەو کاتە ژنێکەو

چەند منداڵێکی هەیە، لانە دەنگی دەرگاکە دەبیستیٚو کە دەبینیٚ دواکەوتم دێتە حەوشە، نایناسێتەوەو دەپرسیٚ: توانا بۆچی ئەوەندە لەگەڵ ئەو سواڵکەرە پیرە وەستاوی؟ پارەیەکی بدەریٚو وەرەوە ژوور، منیش دەگریمو دەڵێم لانە گیان ئەمە سواڵکەر نییە، ئەمە ئالان، کاکە ئالانە، ئەمە حاجییە.. حاجی لەقلەقەکەی خۆمانە، دوور ڕۆیشتو ئێستا دڵی بۆمان لێداوەو گەڕاوەتەوە.

نا ئالان گیان نا! مەڕۆ، مەڕۆ، دایکت وباوکت تۆیان دەویٚ! دایکت وباوکت تۆیان دەویٚ! بەڵام حاجی دوورکەوتو دوورکەوت، دوایی لەپشت گۆشەی کۆڵانە دووردرێژەکە دیار نەما. حاجی ڕۆشت... ڕۆشت.

* * * * *

نەمزانی چەند وا لەشوێنی خۆمدا مامەوە... زۆر مامەوە چونکە دایکم وریای کردمەوە، دایکم بینیمی لەناو دەرگاکەدا وەستاومو چاوم پڕ فرمێسکەو دەمم کراوەتەوەو دەمەویٚ بگریمو هاوار بکەم. دیارە دڵی هەواڵە ناخۆشەکەی پیٚ وتبوو، بە دوو دەستی سەری گرتمو بەقورگێکی نووساوەوە هاواری کرد:

—توانا! ئالان؟ ئالان؟ چیی لێهات؟

بەوڕی تەماشام کرد، وامزانی ئەو دواڕۆژەیە کە لەبەر چاومدا دەهاتو دەڕۆشتو تێیدا ئالانم بە پیری دەبینیو دایکیو باوکی دەمێك بوو لەناو گۆڕدان، تەماشای دایکمم کردو وامدەزانی لە گۆڕ هاتۆتە دەرەوە، بیستوویەتی ئالان گەڕاوەتەوەو لە گۆڕ هاتۆتە دەرەوە بۆ بینینی.

دایکم توند ڕایوەشاندمو هۆشی بۆ گەڕانمەوە، ڕۆشتنی پێش ماوەیەکی حاجیم بیرکەوتەوە، ئینجا توند باوەشم پیاکردو گریانەکەم دەرچوو، سەد ساڵ بوو نەگریابووم:

—ئالان ڕۆشت، ئالان ڕۆشتو ئیتر ناگەڕێتەوە.

نەمزانی دایکم چۆن کەوت، لەنێوان دوو دەستمەوە خزاو کەوتە سەر زەوی، نەمتوانی فریای بکەوم، نەمتوانی بیهێنمەوە هۆش خۆی، نەمتوانی ڕقم لێی بیٚ، نەمتوانی خۆشمنەویٚو لێی خۆش نەبم. کتوپڕیش تووڕەیی هێرشی بۆ بردم، تووڕەیی لە چۆلەکەکانی ئالان، چوومە ناو باخەکەو بەدوای بەردو چەودا گەڕام، بەردم هەڵگرتو گرتمە درەختەکان، بەردم دەگرتە چۆلەکەکانو هاوارم دەکرد:

—هەمووی خەتای ئێوەیە، هەمووی خەتای ئێوەیە، بۆ واز لە براکەم ناهێنن، بۆ وازی لێناهێنن، بۆ وازی لێناهێنن وەکو من سەر شۆڕ بکاتو هەموو شتێك قبووڵ بکات.

٢٨

دیسانەوە وێنەکانی حاجی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە، دیسانەوەش ئەو وێنانە لەسەر دیوارەکاندا هەڵواسران، وەکو جارەکەی تریش ئاگادارییەك لەسەریان نووسرا کە کوڕێکی تەمەن ئەوەندە، باڵا بەرزو پۆشاك ئاواو ئاوا ناوی ئالانەو لەماڵ دەرچووەوەو نەگەڕاوەتەوە، باری دەروونی نائاساییە، ئەمەش ژمارەی تەلەفۆنەکەمانە بۆ هەرکەسێك زانیاریی لەبارەوە هەبیٚ.

سکی دایکم گەیشتە کۆتایی بەرزبوونەوەی‌و نزیکە منداڵەکەی ئەم دنیایە ببینێ. لانە جارێك بۆ ئـالان دەگریـاو جارێك بە کورپەلەکەی سکی دایکی دەوت زوو بێتە دەرەوەو ئەو دیارییانە ببینێ کە بـۆی ئامـادەکردوون. گـوێی بەسکی دایکییەوە دەناو دەیویست گوێ لە قیژەو پێکەنینی منداڵەکە بێ، جاریش بووە دەمی بەسکی دایکییەوە دەناو حیکایەتی ئەو حاجی لەقەلەقەی بـۆ دەگێڕایـەوە کـە ڕۆشـتو ئـەو چـاوەڕوانە وەکـو حیکایـەتی منـداڵانی وڵاتەکانی تر بەدیارییەکەوە بێتەوە، دیارییەکەش کۆرپەلەیەکە لەناو قوماشێکی سپیدا بە دەنـووك هـەڵیگرتووە. دایکم گوێی لەو قسانە دەبوو و خەفەتی پەنگخواردووی دڵـی سـەری بـەلای ڕاسـتو چـەپدا دەجووڵانـد، زۆر جـار دەگریا، زۆر جار دڵۆپە فرمێسکەکانی بەسەر لانەدا دەتکان. لانە سەری بەرز دەکردەوەو دەیپرسی:

–دایە بۆچی دەگری؟ منداڵەکە لەسکتدا هاروهاجی دەکات؟

جارێکی تر دەمی بەسکی دایکییەوە دەناو قسەی بۆ منداڵەکە دەکرد:

–بەبە جوانەکە خێرا وەرە دەرەوە با حاجی لەقەلەقەکـە بتهێنێ‌و بێتـەوە. ئەگـەر نایـەی مـن کاغـەزێکی بـۆ دەنووسم.

ئینجا بە منداڵەکە دەڵێ ئێمە کێین:

–ئەو حاجی لەقەلەقە ناوی ئالانە برای گەورەمانەو ڕۆشتووە، باوکت ناوی نەوزادەو دایکت ناوی ئاشنایە، من ناوم لانەیەو دەرچووم بۆ دوو، کاکەشم ناوی توانایەو دەرچووە بۆ هیچ.

خۆشیی ئەو منداڵە لانەی کردبووە هۆی خەفەتی هەموو ڕۆژێکی دایکم. ڕۆژەکانیش تێپەڕین‌و خەریکە منداڵەکە بە زریکەو گریانەوە دێتە ناو ئەم دنیایەمان.

لەکۆتاییشدا منداڵەکە هات، لەناو گریانی خۆی‌و دایکیدا هات. قوتابخانە کرابـووەوە، قوتابخانـە بـەبێ حـاجی کرابووەوە.

دایکم شەو بەپەلە بۆ نەخۆشخانە برا، پوورم نەیویست لەگەڵیدا بڕوات، بەڵام نەشیویست بەتەواوەتی پشـتمان تێبکات، ئەو شەوە لەماڵی خۆماندا لای لانە مایەوە. من‌و باوکم بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی نەخۆشخانەکە لەنزیك ژووری منداڵبوون چاوەڕێمان دەکرد، دڵمان بەو منداڵە خۆش نەبوو و هەموو دوعایەکمان بۆ دایکی بوو، لەژیانیشما باوکمم وا خەفەتبار نەبینیبوو، خەفەت هێندەی بۆ هێنا ویستی دەموچاوی خۆیم لێ بشارێتەوە، پشـتم تێکـرد تـا ڕێگەی پێبدەم بەر بۆ هەستەکانی بەرەڵا بکات، ئەویش ڕوویکردە دیواری داڵانەکەو دەموچاوی پێوە نووساند.

گوێمان لە هاواری دایکم بوو، کەمتر هاواری ئازار، زۆرتر هاواری گریان. پاش چاوەڕێکردنیش لەجۆری چاوەڕێی حسابی ڕۆژی قیامەت کە بیستبووم هەزاران ساڵ دەخایەنێ گوێمان لە قیژەی منداڵەکە بـوو، منداڵەکـە قیژانـدی‌و دایکم ڕزگاری بوو، بەڵام هێشتا دەگریاو هاواری دەکرد، بەگریانەوە هاوارێکی بـۆ حـاجی کـرد، لـەدوای قریشـکەی کۆرپەلەکە بەگریانەوە هاوارێکی درێژی کرد: حاجیییییی.

گوێم لە دەنگی ئافرەتێکی خزمی خۆمان بوو بەدزیی دایکمەوە پێدەکەنی‌و دەیوت ئەو منداڵە چەند ناشیرینە، هەر دەڵێی ئالانە بەڵام ڕوومەتەکانی قوپاوترن.

وابـزانم یەکـەم منـداڵی جیهـانم هێنـدە لای ژووری منـداڵبوون بمێنێتـەوە، فەراشـەکانیش ئـەوەیان زانـی بۆیـە شەقێکیان بۆ ماڵەوە تێهەڵدامو وتیـان شـەو درەنگـە بچـۆرەوە مـاڵ. مێـردی پـوورم منـی بـردەوە ماڵـەوە. لـە

سەیارەکەی دابەزیمو چاوەڕێی کرد لە دەرگا بدەمو دەرگام بۆ بکرێتەوەو بچمە ژوورەوە. لەدەرگام نەداو بەیادی جارانەوە بەسەر دیوارەکەدا هەڵگەڕامو خۆم خستە حەوشەکە، مێردی پوورم لێیخوڕییەوەو پێش دەرچوونی گوێم لێ بوو سەرسوڕمانی خۆی لە ئیشەکانی ئەو خێزانە سەیرە دەردەبڕی.

ماڵەکەمان خامۆش بوو، بێدەنگ بوو، پاش هاوارو گریانی دایکمو قریشکەی منداڵەکەو دەنگی سەیارەی مێردی پوورم لەپڕ هەموو شتێك بێدەنگ بوو.

چوومە هۆڵە خامۆشەکەو بینیم پوورم لەسەر کورسییەکە دانیشتووەو هەردوو دەستی خستۆتە سەری مێزەکەی بەردەمی، سەری لەناوی ئەو دوو دەستەی ون کردووە، نوستووە یان بیردەکاتەوە؟ لە دیمەنی دایکم دەچوو شەوی گرتێبەردانی ماڵی وەزیر.

لانە لەسەر زەویی هۆڵەکەدا نوستبوو، وەکو هەموو جارێکی تر بەدەما کەوتبوو، قاچێکی درێژ کردبووەوەو قاچەکەی تری نوشتاندبوو، دوو دەستی بە نوشتاوی بۆ پێشەوە بردبوو، وەکو بۆقێك بوو مەلەی دەکرد. لای سەری لانەوە دەفتەری وێنە بوو، قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکانیشی لەتەنیشتیدا پەرشوبڵاوببوون، دەستم دایە دەفتەری وێنەکەو ئەو وێنانەم بینی کە پیش نوستن کردبوونی، وێنەکانی بۆ قوتابخانە کردبوو.

دەفتەری وێنەی لانە هێندەی تر خەفەتباری کردم. بینیم وێنەی حاجی لەقلەقی کردووە بەپێوە وەستاوەو قاچێکی نوشتاندووە، دەموچاوی حاجی لەقلەقەکە دەموچاوی ئالان بوو، دەموچاوێکی درێژو باریك، قژیشی لەناوەڕاستدا بە دوو لای ڕاستو چەپدا جیاببووەوە. وێنەی چەند کەسێك بەبچووکی کرابوون، دیار بوو خۆیو خۆمو دایکمانو باوکمان بوو. منداڵێکی بچووکیش لەناو قوماشێکی سپیدا بوو. لانە لەتەنیشت ئەو منداڵەدا ڕستەیەکی نووسیبوو و خەتێکی لاری لەو ڕستەیەوە بۆ سەری منداڵەکە درێژکردبوو گوایە ئەوە قسە دەکات: ((کاکە حاجی گیان خێرا وەرەوە، من پێش تۆ گەیشتم)).

بەسووکی دەستم دا لە شانی پوورم. بەهێواشی سەری بەرزکردەوەو وتی:

—تەلەفۆنم بۆ باوکت کردو وەڵامی نەبوو.

پێم وت:

—تەواو بوو، کوڕ بوو یان کچ، نازانم، تەنها ئەوە دەزانم منداڵەکەی بوو.

بەیانی زوو لەماڵ دەرچووم. هێشتا نیو سەعات بۆ یەکەم وانە مابوو، وتم کات دەبەمە سەرو لە کۆڵانێکی ترەوە دەڕۆم، خۆزگەش نەڕۆشتمایە. لەو کۆڵانەدا وێنەکەی کاکەم بینی لەگەڵ ئاگادارییەکە؛ وێنەی دەموچاوی، دەموچاوێکی درێژو باریك، دوو گوپی بۆ ناوەوە قوپاون، قژ لەناوەڕاستدا بەلای ڕاستو چەپدا بۆتە دوو بەش، لەگەڵ زەردەخەنەیەکی بچووکی کەسێکی وڕ. ئەو خەڵکەی وێنەکەی دەبیننو ئاگادارییەکە دەخوێننەوە وا دەزانن شێتێکەو لەماڵ هەڵهاتووە، لەڕقا دەستم دایە وێنەکەو لێمکردەوە، بەتووڕەییەوە لەتوپەتم کرد، دوو گەنج لەپشتەوە دەڕۆشتنو چاویان لێبوو، بێئەوەی ئاوڕم لێبدەنەوە ئەو دوو بێئاگایە گاڵتەیان پێکردم:

—دیارە پاڵێوراوی حزبەکەی ترەو لە هەڵبژاردن موونافەسەی دەکات.

کاغەزە دڕاوەکەم هێشتا لەناو دەستدا بوو، توندو بەڕقەوە بۆ ئەو شوێنە هەڵمدا کە دوو گەنجەکە ڕوویان تێکردبوو، هاوارم کرد بەڵام ئەوان دوورکەوتبوون:

–حاجی لەئێوە پیاوترە.. لەئێوەو لە باوکتان پیاوترە، ئێوە قبووڵی دەکەن، ئێوە هەموو شتێك قبووڵ دەکەنو دەمێننەوە، بەڵام ئەو قبووڵی نەکردو ڕۆشت.

لەبەینی ددانەکانیشمەوە لەوە خراپترم پێ وتن: ((بێئەخلاقینە)). ئەوەی بەسەرما هاتبوو فێری کردبووم ئەخلاق، یان ڕاستتر بێئەخلاقی، هەر ئەوە نییە کە دوو گەورەی ماڵەکەمانو شیرین خانو وەزیرەکەیان دەیانکرد. ئەوە تەنها یەك ڕەفتار بوو لەناو هەزاران.. درۆکردن یەکێکە لە بێئەخلاقییە گەورەکان.. قبووڵکردنی هەڵەش یەکێکی ترە. لای من ئەو دوو گەنجە هەرچی هەڵەکانی کۆمەڵگەکەیان پێ قبووڵ بوو، بەوانەی ناوخێزانی خۆشیان، حاجی لای من بەئەخلاقترین کەس بوو.. زۆر لەخۆشم زیاتر.

لەقوتابخانە ئاگام لە وانەکان نەبوو، تەماشای دەرگای پۆلەکەم دەکردو بیرم لە ڕووداوەکان دەکردەوە، ئەو ڕووداوانەی قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات ئێمەی منداڵ تووشیان ببین، بیرمدەکردەوە ئەوسا حاجی لە پۆلێکی تردا دادەنیشتو گوێی بۆ مامۆستا دەگرت یان تەماشای پەنجەرەکەی دەکرد بەڵکو چۆلەکەیەك لە ئاسماندا ببینێ.

وامدەزانی هێشتا حاجی لەو پۆلەدایە، پاش کەمێکیش کە زەنگی پشوو لێدەدرێ دەچمە دەرەوەو دەیبینم، کەمێك قسەی لەگەڵدا دەکەم، دوایی بۆ لای هاوڕێکانم ڕادەکەم، شەڕەشەقیان لەگەڵیان دەکەمو باسی مۆبایلو پلەیستەیشنو یاریی تازەیان بۆ دەکەم.

دەستم کردە ناو جانتاکەمو بەدزیی مامۆستاوە کردمەوە. کاغەزێکی گەورەم دەرهێنا، کاغەزەکەی دەفتەری وێنەی لانە بوو کە وێنەی حاجیو خۆمانی لەسەر بوو، بەدزیی لانە لێمکردبووەوە. خستمە سەر مێزی بەرامبەرم، تەماشام کردو نووسینەکەیم خوێندەوە؛ منداڵە تازەکەیە بە حاجی دەڵێ: ((کاکە حاجی گیان خێرا وەرەوە، من پێش تۆ گەیشتم)). تەماشای وێنەکەم کردو جارێکی تەماشام کردەوە، دە جار نووسینەکەی سەریشیم خوێندەوە، لەکۆتاییشدا کە زەنگی پشوو لێیدا بەقەڵەمی خۆم لەسەرم نووسی:

((منیش چاوەڕێتم حاجی گیان.. وەرەوە ! وەرەوە ! گەورەکان نەگۆڕاونو هەر درۆی خۆیان دەکەن، دوو گەورەی ماڵەکەشمان دەڵێن لەمڕۆوە درۆی تر ناکەن، حاجی گیان وەرەوە، ئیتر منداڵە تازەکە وەکو ئێمە لەناو درۆدا گەورە نابێ)).